# کافکا

نووسینی
سادقی هیدایەت
یوسف حاجی میرزایی

وەرگێڕانی
محەمەد کەریم

سلێمانی ........................... ٢٠٠٢

سەرپەرشتیاری زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# کافکا

نووسینی: سادقی هیدایەت، یوسف حاجی میرزایی
وەرگێڕانی: محەمەد کەریم
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: تاڤگە فائق
هەڵەچنی چاپ: ناسک عەزیز
ژمارەی سپاردن: ٤١٤ی ٢٠٠٢

زنجیرەی کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٢٢)
www.sardam.org



کافکا

# پەیامی کافکا

## نووسینی: سادقی هیدایەت

چەند نووسەرێکی دەگمەن هەن کە بۆ یەکەمجار شێوازو فیکرو بابەتێکی نوێ دەهێننە ئاراوە، بەتایبەتی مەعنایەکی تازە بۆ ژیان دەهێنن کە بەر لەوان بوونی نەبووە-کافکا بەیەکێك لەهونەرمەند ترین نووسەرانی ئەم دەستەیە لەقەڵەم دەدرێت.

ئەو خوێنەرەی کە لەگەڵ دنیای کافکادا سەرو کار پەیدا دەکات، لەکاتێکدا کە تێك شکاوەو حەپەساوە، بەرەو لای کافکا بەکێش دەکرێ: هەر کە چووە ناو دنیاکەیەوە، لەژیانی خۆیدا هەست بەکاریگەرییەکەی دەکاتو پەی بەوە دەبات کە دنیا ئەوەندەش ئاڵۆزکاو نەبووە. کافکا دەربارەی دنیایەك قسەمان بۆ دەکات کە تاریكو تێکچڕژاو دیارە، بەجۆرێك کە لەهەنگاوی یەکەمدا ناتوانین بەپێوەرەکانی خۆمان هەڵیبسەنگێنین. تیایدا باس لەچی دەکرێت، بێ پایانی؟ خودا؟ جنو پەری؟ نەخێر، ئەم قسانە لەئارادا نین. بابەتە زۆر سادەو

فـــەرامۆش کراوەکـــانی ژیـــانی رۆژانـــەی خۆمـــان لەئارادان: رووبەڕووی کەسانی ئاسایی‌و کارمـەندانی فەرمانگـە دەبینـەوە کـە هـەمان دودڵـی‌و گرفتـاری‌و کێشەی خۆمانیان هەیە، بەزمانی ئێمە قسە دەکـەن‌و هەموو شتەکان بەڕەوتی ئاسایی خۆیاندا ڕێ دەکـەن. بـــەڵام، لـــەناکاو هەســـتێکی نیگـــەرانی هێنـــەر بـەرۆکماندەگرێ! هـەموو ئـەو شـتانەی کـە بـەلای ئێمەوە جدی‌و لۆجیکی‌و ئاسایی بـوون، بەیـەکجاری مەعنای خۆیان ون دەکەن، میلی سـەعات بـەجۆرێکی دیکە دەکەوێتە کار، ماوەکـان لەگـەڵ پێـوەری ئێمـەدا نایەنەوە، هەوا کەم دەبێ تەنگە نەفـەس دەبـین ئایـا لەبـەر ئەوەیـە کـە لۆجیکـی نی‌یـە؟ بەپێچەوانـەوە هەموو شتێك دەلیل‌و بەڵگەی هەیە، جۆری بەڵگەکـە لنگەوقوچـە، لۆجیکێکی جڵـەو بـۆ شـل کـراوە کـە نـاکرێ بـــەری لێ بگـیرێ. بـەڵام لەبـەر ئەوەیـە کـە دەبینین هەموو ئەو مرۆڤە ئاسایی‌یە شەرمنانەی کە لـەکارەکانی خۆیـاندا ورد بـوون‌و لەگـەڵ ئێمـەدا هـاودەرد بـوون‌و وەکـو ئێمـە بیریـان دەکـردەوە، هـەموویان کـارگوزارو پشـتیوانی (پـوچ)ن. چـەند ئـامێرێکی ئۆتۆمـاتیکی بەدبـەختن کـە کارەکانیـان هەرچەندە جدی ترو گرنـگ تربـن، پێکـەنیناوی تـر خـۆی دەنوێنـێ، کـاری رۆژانـەو ئـەنجامدانی ئـەرك‌و

راکــەڕاكو هــەموو ئـــەو شـــتانەی کـــە خۆمـــان پێوەگرتبوو بەلامانەوە کاروبارێکی ئاسایین، لەسایەی قەڵەمەکەی کافکادا مەعنایــەکی پێکـەنیناوی‌و پـوچ‌و هەندێ جار ترسناك لەخۆیان دەگرن.

مـرۆڤ، تـاك‌و تـەنیاو بێ‌پشـت‌و پەنایـەو لەســەر زەمینێکی نالەبارو گومناودا دەژی کە نیشتمانی ئـەو نی‌یـە. ناتوانـێ لەگــەڵ هیــچ کەســێکدا پــەیوەندی‌و خۆشەویستی هەبێ، خۆشی دەزانێت، چونکە لەنیگاو روخســـاریدا دەخوێنرێتـــەوە. دەیـــەوێت شـــتێك بشارێتەوە، بەزۆر جێگای خۆی بکاتـەوە، گریمـان کـە لەپچەی دەستی دەکرێتــەوە، دەزانێـت شـتێکی زیـادە. هـەتا لـەبیروکردارو رەفتاریشیدا ئـازاد نی‌یـە، شــەرم لەخەڵك دەکات، دەیــەوێ خـۆی تـەبرێ بکـات. بەڵگـە دادەتاشـێ، لەبەڵگەیەکـەوە ڕادەکـات بـۆ بەڵگەیــەکی دیکــە. بــەڵام دیلــی بەڵگەکــەی خۆیـــەتی، چونکـــە نـــاتوانێت پـــێ لـــەو تەنافـــە بەرێتـــە دەرەوە کــــە بەدەوریدا راکێشراوە.

گومناوێکین لەدنیایەکدا کە داوێکـی بێ‌شـوماریان لەبەردەمماندا ناوەتـەوەو رووبەڕووبونـەوەمان تـەنیا لەگەڵ پووچدایـە. ئەمـە دەبێتـە سـەرچاوەی تـرس‌و لـەرز. لـەم سـەرزەمینە نامۆیــەدا رووبــەڕووی شــارو خــەڵك‌و وڵاتــان‌و جــاری وایــە رووبـــەڕووی ژنێــك

دەبینــەوە. بـەڵام دەبـێ سـەر دابخـەینو بـەو داڵانــەدا تێپەڕین کە تیــایدا گیرمـان خـواردووە؛ چونکـە لـەدو لاوە دیوارەو لەو شـوێنەدا دەشـێ لەهـەر کـاتێکدا بـێ پێشمان لێبگـرنو بگـیرێین، چونکـە مەحکومیـەتێکی سـەرداخراو بەشـوێنمانەوەیەو ئـەو یاسـایانە نـازانین کـە لـەدەورمانو کەسـێکیش نـیـە کـە ڕێنماییمـان بکات. دەبـێ خۆمـان بەشـوێن کـاری خۆمـاندا بچین. پـەنا بـۆ هـەر کەسـێ ببـەین لێمـان دەپرسـێت: (تۆیت؟)و بەڕێگـەی خـۆیدا دەڕوات کەواتـە ئێمـە مەتـەڵێکمان لەبەردەمدایـە کـە نـایزانینو یـان بەشێوەیەکی نادیـار لێی ئاگادارین: ئەمـەش گونـاهی بوونـی ئێمەیـە.. هـەر کـە هاتینـە دنیـاوە لەبـەردەم دادوەرێکـدا خۆمـان دەبینینـەوەو سەرانسـەری ژیـانی ئێمە وەکو داوێکی کـابوس وایـە کـە لـەناو دانـەکانی پێچکـەی داوەریـدا دەخولێتـەوە. دواجـار ڕووبـەڕووی توندترین سزا دەبینەوەو لەنیوەی ڕۆژێکی خەفـەدا، ئـەو کەسـەی کـە بـەناوی یاسـاوە بـەندی کردبووین، کێردێك دەکات بەدڵماندا و وەکو سەگ ئەتۆپین.

جەللاد و قوربـانی هـەردوکیان بـێدەنگن - ئەمـە نیشـانەی ڕۆژگـاری ئێمەیـە کـە کارەکتـەرێکی نـیـەو وەکـو یاسـاکەی ناکــەسو دڵ ڕەقانەیـە. هەرچـەندە دیمەنەکـە تـەواو ترسـناکە، بـەڵام خوێنیـش لـەدڵمان

ناچۆڕێ. شوێنی زامی شمشێریش لەپشت گەردنەوە بەسەختی دەبینرێ. دڵەڕاوکێ تاکە ڕێگای هەڵاتنە بۆ مرۆڤ ئەمڕۆ کە لەسەرانسەری ژیانیدا دوچاری دڵەڕاوکێو تەنگە نەفەسی بووە.

سەرهەڵدانی ئەم بەرهەمە دڵەڕاوکێ هێنەرە لەسەرەتای جەنگی دوایدا "جەنگی دووەمی جیهانی"، ئەنگێزەی جدی تری پەرێشانی ئەدەبی لەبەردەمدا بوو. دەبێ ئەوە قبوڵ بکرێ کە خواستێکی قوڵتر لەئارابوو. کافکا خەڵکی فریو دەداو دەیترساند. کاتێك ئەم جۆرە بەرهەمە ڕۆشنایی بینی کە هەڕەشەو پەرێشانیی بێپایان خۆی کرد بوو بەناو فیکردا. لەناکاو کافکا وەکو سیستمێکی شوومو نائاسایی سەری هەڵدا. لەم جۆرە بەرهەمەدا دڵەڕاوکێیەك بەسیمای دژوارەوە دەبینراو نیگای نائومێدانەی تەئیدی خراپترین ڕووداوی دەکرد. ئەم هونەرە وردو ناخۆشە بەبەرچاو ڕوونیەوە هۆی شەڕی ئاشکرا دەکرد، بەڵام ئامرازێکی بۆ سەرکوت کردنی بەدەستەوە نەدەدا-ئەم جۆرە بەرهەمە بریتییە لەبەوردی وەسف کردنی باری مرۆڤی ئێستا لەدنیای پڕ لەئاشووبی ئێمەدا کە کافکا بەزمانی ناخی خۆی بەشێوازێکی ترسناك بەرجەستەی کردووە. پێویستە بزانین لەبەرچی هەتا ئەم دواییە کافکا لەئەوروپا

گومناو بوو؛ چونكـه وەرگـێڕانی بەرهەمـەكانی بـەر لە(جەنگی دووەمـی جیهان) بایـەخی پێنـەدراو كـەس دوبارەی نەكردنەوە. بەڵام لەدوای چوار ساڵ بـێدەنگی وەكو ئـاگری ژێركا كـاری خـۆی كـردو بەیـەك جـار ناوبانگی جیهانی پەیدا كرد. كافكا كێ بـوو؟ لـەكوێوە هـات؟ ئـەم دەنگـە لـەكوێوە سـەرچاوەی گرتـوە كـە پەیامەكـەی لەگـەڵ ئـاوازی ئـاوارەی دنیـای ئێمـەدا دەگونجێو هاوئاهـەنگی نزیـك لەگـەڵ ژیـانی ئێسـتادا نیشـان دەدات؟ ڕەنگـە خوێنـەری ئـەوروپایی هێشـتا ئاشـنایی لەگـەڵ ئـەم جـۆرە بیركردنەوەیـەدا نـەبووبێ، چونكە ئـەو مانگەشـەوە سـاردەی كـە لەنوسـینەكانی كافكادا بەسەر حاڵەتەكاندا دەڕوانێ، ئەو ئاوازە سادەو وردەی كە كافكا بـۆ نیشـاندانی تێكچـڕژاوی ڕاسـتی (وەكـو دیویـەتی) بـەكاردەهێنێ، ئـەو پشـكنینە بـێ ڕەحمانەیـە دەكـات كـە لەدۆزینـەوەی پێویسـتی بووندایە، بەڵام بەئەنجام ناگاتو ئەو پەردە پۆشیانەی كـە لەتەشـبیهاتەكانیدا دەیهێنایـەوە ببـوو بەكۆسـپ لەبەردەم ناوبانگی گشتی ئەودا. بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئـەو كەسـانەی كـە دەركیـان بەقـەیرانی تـەواوی ئـەم دنیایـەی ئێمـە كـرد بـوو باوەشـیان بـۆ كتێبـەكانی كـردەوەو پێشـوازییان لێكـرد. جگـە لەمـەش بـەر لەجەنگی دوایی (جەنگی دووەمی جیهان_و_)، هێشتا

ئومێدێکی نادیار بەئازادیو ڕێزگرتنی مافی مرۆڤو دادپەروەریی هەبوو، هێشتا لایەنەگرانی دیکتاتۆری ڕێكو ڕاست، کۆیلایەتیيان لەجێگای ئازادیو بۆمبای ئەتۆمیان لەجێگای مافی مرۆڤو بێدادیيان لەجێگای دادپەروەری دانەنابوو، تالآنکەران نەببوون بەدڕندەو مرۆڤی زیندوو نەببوو بەمرۆڤی نیوە گیان. هەر بۆیە خەڵك لەدوای جەنگ، لەدڵی خۆیاندا هەست بەڕەنگدانەوەی ئەو دنیا پووچە دەکەن کە کافکا بەشێوەیەکی کارەسات بار وێنەی کێشاوە.

لەم دووایيەدا سەبارەت بەبیروباوەڕو قوتابخانەی فەلسەفیو کەسێتی کافکا چەندان کتێب نووسراون کە ڕاڤەو تەفسیری فراوانی بۆ کراوەو وەکو مشکێك کە خۆی بکات بەکەنیسەدا هەرای ناوەتەوە. ئەگەر هەندێك دانە کرۆژێ لەکافکا دەکەنو پێشنیازی سووتاندنی بەرهەمەکانی دەکەن، لەبەر ئەوە نییە کە کافکا دڵخۆشیو وەسیلەی رزگاریی بۆ خەڵك نەهێناوە، بەڵکو زۆربەی فێڵو فریودانەکانی نەهێشتووەو ڕێگەی گەیشتنی بە بەهەشتی درۆینەی سەر زەوی بڕیوە. چونکە پێی وایە کە ژیانی پووچو بێمایەی ئێمە ناتوانێت ئەو (بۆشاییە) بێپایانە پڕبکاتەوە کە تیایدا پەلەقاژە دەکەینو ئاسایشی ناوە ناوەی ئێمە لەبەردەم تەئیدکردنی عەدەمدا تێك

دەشکێ_ئەم گوناهە قابیلی بەخشین نییەو بۆ خۆی گەواهی لەو دڵەڕاوکێیەیە دەدات کە لەدڵی خەڵکی دوای جەنگدا دروستی کردووە. چونکە کافکا لەکەسانی دی زیاتر نائارامی زەمانەمان لێنزیك دەخاتەوە بەشێوەیەك کە ئاوازەکەی لایەنی دەست پێشخەری بەخۆیەوە دەبینێ لەدنیایەکدا کە نائارامی ئەنگێزەیەتیو دوبارە رووبەڕووی بۆتەوەو لەهەر ماوەیەکدا خەڵك بەیەکتری نامۆترن، ترس لەئینسانەکان جێگای ترسی لەخودا گرتۆتەوە_ئەم پەیامە هەرچییەك بێ، ئەو مەبەستەی کە گرنگە ئەوەیە کە دەنگێکی تازە سەری هەڵداوەو بەئاسانی کپ ناکرێ. ئەو کەسانەی کە تیلای بێدینی بۆ کافکا بەرزدەکەنەوە، چەند ئارایشکەرێکی لەش مردوون کە سووراوو سپیاو لەڕوخساری بێگیانی بتی گەورەی سەدەی بیستەم هەڵدەسوون. ئەمە ئەرکی دەرهێنەرانو کەسانی خوار مینبەری (چاخی ئاوی ئاڵتوون)ە. دەمارگیریو دیماگۆگی (خەڵك فریودان) هەمیشە کاری فێڵبازو درۆزنانە. عومەر کتێبی دەسووتانو هیتلەریش لاسایی ئەوی کردەوەو کتێبی ئاگردا. ئەمانە لایەنگری پێوەندو زنجیرو قامچیو زیندانو ئەشکەنجەو دەمبەستو چاوبەستن. نایانەوێ دنیا وەکو ئەوەی کە هەیە بەخەڵك

بناسێنن بەڵکو وەکو ئەوەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەگونجێ دەیانەوێ دنیا بەخەڵك بناسێنن و ئەدەبیاتێکیان دەوێ کەستایشی کارە خراپەکانیان بکات و ڕەش بەسپی و درۆ بەڕاست و دزی بەکاری دروست نیشان بدات، بەلاّم حسابی کافکا لەوانە جیایە. کافکا داوایەکی نەبووە، تەنها ویستوویەتی نووسەر بێ، بەلاّم رۆژنامە تایبەتەکەی کە دایناوە زیاتر لەنووسەرێك ناخیمان پێدەناسێنێ و بەرهەمی کەسێك کە ژیاوە لەوەدا ئاشکرا دەکات کە نووسیویەتی: لێرە بە دواوە ئێمە لەنووسینەکانیدا بۆ کافکا دەگەڕێین. ئەم بەرهەمەکاغەزە پەرش و بلاّوەکانی کەسێکە کە لەگەڵیدا تێکەڵ دەبن و دوبارە لەدەوری ئەو کەسە دروست دەبنەوە، لەم ڕووەوە گەواهی ژیانێکی هەڵبژاردەیە کە بەبێ ئەو هەتا هەتایە ون دەبوو. کەواتە ئەم کتێبانە زمانحاڵی نوسەرن، لەکاتێکدا کە بۆ ئەوە نووسراون کە نوسەر خۆی فەرامۆش بکات. لەو لایەنەوە کە لەهەموو چیرۆکەکانی کافکادا ڕووبەڕووی سێبەرو جمگەکانی دەبینەوەو لەسەراپای نووسینەکانیدا بەشێوەیەکی کینایە ئامێز سیفەتەکانی نووسەر بەدی دەکرێ. هەتا ئەو کاتەی دەچێتە قاڵبی گیانەوەرانیشەوە دیسان نووسینەکەی

ڕەنگدانـەوەی ژیـانی خۆیـەتی، لەبەرئـەوە ئامـاژە بـۆ کەمێك لەژیاننامەی دەکەین بۆئەوەی باشتر بتوانـین پـــەی بـــەبیروباوەڕی بـــەرین، پاشـــان کورتـــەی راوبۆچوونـــی زانایـــانی ئـــەوروپا ســـەبارەت بـــە بەرهەمـەکانی باس دەکەین.

بۆئــەوەی کــەبتوانرێ دەربــارەی بەرهەمـــەکانی کافکا حوکمی بێچەندوچون بدرێ، بـەناچاری دەبـێ ئەو رۆژگارو سـەرزەمینە لەبـەرچاوبگیرێ کـە تیـایدا ژیـاوەو تیـایدا پـەروەردە بـووە، بەرهەمـەکانی کافکـا هی پێش‌و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤ن. لـەو زەمانەدا پراگ شارێ بـووە کـە خۆرهـەڵات‌و خۆرئـاوا تیـایدا نفوزیـــان هـــەبووەو لـــەو شـــارەدا ڕەگـــەزی جۆراوجـۆر تێکـەڵ بەیـەك ببـــوون. لـــەم شـــارەدا نەتەوەو شارستانیەتەکان بەریەك کەوتبوون‌و کاریان لەیەکتری کـرد بـوو. تەنـها پـراگ دەیتوانـی کەسـێکی وەکو کافکا پەروەردە بکـات. هـەڵاتنی کافکـا لەدەسـت خزم‌و خوێشانی لەهەمان کاتدا هـەڵاتنێتی لـەپراگ‌و پچڕانی زنجیری شتە باوەکان‌و زمانە جۆراوجۆرەکـان بـووە. شـیکردنەوەو راڤــەکردنی کافکـا کـامڵ نابـێ، ئەگەر کاریگەریی دەوروبەرەکەی لەبەرچاو نـەگیرێ. کافکـــا نـــاوی بـــاوی جولەکـــەکانی دانیشـــتووی چیکوســـلوڤاکیا بـــووە لەســـەردەمی ئیمپراتۆریـــەتی

هابسبورگدا. ئـەم وشـە چیکییـە بـەماعنای (قـاژووی بچـوك) دێـتو بـاڵندەی نـاوبراو نیشـانەی شـوێنی بازرگانی بـاوکی کافکا بـووە لـەپراگ. فرانتـس کافکا رۆژی ١٨٨٣/٧/٣ لـەخێزانێکی چیکـی جولەکـە هاتــە دنیـاوەو ئەمـەش زەمانـێ بـوو کـە تـەپڵی رووخـانی ئــەوروپا لێدەدراو ئیمــپراتۆریی نەمســای هــەنگری بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو.

کافکا لەناو خـێزانێکدا پـەروەردە بـوو کـە بـاوکی بازرگـانێکی زۆردار بـوو بەدەســکەوتەکانی خۆیــەوە دەنــازیو ئــەمی لــەژێر پلــەو پایــەو هەلپەرسـتیی خۆیـدا ورد دەکــردو دایکیشـی جولەکەیـەکی جـادو پەرسـت بـوو خوشکەکانیشی کەسـانی ئاسایی بـوون. کافکا حسابی بۆ باوکی دەکردو لێی دەترسـاو هـەموو ژیانی لەژێر سایەی ترسدا لـەباوکی بەسـەر بـردووە. دوای ئەوەی کـە خوێندنـی نـاوەندیی خـۆی بـەزمانی ئەڵمانی تەواو کرد، کـەمێك لەئـەدەبیاتو پزیشـکیدا کاری کــرد. پاشـان رووی لـە(حقـوق) کـرد بـۆ ئـەوەی بتوانێ لەو رێگایەوە خۆی ژیانی دابین بکاتو لەگەڵ ئەوەشـدا لـەژیانی تایبـەتی خۆیـدا ئەوپـەڕی ئــازادی بەدەسـت بێنـێ. چـووە کۆلێــژی (حقـوق)و لەسـاڵی ١٩٠٦دا لەزانکۆی پراگ لـەحقوقدا دکتـۆرای وەرگـرت. هەرچـەندە لـەژیاندا ئـەم بـوارەی نــەکرد بەپیشـەی

خـــۆی، بـــەڵام زانیارییـــەکانی ســـەبارەت بـــەحقوق بـەجوانی لەنووسـینەکانیدا رەنگــی داوەتــەوە. هــەر لـەو ماوەیـەدا لەگـەڵ مــاکس بــرود Max Brod–ی رۆماننووســـدا ئاشـــنایەتیپەیدا کـــرد. ئەگـــەرچی زەوقی ئەدەبی ئـەم دوانـە پێکـەوە نـەدەگونجا، بـەڵام هـەمان کـەس پاشـان بـوو بـەهاودەمو سەروەسـێتو نووسەری ژیاننامەی کافکا. لەساڵی ١٩٠٨دا کافکا وەکو کارمـەندێکی ئاسـایی لەفەرمانگــەی بیمـە دامـەزراو پاشــان ماوەیـــەك لەفەرمانگـــەی نیمچـــە دەوڵـــەتی کۆمەڵایـەتی پـراگ لەبەشـی رووداو کـاری کـردووە. بـەڵام ئـەم کـارە قورسـە ئیدارییـە هـەموو کاتـــەکانی بـەفیڕۆ داو بـواری نووسـینی لێگـرتو لەبەرئـەوەی کافکا نوسینی بەمەعنای ژیـانی خـۆی دەزانـی، ئەمـە بوو بەهۆی ئەوەی کە شـەوانە کاربکـاتو بـێ خـەوی بکێشێ-بێگومان ئارەزووی لەم تاقیکردنەوەیەوە تـێر بـووە، هـــەرچی دەوروبـــەرێکی خـــراپو بۆگـــەنیو هەژارییـــەك کـــە ســـەبارەت بـــەدەزگای ئیـــداری لەکتێبەکانیدا بـەوردی باسـی دەکـات پەیوەسـتە بـەو تاقیکردنەوەیـەوە. بـەم پێیـە کافکـا ناچـار بـوو بـەمێزی ئیـدارەوە بلکـێو لەماڵـە نەفرەتییەکـەی بـاوکیدا بـژی. لەلایـەن خـێزانو دۆســتەکانیەوە یارمەتی نەدەدرا بۆئەوەی بتوانێ ئاسایشـی دەروونـی

بـۆ خـۆی فەراهـەم بکـات کـە زۆر پێویسـتی پـێ‌ی هەبووە. ماکس برود ئیدیعای ئەوە دەکات کە باوەڕی کافکا بەسەهیۆنیەت جێگای ئەو ئاسایشە دەروونیەی بۆ گرتۆتەوە. لـەکاتێکدا کـە کافکـا لەبۆچوونـەکانیدا زۆر زیـاتر ئـەڵمانی بـوو و بەئـەڵمانیایی مایـەوە تـا بەجولەکـەیی. نوسـینەکانی پەیوەسـتە بـەڕێبازی ئەدەبیاتی ئەڵمانیەوە. لەڕووی رۆحیەوە بنەمایـەکی نزیکـی لەگـەڵ پاسـکاڵ Pascalو سـورن کیرکگـارد Soren Kierkegaard فەیلەسـوفی دانیمـارکیو دوستویفسـکی Dostoiewskiدا هەیـە تـا لەگـەڵ پێغەمبەرانی جولەکەدا. هەرچەندە "بـرود" کافکای ناچارکرد بـۆ ئـەوەی زمـانی عیـبری فێربـێو کتێبـی (تەلموز) بخوێنێ. بەڵام کافکا هەرگیز خەڵوەتی خۆی لەدەسـت نـەدا، بۆئـەوەی لەمـەعنای کۆمـەڵگای ساختەی جولەکە تێبگات لەساڵی ١٩١١دا لەگەڵ ماکس برودا بۆ ماوەیەکی کەم دەچێتە پاریسو ساڵی دوای ئـەوە سـەردانی ویمـار Weimar دەکـات. ئـەم ماوەیـە بـەبرەوترین مـاوەی کـاری ئـەدەبی کافکایـە، لەیـەك شـەودا چیرۆکی (فـەتوا) دەنوسـێت. پاشـان دەسـت بـەڕۆمانی (ئـەمریکا) دەکـاتو نۆڤلێتـی نایـابی (مەسـخ) تـەواو دەکـات. لەگـەڵ ئەمەشـدا کچێکـی ئەڵمانی بەناوی (F.B) خۆش دەوێ. بەڵام مەسـەلەی

زەماوەندکردن بەئەمڕۆو سبەی دوا دەخاتو دواجار لەدوای 5 ساڵ خۆشەویستی، دەزگیرانیەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە. رۆمانی (القضية)و (گروپی حوکمدراوەکان)ی پێش ١٩١٤ نوسیوە. لەکاتی جەنگدا لەبەرئەوەی کارمەندی حکومەت بووە بۆ بەرەی جەنگی نانێرن. لەساڵی ١٩١٥دا خەڵاتی فونتانەی ئەدەبی Fontane preis وەردەگرێت. لەساڵی ١٩١٦دا گوایە لەئەنجامی کێشمەکێش یان رسواییەك کە ماکس برود بەشێوەیەکی شاراوە ئاماژەی بۆ دەکات، ماوەیەك ماڵی باوکی بەجیٚهێشتووەو لەکۆڵانی (کیمیاگەران)ی پراگ بەجیا خانوویەك دەگرێو بەمانگانەیەکی کەم دەیگوزەرێنێ. لەم شوێنە نەخۆش دەکەوێو تووشی سیلی سینە دەبێ، لەساڵی ١٩١٧دا کافکا خوێن هەڵدەهێنێتەوەو چەندان ساڵ مۆتەکەی مەرگی ناوەختە لەبەرچاوی بوو. لەساڵەکانی دوایی تەمەنیدا، لەنزیکی بەرلین گۆشەگیری هەڵبژارد بۆئەوەی لە دەرفەتدا خەریکی نوسین بێو لەگەڵ ئەوەدا لەم شوێنە ماوەیەکی کەم لەگەڵ دورا دیمانت Dora Dymantدا دڵداری دەکات کە کچێکی جولەکەی پۆڵەندی بوو، ساڵانی قاتوقڕی دوای جەنگی بەرلین دواگورزی لەکافکا وەشاند. خواردن کەم بوو. نەخۆشی سیلەکەی توند بوو،

گەڕایەوە بۆ نەمساو لە١٩٢٤/٦/٣دا لەتەمەنی ٤١ ساڵیدا لەئاسایشگای توشبوانی سیل لەنزیك ڤیەننا بەشێوەیەكی نارەحەت بەسیلی قورگ كۆچی دوایی كرد.

كافكا تا لەژیاندا بوو تەنیا یەك كتێبی چاپ كردو لەسەر جێگای مەرگ نموونەی كتێبی دووەمی (هەڵەبڕی) كردووە. سێ ساڵ بەر لەمردنی تكا لەماكس برود دەكات هەموو بەرهەمە دەست نووسەكانی كە لای ئەو بوون بسووتێنێ كە بریتی بوون لە(القضية)و (كۆشك)و (دیواری چین)، بەر لەمردنیشی چوار كتێبی لەنووسینەكانی خۆی سووتاندووە. بەڵام ماكس برود گوێی بەقسەكەی كافكا نەدا. كافكا جگە لەچەند بەرهەم كە بەلایەوە تەواوبوون هەموو بەرهەمە ناتەواوەكانی خۆیمەحكوم كرد پێی وابوو كە لەدوای خۆی جگە لەبێ دەنگی شتێك بەجێ ناهێڵێ. ئەم نووسەرە بۆ ناوبانگ دەركردنی دوای مردنی پێویستی بەسیناریۆ دروست كردن نەبوو كە وەسێتی لەو جۆرە بكات.

كافكا كە لەگۆشەگیرییەكی تەواودا دەژیا ئەوەی فەرامۆش كرد بوو كە خوێنەر بۆ خۆی پەیدا بكات. رەنگە كافكا حەزی لەوە بووبێ وەكو رەمزێك لەچاوی ناحەز بەدووربێ‌و بەشێوەیەكی نهێنی

ئـامێز ون بـێ. بـەڵام ئـەم پـەردە پۆشـیـیە بـوو بـەهۆی رسـوایی کافکـاو ئـەو رەمـزە بـوو بەمایـەی شانازی بۆی.

ئەو بەرهەمانەی کە لەکافکا بەجێ ماون بریتـین لەهەرسێ رۆمـانی (القضیـة)و (کۆشـك)و (ئـەمریکا)، هـەندێ کورتـە چـیرۆكو نوسـینی نـهێنی ئـامێزو کـورت، رۆژنامــە تایبەتەکـەی، هــەندێ بــیرورای پەراگـەندە، چـەند وتـارێکی رەخنـەیی لەگـەڵ چـەند نامەیــەك. بــەڵام بەرهەمــە ئەدەبیــەکانی زیــاتر بەناتـــەواوی ماونەتـــەوە. ژیاننامــــەی کافکـــا بـەدوورودرێژی بەقەڵەمی مـاکس بـرود نووسـراوەو چەند ژیاننامەیـەکی کورتیشی هەیـە کـە بەقەڵەمی فیگـل F.Feiglی وێنـەکێشو دەزگیرانەکـەی (دورا دیمانت)و کەسانی دی نوسراون.

وا دیا رە کافکا ئاشنایەتی تەنها لەگەڵ ژمارەیـەکی کـەم لەنووسـەرانو فەیلەسـوفاندا هــەبووە کــە بەپەنجــەی دەســـت دەژمــێردرێن. ســەبارەت بەئـەدەبیاتی سـەردەمی خـۆی زانیارییـەکی زۆری نــەبووە. رەنگــە ئــەم هەڵکــەوتووە وردبینــە لەخوێندنـەوەی دەقی عیبری (تـەلموز) بەهرەمـەند بووبـێ، بـەڵام خوێندنـەوەی ئـەو دەقـە گۆڕانـی لەبیریدا بەدی نەهێناوە.

کافکــا لەبەرامبـــەر زۆر لەنووســـەرە نـــاودارە ئەڵمانیو نەمساییەکاندا خۆی دابڕاو نیشان دەدات. لەناو نووسەرانی هاوچەرخی خۆیدا حەزی بەم نووسەرانە کردووە.

رۆدۆڵف کاسنەر R.Kassner، هوفمانشتال، هانس کاروسا H.Carossa، هەرمان هیسە H.Hesse، نوت هامسون Knut Hamsun، فرانتس ویرفیل F.Werfel، ویلهلم شیفیر W.Schafer، توماس مان T.Mann.

بێگومان چیرۆك نووسانی ناوداری ئەڵمانی وەکو:

شترم Stormو کلسیت Kleistو هێبل H.Hebelو فونتەین Fontaneو ستیلتر Stilterو هەروەها گۆگۆڵ Gogol لەپێگەیشتنی شێوازو زمانی نوسینیدا کەڵکی زۆریان پێگەیاند. کافکا بەوردی بەرهەمەکانی گۆتەی خوێندۆتەوەو (تەوراتو ئوپانیشاد)یشی خوێندوەتەوە. بەڵام کاریگەریی گوستاف فلۆبیر G.Flaubetو کیرکگارد لەکەسێتی ئەدەبی کافکادا لەکەسانی دی زیاتر بەدی دەکرێ. ستایشی مەعنەوی بۆ بلیمەتی تۆکمەو ئارامی وەکو گۆتەو فلوبیر نیشان دەدا.

جیاوازی فلۆبیرو کافکا لەوێدایە کە فلۆبیر دەیویست (کتێبێك دەربارەی بابەتی پووچی) بنووسرێت لەکاتێکدا کە کافکا دەیەوێت ئەم ژیانە

بـــەپووچ نيشـــان بـــدات. فلوبـــير نووســـيويەتی: (لەحەقيقـەتدا عـارفم بـەلام بـاوەڕم بـەهيچ نييـە) كافكـاش ڕێبازەكـەی عارفانەيـە، بـــەلام دەترســـێت لەوەی كە باوەڕ بەشتێك بكات. كافكا لەشاری پراگـدا وەكو مشكەكوێرە بەلانەكەی خـۆیدا چەسـپيوە، ئـەو شـوێنە بەپـەناگای خـۆی دەزانێـتو لەهـــەمان كـاتدا لێشی بـێزارە. كـــاتی بـێ ئيشـی خـۆی بەنووســـينو مەلـەو بەلـەم لێخوڕيـنو باخـــەوانیو دارتاشـــيەوە گوزەراندووە.

ئـــەو شـــتەی كـــە ســـەيرە ئەوەيـــە كـــە لەگـــەڵ تێپـــەڕبوونی كـــاتدا ســـيمای كافكـــا بـــەهێزتر خـــۆی دەنوێنـــێ. ڕەنگـــە لەڕێگـــەی شـــيكردنەوەی ڕۆحـــی كافكاوە بتوانرێ تاڕادەيەك پەی بەژيانی ببرێ، بەلام هـــۆی نـــامۆيی ڕەوشـــتی لای ئێمـــە بەشـــاراوەيی دەمێنێتەوە.

ســێ مەســەلە چارەنووســی كافكـای ديـاریكردووە: دژايـەتیكردنی بـاوكیو لەئـەنجامدا دژايـەتیكردنی كۆمـەڵگای جولەكـە، ژيـانی سـەڵتیو نەخۆشـی. لـەو لايەنـەوە كـــە بـــاوكی بەنوێنـــەری ياســـاو كۆمـــەڵگای جولەكـــە دەزانێـــت، بـــۆ دەرك كردنـــی (ئيلاهيـــەت) لێكۆڵينەوەيـــەكی تايبـــەتی دەكـــات، بـــەلام بەدەســـتی بەتاڵ دەگەڕێتەوە. بۆ ئـەوەی وێنەيـەكی ڕاسـتەقينە

بەتەنهاییەکەی خـۆی ببەخشـێتو وەکـو کیرکگـارد نیشـــانەکردنەکەی خـــۆی هەڵدەوەشـــێنێتەوەو چاوپۆشـی لـەژن هێنـان دەکـات. بـەڵام لـەو کاتـەدا دەردی بێدەرمـــان واتـــە ســـیل ســـەرهەڵدەداتو لەکاتێکدا کە ئەم نەخۆشییە هەتا کاتی مـردن دەبێ وەکـو ئەشـــکەنجەی تـــەنیایی ئـــازاری بـــدات، بـــۆ تەبرێکردنی ئەوە بـەجۆرێك راڤـەی زاتـی دەربـارەی چاکەو خراپە قایل دەبێت.

گومان لەوەدا نییە کە کافکا ژیانی خۆی لەترسی دەسەڵاتی باوکێکی زۆرداردا بەسەر دەباتو تا کۆتایی عومری ناتوانێ ئەو تەوقە دامالێت. هەڕەشەی باوکی هەمیشـە لەپـەنا گوێـیدا دەزرنگایـەوە کـە دەیگـوت (وەکو ماسیەك سکت هـەڵدەدڕم) بـەڵام ئـەم پیـاوە هـەرگیز دەسـتی لـەکوڕە تاقانەکـەی واتـە (کافکـا) بەرزنەکردەوە. ئەگەر کافکـا بـەئاوات بگەیشـتایە کـە خێزان پێکـەوەبنێ، ڕەنگـە بیتوانیایـە خـۆی لـەکۆتی مـاڵی بـاوکی رزگـار بکـات. ئـەم ئـارەزووی ئازادبوونـە وەکو سـەراب لـەپێش چـاوی دەبریسـکایەوە، بـەڵام هەمیشە لەدەستی رای کردووەو لەچـەند گـیرۆدەییو کێشمەکێشـــێکدا لەدەزگیرانەکـــەی دوورو نزیـــك کەوتۆتـەوە. بـەڵام دواجـار چارەنووسـی غـەمگین کەسـێکی هـەڵبژارد کـە تەنـهایی هـەڵبژارد. نـــەك

له بەرئەوەی کە لەگەڵ نەریتو پێکهاتەیدا دەگونجا، بەڵکو وەکو تەبرێکردنی ژیانێك لەقەڵەم دەدرا کە مەحکوم بووە بەعەدەم ئەو نامەیەی کە کافکا بۆ باوکی نوسیوەو ماکس برود چەند بەشێکی لێبڵاوکردۆتەوە، تاڕادەیەك بنەمای ململانێی لەگەڵ باوکیدا روون دەکاتەوەو هۆی لێکۆڵینەوەی لەنەریتی باوکی جولەکەی ئاشکرا دەکات. باوکی ئیدیعای ئەوەی کردووە کە تاکە نیشانەی راستەقینە (یەهودیەتە). ئەم ئیدعایە چەند مەسەلەیەك پێکەوە دەوروژێنێو بەلای کافکاوە پەسەندکردنی بابەتێکی لەم جۆرە لەتوانادا نییە. ماڵە باوك بەلایکورەوە پڕ لەگومان هاتۆتەبەرچاوو خۆی بەپابەندی چەند کۆتێکی بێشومار دەبینێ. لەم حاڵەتەدا کافکا بەنیاز بووە لەدەرەوەی کۆمەڵگای جولەکە واتە بەشێوەیەکی قاچاغ بۆ خوا بگەڕێ کەوا دیاربووە خوا لەکۆمەڵگای جولەکەدا نییە. هەرچەندە ئەنجامدانی بڕیارە وشكو بۆشەکانی باوکی نەیتوانیووە باوەڕ لەدڵی کافکادا بچێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا مادەم باوکی خێزانەکەی پێکهێنابوو بەڕای کافکا بەکردەوە یاساکەی جێبەجێکرد بوو: کیرکگارد وتویەتی (من گەورەترین قەرزی کەسێکم لەلایە کە منی هێناوەتە

دنیاوە) کافکاش لەم مەسەلەیەدا خۆی بەقەرزاری باوکی دەزانێت.

لەو نامەیەدا کە بۆ باوکی نوسییوە دەڵێت: (ئەوەی نوسیوومە پەیوەندی بەتۆوە هەیە، ئەو گلەییانەی نەمدەتوانی بۆ تۆی دەربڕم، دڵ پڕیمم لەنووسینەکانمدا خاڵی کردۆتەوە) پاشان درێژەی دەداتێ (لەو زێدو نیشتمانەدا کەتیایدا دەژیم بێزارو مەحکومو وردو خاش بووم. هەرچەندە ناچاربووم کە هەڵبێم بۆ جێگایەکی دیکە، بەلام هەوڵێکی بێهوودە بوو، چونکە جگە لەچەند حاڵەتێکی تایبەت کارێکی ئەوتۆم لەدەست نایەت) دەربارەی باوەڕی باوکی دەنووسێت (لەلاویدا، من تێنەدەگەیشتم بەو یەهودیەتە. بێبەهایە کە تۆ پێیەیەوە لکابووی چۆن سەرزەنشتی منت دەکرد کە چۆن لەبەردەم شتێکی وا پووچدا سەری تەسلیم بوون دانانەوێنم. (دەتگوت کە بۆ خوا پەرستییە) تاڕادەیەك کە من کەوتە بەردەستم لەڕاستیدا ئەم یەهودیەتە بێنرخو قەشمەری بوو، لەقەشمەریش کەمتر بوو).

ماکس برود دەچێتە بنکلێشەیەوەو دەیەوێت دوبارە بۆ باوەڕی جولەکە ڕێنمایی بکاتەوە، بەلام ئەنجامێکی باش بەدەست ناهێنێ. کافکا بەهاورێکەی

دەڵێت: (من چ خاڵێکی هاوبەشم لەگەڵ جولەکەکاندا هەیە؟) کە پێکەوە لەکۆڕی مەراسیمی مەزهەبی جولەکەش دەهاتنەوە دەرەوە بەتوانجەوە دەڵێت: (ڕاستت دەوێ تارادەیەك وەکو ئەوە وابوو کە لەناو ڕەش پێستە کێویەکانی ئەفریقیادا بین. چ خورافاتێکی هیچو پووچ بوو!).

لەڕۆژنامە تایبەتیەکەی خۆیدا دەنووسێت: (نەك تەنها وەکو کیرکگارد دەستی زەحمەت کێشی مەسیحیەت منی بەژیان ئاشنا نەکرد، بەڵکو وەکو پەیڕەوانی سەهیۆنیەتیش بەگۆشەی (تالث)[1] یان بەهەوای ئیسرائیلەوە نەلکاوم. من سەرەتام یان سەرئەنجام) وەکو کافکا خۆی دانی پێدا دەنێت پەیوەندییەکی فیکری زیاتری لەگەڵ کیرکگارد هەبووە[2]. لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان کیرکگاردو کافکادا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە ئەگەرچی خوای کیرکگارد دڵ ڕەقە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی میهرەبانو بەخشندەیە، لەکاتێکدا کە خوای کافکا وەکو لەنووسینەکانیدا دەردەکەوێ، ترسناكو هەڕەشە ئامێزە، بەشێوەی

---

[1] پارچە قوماشێکە ژنان دەیدەن بەسەریاندا.

[2] Faranzkafkajovrnal Intime: par P.Klossowski paris 1945 p.175.

یاسا خۆی دەنوێنێ و کاری تەمێکردن و ئەشکەنجەیەو بەخشین نازانێ. هەتا وەکو خودای تەوراتیش نییە کە هەرچەندە قین لەدڵ و قین خوازە، بەڵام جاری وایە هۆش دەچێتە سەریەوەو سەد گوناهبار لەبەر خاتری بێگوناهێك دەبەخشێت. ڕەنگە لەدوای ئەم خودایەوە سیمای باوکی زۆرداری کافکا بناسرێ. بێگومان دوو شت کافکای لەشوێنەکەی خۆی دووردەخستەوە: یەکێکیان ئەوەیە کە ئەگەرچی خوێنی جولەکە بوو لەکۆمەڵگای جولەکە تارکرابوو ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کە نەخۆش بووەو ئەمەش جوداییەکەی کردووە بە دوو ئەوەندە. بنەمای ئەزموونی دەروونی کافکا هەستی بێبەش بوونە. شتێکی کەمە، خۆشەویستی نییە، ڕاستیی بەدی ناکرێ، (دوفاقی) هەیە، مرۆڤ بەخۆی بێگانەیە، لەنێوان مرۆڤ و بەهەشتی دنیادا گێژاوێك دروست کراوە هەموو شتێك ڕووبەڕووی کۆسپ دەبێتەوە. مەبەستی کافکا چییە؟ دنیایەکی دیکە؟ نەخێر، ئەو تەنها دەیەوێ لەم دنیایەدا قبوڵ بکرێ. ڕاستیەکی تازەی ناوێ، ئەوەی کە لەدەوروبەری خۆی دەیبینێ ئەوە حەقیقەت نییە. کافکا ئازار دەچێژێ کە لەکەناری ژیاندا ماوەتەوە، هەموو شتێك ئەو لەو حاڵەتەدا

دەهێڵێتـەوە: سسـتی، نەخۆشـی، تەنـهایی‌و دەسـەڵاتی باوکـە بازرگانەکـەی کـە دەیـەوێ کوڕەکـەی رەفتـاری بازرگانانەبێ. لەچیرۆکی (لانە)دا کاتێك کە مەترسـی دوژمنـی نادیـار نزیـك دەبێتـەوە، گیاندارەکـە بـیر دەکاتـەوە (... مـن وەکـو منـاڵ دووربـین نـەبووم، کـە چوومە ساڵیشەوە بەیاری منالأنە کـاتی خـۆم بەسـەر دەبردو گاڵتەم بەمەترسی دەهات. لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵم گەواهی مەترسیە راستەقینەکانی دەدا گوێم بەم شـتانە نـەدەدا، ڕەنگـە تـرس بـێ لەبـەردەم بەرپرسیارییەکانی ژیاندا کـە کافکا هەسـتی کـردووە ژیـانی لەگۆڕاندایـە، ئـەو شـتەی کـە دەسـتی پێنەکردووە بەرەو کۆتایی دەچێت.

هەرچەندە نووسەر لەدەست کورتیدا دەژیا، بەڵام توانای رووبەڕووی کۆسپ نەدەبۆوە. هـەموو کەسـێك ستایشی دەکرد ناشری کتێبەکانی، وەکو مـاکس بـرود نامەکـەی بڵاودەکاتـەوە. هـەروەها خـەڵاتی ئـەدەبی وەردەگـرێ. کەواتـە لـەم حاڵەتـەدا دەبێـت هۆیـەکی دیکە رێگـری کارەکـەی بووبـێ کـە گـیرۆدەی ئاکـامی سەخت دەبێـت، وەکـو دەنوسـێت "نـەك تەنـها لەبـەر باری کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەبـەر سروشـتی خۆمـە کـە من وەکو مرۆڤێکی خاوەن رازو کەم دوو دورەپەرێزو ناکام گەورە بووم. نـاتوانم ئەمـە بەبەدبـەختی خـۆم

بزانم، چونکە رووناکیەکە لەمەبەستی خۆم" هەستی جودایـــیو نـــەگونجان لەهـــەمان کـــاتدا ئـــارەزووی هاودەردی لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا هـەر لەمندالّیـەوە لای کافکا هـەبووە. "کـەس تایبەتمەندییـەکانی منـی نـەدەزانی" ئـەم بـارە جۆرێـك لـەحوکم بەخـەیاڵدا دێنـێ. لای هاورِێکانیشـی هەسـت دەکـات کـە وەکـو ئەوان نییە ئەوان هیچ جۆرە هاودەردیـەکیان لەگـەڵ ئــەودا نـیـە. لەیاداشــتەکانیدا دەنوســێت: (ئــەو جەستانەی کە بەتوندی لەقالّب دراونو قسە دەکەنو چاویــان دەدرەوشــێتەوە، ئایــا چ شــتێك زیــاتر تــۆ بەوانەوە دەبەستێتەوە، زیاتر لەهەر شتێکی دیکە بۆ نموونــە ئــەو قەڵەمــەی کــە لەدەســتدایە، رەنگــە لەبەرئـەوە بـێ کـە لەگـەڵیاندا گونجـاوی؟ بـەلاّم تـۆ لەگـەڵ ئـــەواندا گونجـــاو نیـــتو هـــەر بۆیـــە ئـــەو پرسـیارەی لای تـۆ قـوت کـردەوە) لـەو رووەوە بـەرەو خەڵوەتی خۆی دەگەڕێتـەوەو تـەنیایی هـەڵدەبژێرێ. سـەیر نـیـە کـە هـەموو جارێ کێشـمەکێش لـەنێوان خۆیو دنیادا لەلای کافکا هەسـتی تونـدی گوناهبـاری دروسـت دەکـات. ئـەم بابەتـە یەکێکـە لەمەبەسـتە بنەڕەتیـــەکان لەهـــەموو نووســـینەکانی کافکـــادا. گوناهبـــاریو نـــەبوونی گونـــاه، چونکـــە کافکـــاو پالّەوانـەکانی خۆیـان بـەگوناهبار نـازانن. لەبنـەڕەتدا

کافکــا گونــاه نــازانێتو بــەردەوام پرســیاری ئازاراوی ئەبەدی مرۆڤ ئاراستە دەکات: بەرەو کوێ دەچین، لەژێر کاریگەریی چ فاکتەرێك داین، یاسا کامەیە، بیری کافکا بەردەوام لەنێوان هەردوو جەمسەری گۆشەگیری یاسادا لەهاتووچۆدایە، بەڵام بەر هیچیان ناکەوێ-گوایە مرۆڤ گەمەی دەستی چەند هێزێکە کە بەگشتی چاو لەجیاکردنەوەیان دەپۆشێو لەبەر نەبوونی بچوکترین هەستی وردبینییە کە توانیوویەتی لەکۆمەڵگادا شایستەی ژیان بێت.

ئایا وانایەتە بەرچاو کە بەرهەمەکانی جۆرێك چالاکی بووبێ بۆ رزگاربوون لەناکامیەکانی ژیان؟ ئەو دنیا پڕ وردەکارییەی کە گۆشەکانی رۆحی مرۆڤی تێدا دەپشکێنرێو وەکو کابوس دەگوزەرێ، مرۆڤ کاتی خۆی بەکاری پووچو بێ مەعناوە دەگوزەرێنێو هەوڵ دەدات لەژێر باری ئەو گوناهانە بێتە دەرەوە کە پشتیان چەماندۆتەوەو لەتەنیاییو نائومێدیو بن بەستدا پەلەقاژە دەکات، بێگومان دنیای زۆر لەکەسانی ئەم سەردەمەی ئێمەیە، لەگەڵ ئەوەشدا باس لەژیانی خودی کافکا دەکات. کافکا بەرامبەر بەخۆی بەوەفایە، ئەوەی کە نووسیوویەتی لەئازارو ئەشکەنجەی بەدەنیو دەروونی خۆیەوە

سەرچاوەی گرتووە کە بەرۆشن بینیو لۆجیکی ساردەوە بێ رەحمانە باسیان دەکاتو ترسو دڵەڕاوکێ دەخاتە دڵی خوێنەرەوە. پاڵەوانەکانی بەپیتی یەکەمی ناوی خۆیەوە ناودەنێت. وەکو: جۆزیف ك... ناوی تەواویان نییە، جۆرێك لەسێبەرەکەی ئەوەیە کە وا دێتە بەرچاو کە ك... نەیادەوەری هەیەو نە ئایندە، بەشێك لەڕۆحی ئەم ناوە لەت کراوەیان هەڵگرتووە. ژنەکان روخسارو ناوی دەزگیرانەکەی کافکایان هەیەو دەوروبەرەکەی رۆمانەکانی کافکایان داگیرکردووە. لەرۆمانی (القضیة)و (کۆشك)دا ئارایشەکانی ژیانی رۆژانەی کافکا دەناسرێت. لەوانە ئەو کارەش کە ئارەزووی کردووە بۆئەوەی بتوانێ کرانەوەی مادیو کاتی دەست بەتاڵی زیاتر بەدەست بێنێ، بەڵام رووبەڕووی چەند دژوارییەك دەبێتەوە. هەروەها باسی دامو دەزگای قەرەباڵغو گاڵتەجاری فەرمانگە حکومیەکان دەکات، پشت گوێ خستنو درێژکردنەوەو کارکردن بەخاویو بێ سەروبەریو پیسی مەکتەبەکانو دەسەڵاتی بەڕێوەبەری دائیرەکان لەم کتێبانەدا بەجوانی رەنگی داوەتەوە. ئەمە ئەو راستیانەیە کە کافکا بەشێوەیەکی ئازاراوی هەستی پێکردووەو فێری بووە.

لەژیاننامەکەیدا وا دیارە کەتوانی شوێنی خۆی هەڵبکەنێ لەژێر تەوقی خێزانەکەیو کۆمەڵگای جولەکەو زەویو نەژاد بێتە دەرەوە. بەدایکی دەڵێت: (ئێوە هەمووتان بەمن بێگانەن)، بەلام باقی ژیانی بۆ بەدەست هێنانی هەمان ئەو شتە لەدەست چوانە دەگوزەراند، (بەبێ باپیرە بەبێ خێزانو بەبێ منداڵ) دەیەویست دوبارە ئەوانە بەدەست بهێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ وەکو خەڵکی بژی بەڵام ئاواتەکەی نەهاتەدی.

وردبینیو قوڵبوونەوەی بیری کافکا بوو بەکۆسپ لەبەردەم ئەوەدا کەبتوانێ بەئامرازی خەڵکی ئاسایی کێشەی خۆی چارەسەر بکات. کافکا یەکەمین کەسە کە باری پڕ مەینەتی مرۆڤ لەدنیایەکدا باس دەکات کە جێی خودای تێدا نییە. دنیایەکی پووچ کە لەمە بەدواوە هیچ کەسێ ناتوانێت پشتیوانێکی هەبێ، مەگەر بەوزەی خۆی بتوانێت چارەنووسی خۆی دیاری بکات، چونکە شیرازەی هەموو پەیوەندییە کۆنەکان لەبەریەك هەڵوەشاوەو بۆئەوەی کە دوبارە دروست ببێتەوە، دەبێ بنەماکانی بەپێی پرانسیپو بیری دیکە دابڕێژرێ.

کافکا بۆ بەدواداچوونی ئەزموونی خۆی گۆشەگیری هەڵدەبژێرێو چیتر ناکەوێتە بەرچاو

لەیاداشتەکانی خۆیدا دەنووسێت: (زۆرترین کات دەبێ تەنیابم، ئەو ئاواتەی بەدیم هێناوە لەسامانی تەنیاییەوەیە) کافکا لەقەرەباڵغیو هاتو هاوار هەڵدێت، چونکە ژیانی بەیاد دێنێتەوە. لەساڵی ١٩١٣دا نووسویەتی: (ئەم ساڵانەی دوایی ڕۆژی بیست وشە قسەم لەگەڵ دایکمدا نەکردووەو تەنها سەلامم لەباوکم کردووە، بەڵام بێئەوەی کە هیچ شتێك لەنێوانماندا هەبێ لەگەڵ خوشکەکانمو مێردەکانیاندا هیچ گفتوگۆیەکم نەکردووە). پاشان هەتا لەسەردانی دکتۆر برودی هاوڕێشی خۆی دزیوەتەوەو قسەی لەگەڵ کەسدا نەکردووە، چونکە بەئەنقەست دەیەویست هەمووان بکات بەدوژمنی خۆیو تەواوی وزەو توانای بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆی بەکاربێنی: (من شێت ئاسا لەهەموو لایەکەوە پردەکان وێران دەکەم! هەمووان دەکەم بەدوژمنی خۆمو قسە لەگەڵ کەسدا ناکەم) شێوازی ئەو سەرپێچییە لەنووسینو ئومێدەواریە: (ئاسمان بێدەنگەو تەنها بۆ کەڕەکان دەنگ دەداتەوە) ژیانی نەمریی دەست هیچ کەسێ ناکەوێ. ژیانی سەر زەوی: (بیابانێکی مەعنەوی)یە کە تیایدا (لاشەی کاروانی ڕۆژانی ڕابردوو ئاینده) لەسەر یەك کەڵەکە دەکرێن: (ئەو سەرەی کە پڕە لەکینەو بێزاری دەبێ

بەسەر سینەدا شۆڕبکرێتەوە)و دەبێ وریابین کە کەسێك (دەست نەخاتە بینمان)و بەرستەیەك پاشماوەیەك رادەگەیەنێ کە لەدنیادا باس لەدەست لەخۆبەردان دەکا (من سەرکەوتوانە رەتکردنەوەی زەمانەم بۆ خۆم تەخت کرد) لەم رووەوە کافکا هەوڵیدا بۆئەوەی گیانی قسەکانی خۆی بەدەنگێکی تازەو ترسناك دەربڕێ. بەدەنگێکی ئاوارە کە دەنگی دیاری کراوی دنیای ئەمڕۆی ئێمەیە.

کافکا نامۆ بەهەمووان، بەتاقی تەنیا بەدوای حەقیقەتدا دۆڵی ئەندێشەی تەی کردو بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە (هەموو شتێك وەهمە، خێزان، مەکتەبی فەرمانگە، هاوڕێ، کۆڵانو دوورترین یان نزیکترین ژن هەمووی فریودانە. نزیکترین حەقیقەت ئەوەیە کە سەرت بەدیواری بەندیخانەیەکدا بکێشێ کە دەرگاو پەنجەرەی نییە). بەڵام کافکا هەرگیز شایەتی نائومێدیو شکستی خۆی نەبوو، بەڵکو بەهەموو هێزی ئەو شکستەی دەیەویستو هەموو بەرپرسیارییەکەی لەئەستۆ گرت. بنەمای ژیانی بەدەستی خۆی داڕشت، بەڵام هەر کە گەیشتە ناوچەرگەی گۆشەگیریی رووبەڕووی نائومێدیەکی تاڵ بۆوە. لەچیرۆکی (چنگە کرێکانی سەگێك)دا دوای ئەوەی کە سەگەکە بەڕۆژو دەبێتو

دەیەوێت بۆشایی ئاسمان بسەلمێنێ، هەر کە دەیەوێت چنگە کرێکەی بەئەنجام بگات دەڵێت: (دوا ئومێدو ئارەزووم ئاوابوو؛ لەم شوێنەدا بەسەختی دەمرم، چنگە کرێکانم ئەنجامی چیبوو؟ هەوڵو کۆششێکی منداڵانە بوو لەزەمانکێدا کە بەشێوازی منداڵانە خۆشحاڵە... لێرەدا تەنها سەگێکی بەدبەختی سەرگەردان هەیە کە دەیەوێت خۆراکێکی نابووت بەهەوادا بدزێ) لەگۆشەیەکدا هەڵ خلیسکاو شکستەکانی خۆی بەچاو بینی؛ نەك ئەوەی کە خەیاڵی سەرکەوتنی لەسەردا بێ: (من ئومێدم بەسەرکەوتن نییە، لەکێشمەکێش بێزارم، حەزم لەکێشمەکێش نییە ئەمەش تەنها کارێکە کە لەدەستم دێت).

رەنگە بڵێن نووسەر رەشبین بووەو ئەم کارەی کردووە بۆئەوەی ژیان تاریك تر نیشان بدات لەوەی کە هەیە. بەرهەمی کافکا ناتوانرێ بەرەشبین یان بەگەشبین لەقەڵەم بدرێ. کافکا مرۆڤێکی جەنگاوەرە کە لەگەڵ هێزی شەرو لەگەڵ خۆیدا لەشەردایە، لەدژی هەموو سیما دەمامك کراوەکانی دوژمن دەجەنگێ. رەنگە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەتوانێت رزگاری بکات لەکێشمەکێشدا بێت، چونکە هەموو شتێك لەبەرچاوی ئەو گومان لێکراوە. کافکا

لەهونەرەکـــەیدا حەقیقـــەت بەتاڵانکـــەری ژیـــانی دەروونـــی خـــۆی دادەنـــێ، یـــان دەربڕینێکـــی دیکـــە، حەقیقەتەکانی ناخی ئەو هێندە زۆرن کـە خۆبـەخۆ دێنـە دەرەوەو هـەموو بەرهەمـەکانی داگـیر دەکـەن. کافکـا گەشـــبین یـــان رەشـــبین نی‌یـــە تـــەواوی دەستەوسانیەکانی مرۆڤ کە لەنووسـینەکانیدا بـەدی دەکرێ‌و ئەو ناکامیەی کە هەڵی بژاردووەو بـەردەوام بـەدوایدا چووە بەشـێکە لەئـەزموونی خـۆی. کافکـا بووە بەقوربانی گـەش بینـی خـۆی، چونکـە کەسـێکە کە دەبینێ بەلەش‌و رۆحەوە خەریکە هەڵدەلووشرێ، بـەڵام وزەی هەڵسـەنگاندنیان لـەخۆی وەرگرتـووە. گەش بینـی‌و ئـازارێکی سـەیری هەیـە بـەجۆرێك کـە ئـازارو گـەش بینـی دەبـن بەیـەك‌و بەنیگایـەکی وردبینانە قوڵایی زامەکە دەبینێ، بەڵام باوەڕی بەوە نی‌یـە مـرۆڤ بتوانێـت چاکـەو خراپـە لەیـەك جیابکاتەوە. دەیەوێت تاقی‌کردنەوەی تایبـەتی بکات بۆ ئەوەی دڵنیایی تەواو بەدەست بێنێ.

لـەو هەلومەرجـەدا ئـەو تیـایدا ژیـاوەو بیری‌کردۆتەوە، بەلایەوە ئاسایی بووە کە بێ‌ڕەحمانـە وزەی خـۆی بـەکاربێنێ‌و هـەوڵ بـدات بـۆ ئـەوەی رێگـەی ڕاسـتەقینەی ژیـان بەدەسـت بێنـێ‌و زۆر راست‌و ئاساییە کە بەئـەنجامێکی پـووچ بگـات. کافکا

بەشـێوەیەکی روون ئـەوەی دەبینـــی کــە گەیشــتن بەکەمالی پێویست ئارەزووی مرۆڤـەو ئەوەشی بینـی کــە هـــەر کۆششـــێك بەشـــێوەیەکی گاڵتەجاڕانـــە سنوردارە. ئـەو مەسـەلە گرنگەی کە دێتـە پێشـەوە، پێویســـتیە سروشـــتیەکانە کــە لەگــەڵ پێویســـتیە لۆجیکـــیو مرۆییـــەکاندا ناکۆکـــەو هـــەر جـــۆرە ئارەزوویـەکی قوڵی ئـازادی دەبێت بەخـــەیاڵی خـاو. ناکۆکیـەکی هێنایـە ئـاراوە کــە تایبەتـە بەخۆیــەوە، گاڵتــە پێکردنــی تایبــەتی ئــەو کــە نائومێدانەیـــەو بەمـەزەی نووسـینەکانی لەقەڵـەم دەدرێ. بـەڵام ئــەم مەســـەلەیە نــەبوو بــەهۆی ئـــەوەی کـــە ئـــەخلاقی گاڵتەجاڕی یان فەلسـەفەی بێبـاکی (عەبەسی) قبـوڵ بکات. ئـەخلاقی کافکا ناتـەبا دێتـە بـەرچاو، رەنگـە لەبەرئــەوە بــێ کــە ئامــانجێکی بــاڵاتری لەخـــەڵکی ئاسایی هەبووە، لەکاتێکدا کە بـەڕای خـۆی کەسـێکی ئاسایی بووە.

کافکا لەکەسانی دی زیـاتر هەسـت بەسـاردی دنیـا دەکـات، بــەڵام نــەدەتوانێت ئــەم ســاردییە لــەخۆی دووربخاتەوەو نە لەگەڵیدا خۆی رابێنێ. ئەم هەستە، دەبێتە هاوکاری زەوقو وزەی داهێنەرانــەیو تــەواوی بوونـی رێنمـایی دەکات. سروشـتی ئـەو کە شـــەیدای رەهاییـیـە ناچـاری دەکـات کـە تـا دوا هەناسـە شـوێن

ئـەزموونی خـۆی بکـەوێ. لـەجیاتی ئـەوەی کـە لەکەش‌و هـەوای بەسـتەڵەکدا هـەڵبێت‌و لەگـەرمای ناوچەکـەی خـێزاندا جێگـیربێت، بـەرەو سـەرمای ئیفلیج کەرو بەرەو خامۆشی جاویدان‌و ناوجەرگەی بیابـان مـل دەنێت‌و دلێرانـە ڕێگەی خـۆی دەگرێتـە بەر. لەجیاتی ئەوەی چاوی دابخات، نیگای دووربینـی خـۆی لـەژیان دەبـڕێ‌و لەبـەردەمیدا رادەوەسـتێ. لەجیاتی ئـەوەی کـە خـۆی بـۆ هـەواو هەوەسـی ژیـان تـەرخان بکـات هـەوڵ دەدات کـە هەسـتی نـەبوونی جێگـیر بکـات. بۆئـەوەی کـە بناغـەی ژیـانێکی نـوێ دابڕێژێ، بەڵگەی عەدەم لەدەستیدا دەمێنێتەوە. لەو جادەیـەدا کـە هـەنگاوی نـاوە ڕێگـەی گەڕانـەوەی نـەبووە، ئەگـەر بیویسـتایە وازیـش لەجـەنگ بێنـێ نەیدەتوانی.

لەبەرامبـەر چـاپکردنی بەرهەمـەکانیدا یـان لەبەرامبـەر ژن هێنـاندا دەبینـین کافکـا ڕێبـازێکی گرتۆتەبەر کە بەئامانج بگات. بۆ گەیشتن بـەئامانج دەبـێ لـەژیان دوور بکەوێتـەوە، ڕقـی لەوەیـە کـە پێودانگ‌و هەڵسەنگاندنی هەیـەو مـرۆڤ لـەکار دوور دەخاتـەوە، میـهرەبانی دەنوێنـێ یـان دڵخۆشـی خـۆی دەداتـەوە. سـەگەکە لـەدڵی خۆیـدا بـیر دەکاتـەوە (ئاشـکرایە کـە هیـچ کەسـێك نـە لەسـەر زەوی، نـە

لەئاسمان بیر لە من ناکاتەوەو ئاگای لەمن نی‌یە. من لەم گوێ پێنەدان‌و فەرامۆش کردنەدا دەمرم. ئەم گوێ پێنەدانە دەیگوت "خەریکە دەمرێ" ئاوای لێدێت. ئایا ئەمە قەناعەتی خۆم بوو؟ پێشان نەمگوتبوو؟ خۆم خوازیاری ئەوە بووم کە بەم شێوەیە فەرامۆش بکرێم) لەجێگەیەکی دیکەدا دەنووسێت (من لەبەردم، بەبێ بچوکترین کلاورۆژنە بۆ گومان‌و حەقیقەت، بۆ خۆشەویستی‌و کینە، بۆ دلاوەریی یان دڵەڕاوکێ، بەشێوەیەکی گشتی‌و تایبەتی من کێلی گۆڕەکەی خۆمم. وەکو نووسینی سەر بەرد تەنها ئومێدێکی نادیار، زیندوو) دەبێ بەرەو ساردی‌و تەنیایی‌و قوڵایی لەکەش‌و هەوای بەستووی دنیای خۆماندا بچینە پێش. ئەوەندە هاوسەنگی ڕابگرین کە نەکەوین، ئەوەندە هەناسە بدەین کە هێشتا بۆ ژیان پێویستە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئەوەندە خۆمان بچووك بکەینەوە کە بتوانین چاوپۆشی لەپێویستی بەهەواو خاڵی پشت پێبەستن بکەین. ئەگەر کافکا لاشەی خۆی بەمەرگ دەسپێرێ بۆ ئەوەیە کە بەفرت‌و فێڵەکانی ژیان گومڕا نەبێت‌و جگە لەستایشکردنی (پووچی) نەچێتە ژێر باری شتێکی دیکەوە. دەربارەی ئەو کارە زیادانەی کە هەیبووە لەوانەش خوێندنی حقوق‌و فەرمانگەو

سەرقاڵی دیکەی وەکو کرێکاریو دارتاشی دەنووسێت:
(ڕاست وەکو کەسێك وایە کە گەدایی پێویست تار بکاتو پاشان بەخشندەیی بنوێنێو لەدەستی ڕاستیەوە خێر بەدەستی چەپی بکات).

گەش بینیو دلاوەریی وەها نائومێدانە وا دێتە بەرچاو کە قابیلی قبوڵکردن نییە. ئەو کەسانەی کە ئەو ڕێگایەیان تەی کردووە کە زۆر جار ڕوویداوە دواجار پشتوێنی ڕزگارییان بەستووەو باوەڕیان بەمەزهەبێك هێناوە یان پەیوەندییان بەگروپێکەوە کردووە. کافکا ئەگەرچی بێگومان حەزی دەکردو بەسەختی هەوڵیدەدا بۆ ئەوەی بەمەرام بگات، بەلام بەشێوەیەکی ناتەبا هەستی دەکرد کە مەحکومەو ئەم دنیا تەواوە دەبێ سەر لەنوێ بەدەست بهێنێت. (لادەرو چەپەڵ) تاڕادەیەك نوسین بەلایەوە دەبێ بەجۆرێك وێرد خوێندن. ئاشکرایە کافکا بۆ ئەم ئەزموونە شایستەتر بوو، بەلام ئەم پیاوە هاواری ئومێدوەاریی بەرز نەدەکردەوە، ڕێگای سەرفرازی بەکەسانی دی نیشان نەدەدا. ئایا دەتوانرێ چ ئەنجامێك بەدەست بهێنرێ جگە لەوەی مرۆڤ هیچ ڕێگەو دەروویەکی لەبەردەمدا نییەو ئومێدێکیش لەئارادا نییە. (ئایا جگە لەفرتو فێڵو فریودان شتێکی دیکە دەزانێ؟ هەر کاتی فریودان لەناو بچێ

نــاتوانی بڕوانــی، ئــەبی بــەتابوورێك لـــەخوێ)و لەهەموو شتێك هەڵخەڵەتێنەر تر ئەوەیە کە پەنا بۆ ئیلاهیـەت بـەرین. (مەسـیح نایـەت تەنـها لـەکاتێکدا نـەبێت کـەهاتنی پێویست نیـیە، ڕۆژێـك دوای کـاتی دیـاریکراو دێ، نـەك ڕۆژی دوایـی بـەڵکو دوا هـەمین ڕۆژ دێت) بەم پێیە ئایا ئەو ئیلاهیەتەی کە کاوێژی دەکەنەوە هەیە؟ ئایا ئەمە گەورەترین سـەراب نیـیە کە کافکا ناچارە چاوی لێبپۆشێ؟ لەکاتێکدا کە ئاگری لـەژیانی بـەردا بۆئـــەوەی ئیلاهیـــەت بدۆزێتـــەوەو بەمـــەرام نەگەیشـــت. ئایـــا ئەمـــە بەڵگـــە نیـیـــە، ئەوانـەیتر کـەوا بەخـەیاڵیاندا دێـت ئیلاهیـــەتیان دۆزیوەتـــەوە یـــان بێڕەحمانـــە هەڵخەڵـــەتاون‌و یـــان دەیانەوێ کەسـانی دی فریـو بـدەن؟ چونکە هـەرگیز ئـەزموون تـا ئـەو ئەندازەیـە زامـن نـەکرابوو، دڵنیـا نەبوو. گرەنتی بوونێك کـە ژیـانی خـۆی لەسـەر دانـا بۆئەوەی کەسانی دی لەکۆششی بێهوودە ڕزگار بکـات. ڕۆشـفور دەنووسـێت (لـێرەدا نووســەرێك نیـیە کـە بیەوێ خوێنەر تووشی سەربزێوی بکات‌و بەگومڕایی خوێنەر خۆشحاڵ بێ، بەڵام کەسێکمان لەبەردەمدایە کـە لەکێشمەکێشدایە: کافکا لەگـەڵ بەرهەمـــەکانیدا ئاوێتـە دەبێـت‌و ئــەو دڵەڕاوکێیـــەی کــە کتێبـــەکانی پێمان دەدات دڵـەڕاوکێی خـودی ئـەوە، هـەروەها ئـەو

دەستەوسانیەی کە لەدەرك کردنی مەبەستی کافکادا هەستی پێدەکەین پەیوەندی بەو دەستەوسانیەوە هەیە کە ئەو سەبارەت بەتێگەیشتن لەمەبەستی ژیان هەیبووە، بەرۆمانەکانی ئێمە لەبەردەم بنبەستدا گیر دەخۆین هەروەکو کافکا خۆشی لەبەردەم ژیاندا گیری خواردووە..)(٣).

ئەو ژیانو بەرهەمە بێئەندازە دلێرانەیە کە پەردەی لەسەر ژیانی تاریکی ئێمە لاداوە ئەوە دەسەلمێنێ ئەو دنیا رۆشنەی ئەو بەشێوەیەکی ترسناك نەفیکردووە، لەو دنیایەدا نیەو ئەگەر هێشتا نیە دەبێ بنیات بنرێ. ئەمەش ئەرکێکە کە هەر کەسێك ئەگەر بلیمەتیش بێت ناتوانێ ئەنجامی بدات.

هەرچەندە کافکا بەئاشکرا ناوبانگی دەرکردووەو لەئەدەبو فەلسەفەی نوێدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە (لەبەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا کەسانی وا سەریان هەڵداوە کە پەیڕەوی دەکەنو لەنوسیندا لاسایی دەکەنەوە) بەلام لەگەڵ ئەوەی هەموو بەڵگەیەکی لەبەردەستدایە، هەتا ژیان نامەو کەسێتی نووسەر بەباشی نەناسراوە، چونکە هەرچەندە لەو رازە نزیکتر دەکەوینەوە زیاتر لەبەرمان هەڵدێت.

---

(٣) R.Rochefort kafka paris p:203.

ئـەو كەسـانەی كـە خوێندنـەوەیان بـۆ كافكا كـردووە بەكەیفو بەزەوق دێنە بەرچاو. ماكس بـرود لـەوەی هـاودەمی كەسـێكی بلیمـەت بـووە گێژبـووەو خـۆی دۆڕانـدووە. هەڵبەتـە كتێبەكـەی بـرود سـەبارەت بەژیاننامەی كافكا چەند شـتێكی گرنگی تێدایـە كـە بەكـەڵكی نـەوەكانی داهـاتوو دێـت، بـەڵام بـەهیچ شـێوەیەك بێلایەنانـە نـیـە. دەڵێـن باشـترین شـایەت ئـەو كەسـانەن كـە راسـت لـەناو رووداودا نـەبوون، چونكە بەلای كەمەوە ڕاستیان نەشێواندووە.

یەكەم بابەت كە مایەی سەرنجە ئەوەیە كـە سـێ رۆمـانی (القضیـة، كۆشـك، ئـەمریكا)و زۆر لەچیرۆكـەكانی بەناتـەواوی ماونەتـەوە. ئـەم ڕووداوەش هەڵبەتە لەتەمەڵیو پشـتگوێ خسـتن یـان بێتوانـایی نووسـەرەوە نـەبووە. بێگومـان پسـپۆڕێكی دەروونزانی شیكردنەوەی ئـەم مەسـەلەیە بـەهۆكاری شـێواوی مەسـەلە سێكسـیەكان دەزانێـتو بـەو ئـارەزووەوە دەیبەسـتێتەوە كـە كافكـا بـۆ ژن هێنـان هـەیبووەو نـەیتوانیوە كـاری بكـات: لەهـەموو نووسینەكانیدا بابەتی شكستو ناكامی رسكاندووەو وەكـو پەیامبـەرێك بەشـێوەی جۆراوجـۆر ئەمـەی پەسەند كردووە. چونكە كافكا بـەدوای ئـەزموونێكدا چووەو لەنوسینەكانیدا بەوردی تەعبیر لەو ئەزمونە

دەكات. وەكو خۆی نوسیویەتی: (لەڕووی تەمەڵیو نیازخراپیو بێئەزموونیەوە نیە كە لەهەموو شتێكدا چ لەژیانی خێزانیو عەشقو ژن هێنانو كارو ئەدەبدا رووبەڕووی شكست یا غەیری شكست دەبمەوە، بەڵكو لەبەر نەبوونی زەمینو هەواو یاسایە. ئەركی من بەرجەستەكردنی ئەمانەیە.. ئەمە بەئەركی سەرەكی من لەقەڵەم دەدرێ) لەم حاڵەتەدا دیارە كە نەخشەیەكی پیادەكردووە. پاڵەوانەكانی وەكو خۆی لەدنیایەكی نالەباردا ژیان بەسەر دەبەن كەپڕە لەمەترسیو كابوسو باری خۆیان لەم دنیا پووچەدا شیدەكەنەوەو بەئەنجامێكی ترسناك دەگەن كە بنبەستەو رێگەی دەربازبوونی نیە.

خاڵێكی دیكە ئەوەیە كە لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێ تەعبیر لە (القضية)و (المسخ) بكرێ كە بریتین لەباسكردنی چەند هەستێكی ناخۆش كە كافكا دەردی خۆی بێدەرمان دەبینێو دەزانێ كە مەحكومە بەمەرگو دەوروبەرەكەی لێی دوور دەكەونەوە، بەڵام كافكا ئەم دوو بەرهەمەی بەر لەتووشبوونی بەنەخۆشی سیل نووسیووە. ماكس برود نەیزانیووە یان ناڵێت كە كافكا پێشان هەستی بەنیشانەكانی ئەم نەخۆشییە كردووە لەخۆیدا.

ئەو مەسەلەیەی کە لەیەکەم هەنگاودا بۆتە مایەی سەرنجی کافکا رازی بەدەنە. لەوەی مرۆڤ بەدەرنیە سەرسوڕمانێکی منداڵانە نیشان دەداتو دەنووسێت: (سنورداربوونی بەدەنی مرۆڤ ترسناکە) مرۆڤ بەبەدەنی خۆی هەست دەکات کە سنووردارو جیایەو جاری وایە بەدبەخت دەبێ. کێشمەکێشی نێوان ئازادی فیکرو پێکهاتەی بەدەنی سنوردارو لەهەمووشی زیاتر ناکۆکی بەدەنیو ترسەکەی دەبزوێنێ. هەتا توانج لەمەسیح دەدات (شەهیدان بەدەن بەبێ بەها نازانن، چونکە دەیانەوێ بەسەر داردا بەرزبێتەوە، لەم رووەوە لەگەڵ دوژمنەکانیاندا هەمان بەسەرهاتیان هەیە).

بەدەن بەڕادەیەك فیکری سەرقاڵ دەکات کە بەڕای ئەو بەسنووردا تێپەڕبوون مومکین نیە. کەس ناتوانێت لەدەس بەدەنی هەڵبێتو لەگەڵ بەدەنیدا بەتەنیایە. مەسەلەی ئەوەی کە مرۆڤ بەندە بەلەشیەوەو بەدەنەکە فەرمانڕەوایی مرۆڤ دەکاتو جۆرێك لەحاڵەتی پەیوەندی پچڕانو جودایی بۆ مرۆڤ بەرهەم دێنێ. پێکهاتەی بەدەن بەلای کافکاوە یەکێکە لەسیماکانی تاوانکاریو یەکێکە لەشێوە پوچەکان.

نەك تەنها دەبێ لەگەڵ بەدەنێکدا ببێ بەخاوەنی یەك ماڵ، بەڵکو لەهەمووی خراپتر بەدەنێکی بێ بەهاو چەپەڵە کە بێ بەهایی ئەو بەدەنە نیسبی نییەو رەهایەو پێمانەوە لکاوە. بۆ خودی کافکا بارێك هاتۆتە ئاراوە کە زۆر ناخۆشە، چونکە دەزانێت کە روخسارو ئەندامی بەلاویی هێشتۆتەوەو لەکاتێکدا کە سی ساڵە وەکو هەژدەساڵ دەبینرێ. کافکا بەدەردی لاویی گرفتارە وا دیارە پۆشاکی (مێردمناڵێکی) هەیەو دەبێ لەگەڵ ئەو بارە خراپەدا بەگوێرایەڵی ژێر دەسەڵاتی باوکی بمێنێتەوە. بەڵام ئەو لەبیری هەڵاتندا نییە لەو حوکمەی کە وردوخاشی دەکات، تەنها دەیەوێ لەلای خۆی تەبرێ بێت. ئەمە یەکێکە لەو گرێیانەی کە ئەزموونی (بەدەن) لەهەستی گوناهکاری نزیك دەکاتەوە. دوو بابەت پێکەوە دەلکێن: بابەتی ئازەڵو بابەتی داوەری.

کافکا بۆئەوەی کە وێنایەکی بەرجەستە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان خۆیو باوکی بەدەستەوە بدات، پاڵەوانەکانی خۆی لەدنیای گیانەوەران هەڵدەبژێرێ. لەمە باشتر ناکرێ گۆشەگیری ترسناكو زمانی پەیوەندیی تەواو باس بکرێ: هەر جۆرە هەوڵێك بۆ پەیوەندی پێشان بەری لێگیراوە، هیچ جۆرە خاڵێکی

هاوبەش لەئارادا نییە. (بەشی یەکەمی نۆڤلێتی مەسخ) لەو شوێنەوە بابەتێك سەرهەڵ دەدات کە لەتەواوی بەرهەمەکانی کافکادا بارهێنراوە: واتە نەبوونی هۆکاری ناساندن، ئەو مرۆڤەی کە لە (مەسخ)دا دەبێت بەر قالۆنچە، بەلگەیەك دەهێنێتەوەو حساب دەکاتو لەگریمانەیەکەوە دەچێتە سەر گریمانەیەکی دیکە بۆ ئەوەی کاری خۆی بەڕێ بکات. بەڵام تووشی چارەنووسێکی خراپتر دەبێت، چونکە ئەو شتەی کە پێویستێتی بۆ ئەوەی بەدبەختی پێهەڵبگرێ ناتوانێ دەرکی پێبکات. هۆشی کە بەرووکەش لەدەستی داوە لەدەرەوەی هێزی دەرك کردنەوەیە، هەوڵەکانی بەفیڕۆ دەچێت، هەڵوەرینی بەدەنی مۆری قەڵبی لەڕووی داوەو بێ توانای کردووە. لەچیرۆکی (لانەدا) ئەم بارە دەگاتە سنووری تۆقاندن: گیانەوەرەکە تەواو تەنیایەو خەیاڵی خۆی کاوێژ دەکاتەوە. هەڕەشەیەکی نادیار ئەشکەنجەی دەدات، تەنها مەرگ خامۆشی تەواو لەبەرامبەر پرسیارە بێ کۆتاییەکانو دڵەڕاوکێدا بەرقەرار دەکات. لەم چیرۆکە ناتەواوەدا ترس بەرادەیەك زۆرە کەوا دیارە گیانەوەرەکە دوژمنی نەناسراو هانو دەدات بۆ ئەوەی زووتر بیکوژێ.

شانبەشانی (جسمانیەت) داوای دادگا و بابەتی تاوانباری یەکێکە لەو مەبەستە بنچینەییانەی مایەی سەرنجی کافکایە. خوێنەر بۆ ژووری ماڵە دوورەکانو ڕاڕەوە نیمچە تاریکەکانو دەرگا نهێنیەکانی فەرمانگەکانو ئەو کۆشکانە پەلکێش دەکات کە لەدوورەوە لەژێر بەفردا دەدرەوشێنەوەو ئەو دەرگا وانانەی کە بەرگیان یەك جۆرەو نامەبەرانو نوێنەرانی تایبەتیو ئەو کارمەندانەی کە قسەیان لەڕووەو دادوەرانی پەژموردەو داواکارە گشتییەریش درێژەکانمان پێ دەناسێنێ کە دەکرێ تەنها وێنەکانیان ببینین. بەڵام پێویستی بەهەموو ئەمانە هەیە. ئەو (روخسارانەی) پەیوەندییان بەدادگاوە هەیە لەگەڵ کاربەدەستانی ڕەسمیدا هاوکارن. بەر لەهەموو شتێك پەیوەندی سەرۆكو ڕەعیەت لەدەزگای جاسووسیو کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێ کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بایەخ بەزنجیرەی موراجەعە دەدەن. فەرماندەو فەرمان پێکراو هەیە. کاربەدەستانی ڕەسمی هەمیشە لەسەر هەقن. دۆسیێیان هەیە لەدژی خەڵك کە هەر کاتێ حەز بکەن دەتوانن بیخەنە کارو خەڵك حوکم بدەن. توندترین سزا لەدژی جوزیف ك.. جێبەجێ دەکرێ، چونکە دەبێ دادپەروەری جێبەجێ بکرێو لەهەموو

حاڵـەتێكدا دەبـێ تاوانبـار تـــەمێبكرێ. لـەڕۆمانی (القضیة)دا لە كەنیسە قەشە بـەجوزیف ك.. دەڵێـت: (دەزانیت كە كارەكەت گەنگە؟).

(بۆچی؟ من تاوانبـار نیـم! هەڵەیـەك رووی داوە. جگـە لەمـەش چۆن دەشـێ كەسـێك تاوانبـار بێـت؟ چونكە ئێمە هەمووومان مرۆڤینو لەیەكتری دەچین).

(راسـتە. بــەڵام ئەمــە شـێوازی پاسـاوهێنانەوەی خەڵكانی تاوانبارە).

لـە(گروپـی مەحكوومـەكان)دا ئەفسـەر دەڵێـت: (بێگومـان هەمیشـە تـاوانێك لەئارادایـە) بـەڵام نابـێ بەهەڵە بچین كە لە(گروپـی مەحكوومـەكان)دا دادگا تاوانبار دەكرێتو بەرەو نائومێدی دەچێت. دادگای داوەری لەكار دەكەوێو ئەو جەللادەی كە مەئمووری جێبـەجێكردنی یاسـا بـوو، بەدبـەخت دەبـێو دەكەوێتـە گۆشـەگیریی رەهاوە كـە بەلایـەوە حوكمـی مـەحكومی هەیـە. بـەم پێیـە دادگا لـەدوای مردنـی فـەرماندە دیمـەنی جۆرێـك لەمەراسـیمی پـووچ و هێڵنـج هێنـەر بەخۆیـەوە دەبینـێ (لێرەدا دەبێ بـۆ كاریگـەریی نیچـە بگـەڕێین لـەبیری كافكـادا)و لـەكاتێكدا كـە ئەفسـەرەكە خـۆی دەخاتـە ژێـر دەرزییـەكانی ئـامێری ئەشكەنجەوە، حـاڵی لێنایـەتو ئەو نووسراوەی كە بەخاڵ لەسەر لەشی دەنووسـرێو

مەحکومانی بەر لەو لەکاتی حاڵ لێهاتنو عەشقدا لەگەڵ ئازاری بەدەنی خۆیاندا دەیان خوێندەوە، ئەفسەرەکە ناتوانێ پیتەکانی لەیەك جیا بکاتەوە. لێرەشدا نەك تەنها بۆ قوربانی بەڵکو بۆ جێبەجێکەری یاساش، دەرككردن سەری لەبەرد دەدرێ.

بابەتێکی دیکە کە مایەی سەرنجی کافکایە، بابەتی بینایە، بینا شێوەی باشی کارەکەیە کە بەباشترین شێوە ئەنجام دەدرێ، جۆرێکە لەئاراستەکردنو لەدایك بوون: بوون پێویستی بەوەیە کە بنیات بنرێ. بەهەمان رادە کە بینا پێشدەکەوێ دەچێتە ناو حەقیقەتەوە. کاری بینا شتێکی دابڕاوو جیا نییە. دەشێ بەمەبەستی مامەڵەی کۆمەڵگایەك بەکاربێ کافکا کە سەڵت بووە بۆئەوەی کە پەیوەندیی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا مومکین بێ، حەز دەکات دەست بداتە کارێك کە خەڵك لەئامانجی هاوبەش کۆبکاتەوە. دەبێتە سازندەی کەسانی پایەبەرزو مەسئول. وەکو درامای بورجی بابل کە دەبێ ناوبژیوانی نێوان زەویو ئاسمان بێت. واتە لەهەمان کاتدا خەڵك یەك بخاتو سەر لەئاسمانیش بسوێ. بەڵام بابل روخاو لەم رووەوە بووە مایەی سەرنجی کافکا. هەروەها

لە(دیواری چین)دا ماوەکان بێئەندازە دوورودرێـژن‌و پشـێوی‌و لەبەریـەك هەڵوەشـان بەسـەر وەزعەکـەدا زاڵـە. بـەردەوام پـەیوەندی کاربەدەسـتانی بـاڵاو کارسـازەکان دەپچـڕێ. ئـەم کـارە هـەرگیز کۆتـایی نایەت. ئەوەی پەراگەندەیی دەیهێنێ لەوە بـەهێزترە کە یەکێتی دەیهێنێ.

وەکو ئەفسـانەی سـیزیف Sisypheی یۆنـانی هـەر بەرهـەمێکی کافکا بینایـەکی مەعنەوییـە مەحکومـە بەوەی بدرێ بەسەریەکدا، هەمیشە درزی تێدا پـەیدا دەبـێ‌و دڵـەڕاوکێ درزی تێدەکـات. هـەر وەکـو هەوڵەکانی ك.. لەڕۆمانی (کۆشـك)دا زەوییەکـە تـەی دەکـاو وەکـو ئـەو نەخشانەی ئەفسـەرەکە لـە(گرووپـی مەحکومـەکان)دا بـۆ تـەبرێکردنی خـۆی دەیکێشـێ بۆئەوەی گەشتیارەکە سەبارەت بەئوتومبیلەکـە هیـچ نـەڵێت‌و ئەگـەرە بێکۆتاییـەکانی ڤالۆنچەکـە لـە(مەسـخ)دا هـەموو ئەمانـە جگـە لـەبینا شـتێکی دیکەنین‌و هەموویان مەحکومن بەڕووخان.

لەچیرۆکی (لانە)دا بابـەتی بینـاو درامـای ئـاژەڵی بەیەك دەگەن. گیانەوەرەکە دەبێت بـەداو بـۆ خـۆی. ترسی لەموڵکداریی لانەکەی خۆی نییە. (لەبنچینەدا کافکا دەربارەی موڵکداری‌و سەروەت‌و سامان. بـەهیچ شـێوەیەك ئارەزوومـەندیی نیشـان نـادات) ترسـی

جانەوەرەکە زیاتر ترسە لەئاساییشی لانەکە کە هەر لەسەرەتاوە دەشێوێ. بەڵام ئەمجارە بینا لەژێر زەوی دایەو لەدڵی خاك دایە. لەڕۆژنامەکەی خۆیدا دەنوسێت: (ئێمە چاڵی بابل دروست دەکەین) ئەو کینایەی کافکا بەکاری دەهێنێ ئاماژە بۆ چارەنووسی شوومی سەردەمی ئێمە دەکات: لەکاتێکدا کە مرۆڤ بووە گیانەوەرو ژیانی ئێمە لەترسی پەناگەیەکی ژێر زەمیندا دەگوزەرێو لەڕووی مەعنەوییەوە خەریکی هەڵکەندنی (چاڵی قووڵ)و دۆزینەوەی (حەقیقەتە تاریکەکانین). ئەم کارەش جارێك بەرەو دۆزەخو جارێکی تریش بەرەو سەردابی ژێرزەمینی ڕێنمایمان دەکات. ئەم میتۆدە وردە بەڵام پووچە کە لەترس‌ودڵەڕاوکێوە سەرچاوە دەگرێو هەست لەبەرامبەر ئەرکە بێشومارەکاندا هەرەس دێنێ. (نە، ئێستا) ئەم بەڵێنەی سەر خەرمانی وەڵامی ئەبەدی دنیا لەبەرامبەر دوا پرسیارە قوڵەکانو پێویستییەکانی مرۆڤدایە. (نە ئێستا، نە سبەی، نە هیچ کاتێ) ئەم کۆپیکردنە تاڕادەیەك لەهەموو بەرهەمەکانی کافکادا دوبارە دەبێتەوە. لەتەواوی ماوەی ژیانیانداو چەندان سەدە دروستکەرانی دیواری چین چاوەڕێی پەیامی پاشایەکن. ژیانی ئێمە شتێکی سەربەخۆو پایەدار

نییەو بەهایەکی نییە. مەنزلگایەکە لەسەرای نێوان دوو عەدەمدا. دنیای ئێمە وەکو دنیای (گریگوسی راوچی) دنیای جولەکەیەکی سەرگەردانە.

بوونی ئێمە لەسەر زەوی هەرچەندە کاتییە، بەڵام ئەفسووس ناچاریشە. لەم حاڵەتەدا نەك تەنها چاوەڕوانی بەڵکو دەخالەتی زۆرەملێش بێهوودەیە. بەڵام ئەم چاوەڕوانیە پڕە لەمەسئولیەت (وەکو ك.. لەڕۆمانی (کۆشك)دا کە هەستی دەکرد هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ کەسانی دیکەدا نییەو لەهەموو کاتێ ئازادتر بوو، بەڵام شتێکیش نەبوو لەوە پوچترو نائومێدانەتر، پاشان کەسانێك هەن کە حەزیان دەکرد هەرگیز نەهاتنایەتە دنیاوەو کەچی هاتوونەتە دنیاوە، بۆیە حەزدەکەن هەرچی زووتر ماوەی نێوان لەدایك بوونو مردن ببڕن. لەم رووەوە فەلسەفەی کافکا لەبیروباوەڕی گروپیکاتارەکان Catharea واتە (فەرەنساییە مانوییەکانی سەدەی ١٣) دەچێت کە باوەڕیان وابوو ژیان لەسەر زەوی جۆرێك نەفرەتی خوداییەو تەنها مەرگ دەتوانێ بوونەوەرەکان لەم کۆتو پێوەندە قوتار بکات. بەم پێیە ئەوە بەدی دەکرێ کە تازەیی بەرهەمی کافکا تەنها پەیوەندی بەمەسەلە (حەقیقی)یەکانەوە نییە کە لەدنیای ئێمەوە وەری دەگرێ، بەڵکو ئەو

کینایانـەی کـە رەوشـی زەمانـە کـردی بەئیلـهامی بەشـێوەی ئەفسانە نیشان دەداتـەوە. هـەموو شـتێك بەشێوەیەك رێك دەخرێ وەکو ئەوەی کە خـەرەندی خـەیاڵی کافکا لەگـەڵ خـەرەندی کارەسـات ئـامێزی رۆژگـاری ئێمـەدا تـەبابێ. تازەگـەریی کافکـا نـە لەکینایـەو وێنەکاندایـەو نـە لـەتکا خامۆشـەکانیو ناپەسـەندی سـایکۆلۆجی ئەوەدایـە کـە پێـش رەسـم کـردن لـەدایك بـووە. پەیوەسـتی فکـری کافکا لەگـەڵ دنیـای ئێمـەدا ئاشـکرایە، مامەڵـەکردنی نـەك تەنـها لەرووکەشـدا رووی داوە، بـەڵکو زۆر دوورتـر رۆیشتووەو بەبزوێنەری سەرەکیەوە بەندە.

ئـەوەی کـە سـەیرە، ئەوەیـە کـە ئـەو مەسـەلانەی مایـەی سـەرنجی کافکایـەو وەکـو بەشـێکی لەجیابوونـەوە نـەهاتووی رۆحیـەتی تـازە لەقەڵـەم دەدرێ، دستویڤیسکیش بەزمانێکی دیکە هـەمان ئـەو مەسـەلانەی باسکردووە. بەیـەك گەیشـتنی ئـەم دوو پیاوە لەناکاو نییەو پەیامی هەردووکیان لەیەك (ژێر زەمـین)ەوە بەئێمـە دەگـات. رەنگـە هـەندی ئـەم پێشـبینییە قووڵەی سـەردەمی ئێمـە بەکاریگـەریی نەخۆشـی بزانـن یـان وەکـو کەشـفو کـەرامات لەقەڵـەمی بـدەن، بەهـەرحاڵ ئێمـە لەبـەردەم دیفاکتۆداین.

خەڵکانی ئـەمڕۆ تینـووی دادپـەروەریی بێغـەل‌و غـەش‌و بنـەمای سـەرکەوتوانەن‌و چـاوەڕێی چـەند راسـتیەکی تـازەن. بەرهـەمی کافکـا ئـەم بابەتـە دەهێنێتە ئـاراوە، پاشـان نیشـانەی نـائومێدی ناکامی دەخاتـە سـەر. ئایـا لەبەرئـەوەی کـە بەرهـەمی کافکـا کۆشـکی ئومێدی ئێمـە وێـران دەکـات دەبـێ لـەدوور فڕێی بدەیـن؟ ئـەو دادگایـەی کـە بۆمـان دروسـت دەکـات، لەپەرسـتگایەکی وێرانـە دەچێـت‌و لەهـەمان کـاتدا زیندانیشـە. بێگومـان ئـەم زینـدان‌و وێرانەیـە شـتێکە کـە دەمانـەوێ لەدەسـتی رابکـەین. رەنگـە زینـدان‌و وێرانەیـەك بێـت کـە دەبـێ لـەدڵی خـەڵکدا وەکـو ترسـی ئەبـەدی بەپایـەداری بمێنێتـەوە. کـە دەتوانێ بڵێت ئەم وێنانە خاوێنن.

نـەبوونی دڵنیـایی‌و هەسـتی تاوانبـاری خاسـیەتی ئەخلاقی کافکایە. بەمەفهومی کافکا تاوانبار کەسێکە ژیانی تـەواو نـیـەو بـەردەوام مـافی بوونـی لـەدنیادا هەڕەشـەی لێدەکـرێ. کاریگـەریی پـەروەردە بـەڕای کافکـا جگـە لـە(بێـداری‌و کۆیلـە پـەروەری)و (زینـای مەعنەوی) شتێکی دیکـە نیـە. لـەو کاغـەزەدا کـە بـۆ خوشـکەکەی نووسـیووە سـەخت تریـن‌و توندتریـن رەخنە ئاراستەی پەروەردەی خێزانی دەکات[1].

---

[1] Max Brod Franz afka: Londn 1947 pp.167-171.

با ئەوە لەبیر نەکرێ کە کاتێ کافکا دەیەوێ مرۆڤی راستەقینە نیشان بدات بەلایەوە دژوارەو دەبێ دیمەنێك لەدنیای دیکە لەسەردەمی کۆندا رەسم بکات. هەر کاتێ دەیەوێ مرۆڤەکانی ئەمڕۆ بناسێنێ، بوونەوەری سەقەت، نیوە ئینسانو نیوە گیانەوەر، Odradek یان ئامێری خۆبزوێنو شەمپازیاو مشکە کوێرەو سەگو قالۆنچە وەکو مرۆڤی ئێستا دەناسێنێ.

جۆرێك لەمەحکومی لەسەردەمی بێسەروبەریی‌دا بنچینەکەی بەدەستی مرۆڤە مەیمون سیفەتەکان دارێژراوە. سەگەکە لەدڵی خۆیدا دەڵێت: (زانست لەجێگایەکەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە ئەمڕۆ رێگاکەیمان ون کردووە.) کافکا زۆرجار دەچێتە قالبی گیاندارانەوەو خۆی دەخاتە شوێنی ئەوانو بەئازارو ئەشکەنجەدا دەڕواتو وردەکاری حاڵەتەکانی گیانداران دەگێڕێتەوە. لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا چارەنووس تەبرێ نابێ. ئەنجامی تاڵاوی چارەنووس بۆ دابو نەریتو یاساکانی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە. یاخیبوونی کافکا بێدەنگە هەر بۆیە لەگرێژەنە دەچێت. تەواوی حاڵەتە (حەیوانییەکان) لەبەر کارەساتی گشتی نەناسینی گەردوندا نیشان دراون. وەکو ئەو کەسەی کە لەچیرۆکی (دیواری

چین)دا بەچاوی پرشنگدارو واق وڕماوەوە پەیامی پادشایەك دەهێنێ (پەیامەکە بۆ ئێوە نێردراوە، ئێوە لێرەن، پەیامەکەش لێرەیە. تەنها نەقڵ کردنی دژوارە، ئومێدێك نییە کە هەرگیز پەیامەکە وەربگرن). بەم پێیە ئەو پەیامەی کە پادشا لەسەرەمەرگدا داوێتیبەپەیامبەرەکەی هەرگیز ناگاتە جێی مەبەست. پادشا مردووە لەکاتێکدا کە چاوەڕوانی فەرمانی ئەون!

ئەوەی کافکا بەشوێنیدا دەگەڕێ، بۆ ئازادی خۆیو کەسانی دیکەیە لەکۆتی بەندایەتیو کۆیلایەتی. لەنووسینەکانیدا زۆرجار داوای بێدەنگی لێدەکرێ. لەناو مێرگەکەدا نوێنەری چەقەڵەکان پێی دەڵێت (من لەهەموو چەقەڵەکان پیرترم خۆشحاڵم کە لێرەدا سڵاو بۆ تۆ دەنێرم. تاڕادەیەك ئومێدم بڕابوو، چونکە ساڵانێکی زۆرە کە چاوەڕێی تۆ بووین..) لەکورتە چیرۆکی (بوونەوەرێکی دوو رەگ)دا ئەو گیانلەبەرە ناتەواوەی کە بەدەنی لەنیو پشیلەو نیو بەرخ پێکهاتووە، کاتێ لەسەر کورسی دەجوڵێ، دەستەکانی دەخاتە سەرشانی کافکا و لووتی دەباتە بن گوێیەوە: (وادیارە کە دەیەوێ شتێکم پێبڵێ، پاشان بەپێشدا دەچەمێتەوەو سەرنجی سیمای من دەدات بۆئەوەی کاریگەریی چرپەکەی

دەسـكەوێ). لـەڕۆمانی (كۆشـك)دا ك..زەوی تـەی دەكـات لەبەرامبـەر ئـەو خەڵكـە كۆیلەیـەی كـە لەموسـافیرخانەدا دەوری لێدەدەن هەسـت بەبـەزەیی دەكـاتو لـەچاویاندا تكـاو رجایـان دەخوێنێـتەوە: (لەڕاستیدا رەنگە چاوەڕوانیـەكیان هـەبوبێ لێی كـە نـەیاندەتوانی بیڵێـن.. كۆیلـەكان بـەدەمی داچـەقاوو لێوی ئاوسـاوو سـیمای ئەشـكەنجە دیـوەوە تەماشـای ئەویان دەكرد. وادیار بوو كە بـەمێكوت سـەریان پـان كردبێتنـەوە وەكـو ئـەوەی كـە قەڵافـەتیان لـەژێر فشاری ئـەو ئەشـكەنجەیەدا دروست بووبـێ) گرنگـی ئـەركی كافكا لێرەدا ئاشكرا دەبـێ. بـەم بۆنەیـەوە بێڕەحمانـە لەبـەردەم تـەواوی گیروگرفتـەكاندا دەوەستێو هـەموو جۆرە سـەرگەردانیو زەبوونیـەك بۆ خۆی ئاسان دەكات.

بـەڵام لەو دنیایـەدا كـە مامەڵـەی گـەرمو گـوڕ رووناداد رەحم لەئارادا نییە. رەحم ناتوانێ وجودی هـەبێ مەگـەر دوای بەیـەك گەیشتنی نیگا. وادیـارە یاسا جەنگی كوێركردووەو بەلای ئەم كەسە كوێرەوە وەكو ئـەوە وایـە كـە لەگـەڵ مردووەكـاندا شـەڕبكات. بەر لەهەرشتێ لەگەڵ ئـەو بەشـە مـردووەی خـۆیدا شـەڕ دەكـات كـە لـەدژی وەسـتاوە. بـەڵام وادیـارە كـە دوژمنێكی مردووی گەورەی هەیە كە دەبێ لەگەڵیدا

دەرگیربێ، دوژمنێك كە بەوزەو توانای مەرگەوە هێرشی بۆ دەكات. (گروپی مەحكومەكان) وێنەیەكی سەرنج راكێشی لەو بارەیەوە تێدایە. ئەو ئامرازی ئەشكەنجەیەی كە لە داهێنانی ئەفسەرە مردووەكەیە، ئەم دەزگا ئوتوماتیكە ئەهریمەنیەی كە كەمو زۆر ئیرادەی كەسێكی مردوو جێبەجێ دەكات! كە دەتوانێ بڵێ داواكاری گشتی لەڕۆمانی (القضیة)دا نەمردووە یان تەواوی ئیدارەی جاسووسیو دادگا شتێك نییە جگە لەپاشماوەی پووچی دەزگایەكی میكانیكی دادگا كە هیچ جۆرە هەڵخلیسكانێكی تێدا بەدی ناكرێ جگە لەوەی كە حاكمی حەقیقی تێیدا وجودی نییە. دەڵێی لە نووسینەكانی كافكادا جۆرێك دەردی كۆن بۆ رۆژگاری پێشوو وەكو خەو قورس بوون. سەگەكە لەدڵی خۆیا دەڵێ: (نەوەی ئێمە سەرگەردانە، دەبێت بەو جۆرەش بێ. زیاتر لەنەوەكانیتر قابیلی رەخنە لێگرتنە، دەتوانم دەرك بەدوودڵی سەردەمی خۆمان بكەم بەڕاستی ئەمە دوودڵییەكی سادە نییە. ئەمە خەوێكە كە هەزاران شەو دیومانەو هەزار جار فەرامۆشمان كردووە). ئەفسووس بۆ زەمانێك دەخوات كە (سەگەكان هێشتا وەكو ئەمرۆ ئەوەندە نەببوون بەسەگ).

لەدنیای کافکادا پەیامی دڵەڕاوکێ هێنی چەند ڕووداوێك بەدی دەکرێ کە هێشتا ناتوانین پەی بەمەفهومەکەی بەرین. مرۆڤی فەرامۆشکاری نوێ کە لەبنچینەدا پەرت بووە لەدنیایەکدا دەژی کە دۆستایەتی وجودی نییە مەگەر لەڕێگەی (خاڵی بوونەوەوە) کە لەرۆحی کەسەکاندا بەرهەم دێ. لەم ڕووەوە، نەدەتوانێ وێنای خۆیو نەهی خواوەندیش بکات. بۆیە ناچارە کە بەڕەسمی دان بەکۆتایی فەرمانڕەوایی خۆی دابنێ وەکو کارەکتەری ئینسانی، بەڕای کافکا سەردەمانێکە کە کارەکتەرێك وجودی نییە، ئاسمان خاڵییەو لەسەر زەوی چەند بوونەوەرێك بەیەکدادێن کە مرۆڤ نینو هەتا بەتەواوی هەلومەرجی سەرەتایی ژیانی ڕابردوویان فەرامۆش کردووە. چیتر مرۆڤ ناتوانێ بەشوێن ئەزموونی تاڵی ئینساندا بچێت. جێنشینی چەند گیاندارێك دەبن کە تا ڕۆژی مەرگی خۆیان دەخزێننەوە کونجی خاڵی هێلانەکەیانەوە. ئاشکرا نییە کە مەرگیش باشتر لەژیان بتوانێ لەیاسای بێدەسەلاتی دووربکەوێتەوە، چونکە گریانو ناڵەو دوعاو نەفرەتیش کاری لێناکەن.

لایەنێکی دیکەی ئەم دڵەڕاوکێیە وەکو ئەو بیروباوەڕانەی سەدەکانی ناوەڕاست کە پەیوەندیان

بەئیلاهیاتــەوە هەیــە هەســتی کۆتــایی نــەهاتنی بەهەشتی سەر زەوییــە (ئێمـە بـۆ ژیـان لەبەهەشـتدا دروست کرابووین، بەهەشـت بـۆ ئێمـە رازێندرابـۆوە، بـەلام چـارەنووس گـۆڕا، ئایـا گۆڕانێکـی لـەو جـۆرە لەچارەنووسـی بەهەشتیشــدا رووی داوە؟ ئامــاژە بــۆ ئـەم خالـە نـەکراوە) کافکا هـەوڵ دەدات بچێتـە نــاو بەهەشــتی ســەر زەوییــەوە. هــەروەها ئامادەیــە واز لــەژیانی بــەدەنی بێنــێ بــۆ ژیــانی مەعنــەوی، لەیاداشــتەکانی خــۆیدا ئــەو بــاوەڕە کۆنــە هنــدیو ئێرانییــە بەرجەســتە دەکــات کــە دەڵێــت: (جیــهان جیهانێکی دیکەیە غەیری جیهانی بەهەشتی، ئــەوەی کـە ئێمــە بــەدنیای هەســت پــێکراو (گێتــی) نــاوی دەبــەین بوونــی شــەڕ نییــە لــەدنیای بەهەشــتیداو ئەوەی کە بەشەڕ ناوی دەبەین پێویستی کاڵ بوونی بێکۆتایی ئێمەیە) لەجێگایەکی دیکەدا بەشـێوەیەکی نــهێنی ئــامێز دەنووســێت: (قەفــەزێك بەشــوێن باڵندەیەکەدا گەڕا) ئایا قەفەز نایەوێ ئەوە بسەلمێنێ کـە باڵندەیــەك وجـودی نییــەو هــەموو جێگایــەك خاڵیـیە؟ هـەر کـەس قەفـەزی خـۆی بـەدوای خۆیـدا بــەکێش دەکــات، ئــەو کەســەی کــە لەقەفــەزدا دەمێنێتــەوەو ناچێتــە نــاو هــاتو هـــەراوە رۆشــن بینییەکی سەیری هەیــەو هەموشـتێك لەکەسانی دی

باشتر دەبینێ. هەتا لەبەدبینیدا هەنگاوێکی زیاتر لەکەسانی دی ناوە، چونکە دنیا بەخاڵی لەئومێد نازانێو لەم حاڵەتەدا لایەنی گشتی بەڕەش بینییەکەی ناداو کافکا لەوەڵامی دکتۆر برودا دەڵێت: (دنیا پڕ لەئومێدەـئومێدێکی زۆر هەیەـ گریمان بۆ ئێمە نییە).

هەمان ئەو تەمومژەی کە لەبەرهەمەکانی کافکادا دەبینرێ بۆتە هۆی راڤەکردنو تەعبیر لێکردنی فراوانو هەندێك کافکایان بەنووسەری فەلسەفەی ئایینیو لایەنگری سەهیونیزمو دەروێشی فرۆیدو رەخنەگری کۆمەڵایەتی لەقەڵەم داوە. بەڵام ئەو توانجو تەنزەی کافکا بۆ هەوڵی بێهوودەی مرۆڤ لەگەڕان بەشوێن ئیلاهیەتدا بەکاری بردووە ساردە، بەڵام وەکو هەوای رۆژێکی زستان روونە. لێرەدا راستگۆییو شێتی بەگاڵتە دەگیرێ. کافکا باوەڕی وایە کە چارەنووسی مرۆڤ گەمەی وشەی ئیلاهیەتەو ئەمە کلیلی گاڵتەجاڕی میتافیزیکی ئەوەو گاڵتە پێکردنەکانی زیاتر ئاراستەی مەزهەب دەکرێ.

ماکس برود ئەوە دەگێڕێتەوە کە کاتێ کافکا بەشێکی لەڕۆمانی (القضیة) بۆ هەندێ لەدۆستانی دەخوێنێتەوە، ئەوان ئەوەندە پێدەکەنن کە ئاو بەچاویاندا دێتەخوارەوەو خودی کافکاش بەڕادەیەك

دێتــە پێکــەنین کـــە ناتوانـــێ بـــاقی رۆمانەکـــە بخوێنێتـــەوە. باســی کۆمیدیــای دنیــایی کــە مــرۆڤ لەپشکنینی ئەوەی کە پێویستە هەبێ لەو رێگایەدا کە پیــایدا دەڕوات ســەری لەبــەرد دەدرێو هەســتە باڵاکــانی بـــۆ زەوی بـــەکێش دەکـــرێ بەتـــەواوی وردەکارییــە رێکەوتەکانــەوە وەســفی ژیــانی ئێمەیــە تایبەتە بەکافکا.

ئەدەب بەلای کافکاوە هونەرکاریی نـەبووە، کافکا بەتــەواوی ســەبارەت بەئــەرکو بــەهاو گرنگــی کــاری خــۆی هوشــیارە. وشــەڕێزکردنو رستەســازیو هونــەر نوانــدن لەنووســینەکانیدا بــەدی نــاکرێ. کەســێکە زمانی سادەو شێوازی خۆی دۆزیوەتەوە. هــەتا حــەزو ئارەزووی خۆســتایش کردنیشی نییــە. (لــەوە بــێزارم کە پەیوەندی بەئەدەبیاتەوە نییە، لەگفتوگۆ مــاندوو دەبم (ئەگەرسەبارەت بەئەدەبیش بێ). بەشێوەیەکی مەرگبار لەتێکەڵاوی هەڵدێم. جگــە لەمــەش گفتوگــۆ لــەوە بێبەشـــم دەکــات کـــە مـــن بـــیر لـــەگرنگیو حەقیقەتو جدی بوونی دەکەمەوە.

لەو حەقیقەتەدا کە کافکا تیایدا دەگەڕێ هــەموو شــتێ روونو ئاشــکرایە، نــاکرێ لەسێبەری شــتەکاندا خۆت بشاریتەوە، ناکرێ نکۆڵی لەحەقیقــەتی ئاشــکرا بکــەی، لەجێگایــەکی دیکــەدا دەڵێت: (هونــەری ئێمــە

تێڕامانە لەبەردەم حەقیقەتدا، ڕۆشنایی رووی ئەو رووخسارە مۆنەی کە دەکشێتە دواوە حەقیقەتەو بەس) ئەوەی کافکا دایهێناوە زادەی فیکری خۆیەتی. چەند بیرۆکەیەکە کە لەماوەی ئەزموونی تایبەتیدا بەدەستی هێناوە. هونەری کافکا پێویستی دەروونیو ژیانی خۆی چۆڕاندوویەتەوە. زمانی سادەو بێڕازاندنەوەیەو رەنگی پەڕیوی لەگەڵ کینایەی نادیاردا، بەباڵاترین شێوازی ڕۆماننوسینی تازە لەقەڵەم دەدرێ کە سەرنجی خوێنەر تەنها بەلای بابەتدا رادەکێشێ. لایەنی گاڵتەجاڕیو وردەکاری لەباسکردنی بەشەکانو سادەیی شێوازی لەچیرۆکێکی وەك (دیواری چین) دەگاتە جوانیو شەفافیەتی تەواو.

کافکا یەکێکە لەبەتواناترینی ئەو نووسەرانەی کە شێوەی هێماو ئاماژە پەیڕەو دەکاتو لەواقیع بینیدا بەئەندازەیەك زیادەڕەوی کردووە کە بەسەرهاتە ئاساییەکانی ژیان بەقووڵی نیشان دەدات. ڕووداوەکان بەجۆرێ ڕێك دەخرێنو بەساردیو توندوتیژییەکەوە تەرح دەکرێن کە کاریگەرییان لەسەر خوێنەر حەتمییە.

دەڵێی ئەو کەسانەی کەدەیان ناسێنیو ئەو ڕووداوانەی کە باسیان دەکات نەدەکرا بەشێوەیەکی

تربیٚو ناکریٚ شتێکی بۆ زیاد بکریٚ یان لێی کەم بکرێتەوە. ڕووداوەکان بەیەکەوە پەیوەست نین، هۆکارەکانیان نالێت‌و روونی ناکاتەوە، ئەمە لەسیفەتەکانی کافکایە کەوا دیارە بەپێچەوانەی شێوازی باوی ئەدەبیەوەیەو لەهەمان کاتدا گاڵتە لەگەڵ بابەتە ئازاراوییەکان تێکەڵ دەکات کاتێك مەسەلە زەمینییەکان‌و میتافیزیقیا دەبن بەیەکێك. بابەتی لێکچواندن‌و کینایە لەئارادا نییە. بەڵکو حەقیقەتی ئینسانییە کە بەتەواوی وجوودمانەوە هەستی پیٚدەکەین‌و ڕووبەڕووی داواکارییە تازەو ناوادەکان دەبینەوە. دەستپیٚکردنی ڕۆمانەکانی ئەوەندە داهێنەرانەیە کە بەبیٚ ئارایش‌و زۆر بڵێیی بەڕستەیەك خوێنەر دەچێتە ناو دڵی بابەتەکەوە. بۆ نموونە لەسەرەتای ڕۆمانی (القضیة)دا دەڵێت: (بیٚگومان بوختانیان بۆ جۆزیف ك..کردبوو، چونکە بیٚئەوەی تاوانێکی کردبیٚ، سەرلەبەیانی ڕۆژیٚ گیرا). دەستپێکردنی ڕۆمانی ئەمریکا بەم شێوەیەیە، (کارل ڕوسمان شانزە ساڵان بوو کە لەلایەن خێزانە دەستکورتەکەیەوە ڕەوانەی ئەمریکا کرا، چونکە خزمەتکارێك فریوی دابوو، لەکارل سکی پڕببوو).

لە نۆڤلێتی (المسخ)دا وەکو ئەوە وایە کە پاڵەوان لەناکاو لەحاڵەتی نیوە خەوو نیوە ئاگاییدا بەخۆی

بزانـێ (ڕۆژێـك بــەیانی گریگـۆری سامسـا هــەر كــە لەخـــەوێكی نـــاخۆش خەبـــەری بـــۆوە، بینـــی كـــە لــەجێگایدا بــووە بەقالۆنچەیــەكی ترســـناك). ئـــەو چیرۆكانــــەی كـــە بـــەم پێشـــەكییە بـــارهێنراون، بیرۆكەیەكن كە فورمەڵە بوونو بەسادەیی چوونەتـە سەر كاغەز. كافكا زۆر بـەخێرایی دەینووسـی، جـاری وابوو وەكو دوستویڤیسكی كە لـەدنیای نێـوان خـەوو بێـــداریدا شـــتی دەنووســـی، كافكـــاش لەشـــەوێكدا چیرۆكێك تـەواو دەكـات. لەنووســینەكانیدا زۆر ورد، وردەكـاریو راسـتگۆیی تـــەواو نیشـان دەدات. كافكـا دەنووسێت لەبەرئەوەی پەیامێكی بەپەلەی هەیە كـە بیگەیەنێ. نابی بپرسرێ كـە كافكا دەیـەوێ چیبڵێ، ئـــەوەی كەوتوویـــەتی هـــەمان ئـــەو شـــتەیە كـــە ویستوویەتی.

دنیـای كافكـا دنیـای خـەوە كـە بـەترسو دیقـەتی كابوسەكانی یەخەی مرۆڤ دەگرێ (چونكە دەزانێت كە خـەون سـەرەڕای خـزو لووسـی رووكـەش لـەڕووی وەسـفەوە كـورتو پوختـی گـەورەی تێدایـە) لــەناكاو هەســـت دەكـــەین كـــە لەگـــەڵ ژاوە ژاوو پووچـــیو گاڵتــەجاڕیدا هــەمان دنیــای بێــداری خۆمانــە كـــە خومـان پێوەگرتـووەو بـەجدی دەیگریـن و تـا ئێسـتا وەكو راستی بۆ ئێمەیان لەقاڵب دابوو.

لەهونـەردا تەنـها شـێوە دیـار نییـە، شـێوەی دیـار بـەبێ بیرۆکـە ناتوانـێ تـا سـەر بمێنێتـەوە. لەبـەر قەڵەمەکـەی کافکـادا رووداوە ئاسـاییەکانی ژیـانی رۆژانـە دەبـن بـەدراما. رووداوەکـانی رۆمـانێك لـەچیرۆکێکدا چڕ دەکرێنـەوە، رسـتەکان تۆکمـەن‌و هـەندێ جـار تێکچڕژاویشـن، بـەڵام سـادەو ئاسـایین، کافکا چەند راستییەکی دەخوڵقاند. بەرهـەمی کافکا وەکو کابوس وایەو وەکو دنیای خەو خـۆی دەنوێنـێ. وەکـو ئامـاژەی بـۆ شـەو بێداریـەکی خـۆی کـردووەو دەڵێـت: (مـن راسـت لەباوەشـی خۆمـدا دەخـەوم‌و لەتـەك ئـەو خەوانـەدا لەکێشمەکێشـدام کـە دەیـان بینـم) خوێنـەر دەچێتـە دنیایەکەوە لـەنێوان خـەوو بێداریدایـە. هۆشـیاری لـەناو نـەچووە، بنچینـەکانی ناسینەوە هێڵراوەتەوە- ئەم دنیایـە پـووچ‌و خـەیاڵی‌و یـان گومـان لێکـراو نایەتـە بـەرچاو، جۆرێـك حەقیقەتی ئازار بەخشە. شێوەکان لەگەڵ یـەکتریدا ئاوێتـە دەبـن، بـەڵام پەراگـەندەنابن. فـەزاو کـات لەشـوێنی خۆیـەتی، لوژیکـی کەسـەکان‌و مامەڵـەیان جۆرە لوژیـك‌و مامەڵەیەکە کـە لـەدنیای خـەودا روو دەدات. کافکا بێئەوەی کە بابەتی پڕژان تـەرح بکات یان شتی بێسەرو بەر بڵـێ دڵـەڕاوکێ بەرهـەم دێنـێ، هونەرەکەی ئەو حەقیقەت مـەحکوم دەکات، یـەعنی

زیادەڕەوی لەواقع بینیدا دەکاتو مەحکومی دەکات بەجۆرێ کە لەهونەرەکەیدا سنورێك بۆ جدیەتو گاڵتە بوونی نییە.

وەرگێڕانی بەرهەمەکانی کافکا کارێکی ئاسان نییە، لەبەر زمانەکەی کە هەرچەندە سنووردارە بەڵام بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وردو موسیقادارو مەوزونەو تەواوی خاسیەتەکانی شێوازی کلاسیکی تێدایە،و جگە لەم شێوازە مومکین نەبووە ترسی دەروونیو دڵەڕاوکێ لەگوتن نەهاتووەکان دەرببڕێ کە لەکتێبەکاندا بەدی دەکرێن. کە لەرووکەشدا ڕۆشنو لەناوەوە قابیلی خەرق کردن نییە. لەناو سادەییو ڕۆشنی دەرەوەدا سەرسوڕمانی ناوەکی خۆی حەشار داوە.

ئەم سەرسوڕمانە دەسکردو زۆر لەخۆکردن نییەو نە ئەوەشە کە ویستبێتی داهێنان بکات بەڵکو بەندە بەهەستی ژیانی خودی نووسەرو قوڵایی سروشتییەوە. بۆ نموونە بابەتی ڕۆمانی (ئەمریکا) بەم شێوەیەیە (شاگردێکی لاو کە ناوی کارل ڕۆسمانە لەئەنجامی ڕووداوێکی ناخۆشدا ماڵی باوکی بەجێدەهێڵێو دەچێ بۆ ئەمریکا دەرامەتێکی نییەو لەدەرەوەش کەس یارمەتی نادات. بەوەزعی نیویۆركو خەڵکی دەوڵەمەندو هەژاری ئەوێ ئاشنا

دەبـــێ. ماوەیــــەك بەدەربــــەدەری دەژی. پاشــــان لــەئوتێلێکی گــەورەدا دەبێــت بەشــاگردی ئاسانســۆر (مەســعەدە)و بـــەوەزعێکی خراپـــەوە خزمـــەتکاری دەکـــات. ئـــاخری لەئـــەنجامی راســـتیی‌و دروســـتی بێ‌فیزی‌دا بـەئاوات دەگـات کــە کلیمــی خــۆی لــەئاو دەربێنــێ). دەتوانــرێ ئــەم کــورت کردنەوەیـــە تــەواو بەراســت یــان هەڵــە بزانــرێ. رووداوەکـــانی دەرەوە ئەمەیـە کەباسکرا. بـەڵام ئـەو رووداوانــە بەتــەواوی لـەوە جیایـە کەنووسـەر ویسـتوویەتی لەرۆمانــەکانی خۆیدا گەشەی پێبدات، چونکـە ئـەو شـتەی کـە لـەم چیرۆکـە تۆکمـەو رۆشـنەدا نوســەر ئاشـکرای دەکـات جۆرە تارماییەکەو حەقیقەتی ناکامڵ‌و خزو لووسی دنیـای خـەونی هەیـە. هـەتا بچووکـترین حەقیقــەتی هەست پێکراوی تیا نادۆزرێتەوە.

لــەکاتی خوێندنــەوەی بەرهەمـــەکانی کافکـــادا مـرۆڤ تووشـی حاڵـەتێك دەبێــت وەکـو ئــەوەی کــە لەکۆنسێرتێکدا دانیشتبێ کە پیانۆژەن ئاوازێکی زۆر بـــاو بەپیانۆیـــەکی کـــۆن لێبـــدات یـــان خوێنــــەر گفتوگۆیــەکی گــەرمی گـوێ لێبێـت، بــەڵام لــەناکاو هەست بەوە دەکات کە لێوی قسـەبێژەکان ناجوڵێ‌و لـەجیاتی چـاو کونـــی تـاریك لەرووخسـاریاندا بــەدی دەکرێ. هـەموو ئـەم کەسـانە لەهـەنگاوی یەکـەمدا

ئەوەندە خۆمانەن، سێبەری خۆیان لەدەست داوە وا دیارە کە دەتوانن بەناو پایەدا تێپەڕبن یان لەبەر رووناکی خۆردا ون بن. هەرچەندە زیاتر دەچینە پێشەوە ئەم هەستە زیاتر دەبێ تا ئەوەی دەگەینە دوا فەسڵی رۆمانی (ئەمریکا) کینایەیەکی زیرەکانەی تیا بارهێنراوە کە دەمانەوێ پەی بەمەعنا رەمزییەکەی بەرین. پێویستمان بەو مەعنایەیەو چاومان لەڕێیە، چاوەڕوانیەکی پڕ ئازارە وەکو ئەوە وایە کە خەوببینین، ساتێك پێش بێدارییە، بەڵام تا کۆتایی بێدار نابین. مەحکومین کە لەبەردەم پووچدا بوەستینو پاشاگەردانی ژیان بدۆزینەوە. لەناکاو هەست دەکەین کە کافکا مەبەستی لەوە بووە.

ژیان تاریکییە کە هەڵبەتە پەیوەندی بەتاریکی لەدایك بوونو ئارەزووە سێکسیەکانو تاریکی خولقاندنەوە نییە. بەڵام شەوی بێچەندوچوونو مەرگە. کافکا تاسنووری شێتی لەبێ هۆشیدا نغرۆ بووەو دەرکی بەمەحکومبوونی ئەبەدیو نەبوونی فریاد رەس کردووە. کافکا دەڵێت مرۆڤ بێهوودە فشار دەخاتە سەر کەللەی خۆی، رێگای رزگاری وجودی نییە. تا ئەو کاتە هەستکردن بەتاسان بەو هەموو هێزەوە دەرنەبڕرا بوو وەکو ئەوەی

لەکتێبەکانی کافکادا ئەوەندە بەڕوونیو بەڕێكوپێکی باس کراوە. هونەری کافکا بۆ ئاشکراکردنی رازی تاریکی وجودەو ئەوەی ئاشکرای دەکات ئازادی نییە بەڵکو پێویستییەکی نائومێدانەیە. دەڵێ لەجێگایەکی بێناوونیشانی زۆر دوورتر لەکەسانی دی گەشتوگەڕانی کردووەو ئەو شتەی کە لەگەڵ خۆیدا بەدیاری هێناو زۆرێکی میکانیکییە کە هەموو هونەرمەندێ لێی هەڵدێ.

دەوروبەری پڕ کابوسی کتێبەکانی کافکا جۆرێك دڵەڕاوکێ بەخوێنەر دەدا بەتایبەتی لەکاتێکدا کە بابەتەکانی ئەو دەڵەڕاوکێیە دەورژێنن لەجێگایەك مرۆڤ دەبێت بەحەشەرە لەجێگایەکی دیکەدا کوڕ بەفەرمانی باوك لەئاودا دەخنکێ. ئەو هەستەی کە لەهەموو جێگایەکدا سەبارەت بەکۆتایی نەهاتنی فەزاو نارێکی دنیا لای خوێنەر دروست دەبێو دژواری بەئامانج گەیشتنو هەڵخلیسکانو هەڵاتنو دڵەڕاوکێکانی درندەکە لەلانەکەیدا کە لەترسی دوژمن پرزەی لێدەبڕێ، هەروەها ئەو هەستی سەرکوتکردنەی کە زۆر جاران لەنوسینەکانیدا تووشی دەبین پەیوەندی بەنەخۆشی سیلی کافکاوە نییە. وەسف کردنی ناخو ناوەوەی ئەم شتانە پێویستی بەکەشو هەوایەکی لەبارە. پاڵەوانەکانی

کافکـا هــەرگیز گلــەیی لــەو دژواریو ئــەزموونو ناکامیو شکستانە ناکـەن کـە دێتـە ڕێگایـان، سـەریان سـوڕنامێنیو بەگـەش بینییـەوە چارەنووسـی خۆیـان قبوڵ دەکەنو خەمباری نیشان نادەنو ملکەچییـەکی سەرسوڕهێنەر دەنوێنن. وەك ئـەوەی کـە مەسـەلەکە پەیوەندی بەکەسانی دیەوە هەبێ.

(مـن لەگـەڵ جولەکـەکاندا چ خـاڵێکی هاوبەشـم هەیە؟ ئایا لەگـەڵ خۆمـدا خـاڵێکی هاویەشـم هەیـە؟ دەبێ من لەکونجێکدا خۆم حەشار بدەمو دڵخۆش بم کە بتوانم هەناسە بدەم!) چونکـە لەدنیایـەکی ئـاوادا مـرۆڤ دەتوانــێ لەگــەڵ خــۆیو کەســانی دیکــەدا چ پەیوەندییەکی هەبێ؟ تەنـها دەتوانـێ تـەنیابێ، هیـچ جـۆرە هاودەردیــەك لــەئارادا نییــە. کافکـا لــەدنیای زیندووەکـان کۆچـی کردبـوو، بۆیـە بــەچاوی بێگانــە لەهەموو کەسێکی دەڕوانی هـەتا بەدایکیشی دەگـات. زەوی لەژێر پێیدا دەلـەرزێ، لەئیسـرائیلیەکان بـێزار بــووە، نیشــتمانێکی نــەبووە بــۆ ژیــانو هەوایـــەکی نەبووە بۆ هەناسەدان.

دەبــێ ئــەو هەســتە ســەیرەی کافکــا ســەبارەت بەتەنیایی خۆی دەرکی پـێکردووە لەبـەرچاو بگیرێ (تاڕادەیەك بەسەرمدا سـەپێنراوە تـا ئەندازەیـەکیش خۆم شوێنی کەوتم) پاڵەوانەکانی کـە تـا دوا قۆنـاغی

هەموو شتێك دەڕۆن، هەموویان لەسەڵتیو جودایىدا دەژیـن. ئـــەوانیش وەکــو خولقێنەرەکــەی خۆیــان لۆجیکـی سـاردو بەحســابیان هەیــە. پێویســتیان بەهەمان دادپەروەریو لەخۆبردوویی هەیـە، هـەمان گیانی ئەشکەنجەدراوو وردبینیان هەیـەو پێویسـتیان بەهـەمان تـەبریٔکردن هەیـەو بەدبـەختو تەنـهان. هـەر کـە دەست دەدەنـە کـاریٚ بەدەســتی ئەنقەســت خۆیـان بەدبـەخت تـرو گـیرۆدەترو تەنـهاتر دەکـەن، چونکە بەدوای ئەزموونێکدا دەچن، ئـەرکێك ئـەنجام دەدەنو هەوڵ دەدەن، کـە شـایەتێك بەدەست بێنـنو ئـــاواتێك بـــەدی بێنـــن لێرەدایـــە کـــە نووســـەرو بەرهەمەکـــەی لەیـــەکتری جیـــا ناکرێنـــەوە. لـــەم ڕووداوەوە بەرهەمی کافکـا لەسەرتاسـەری ئـەدەبیاتی جیهاندا سەرکەوتنی بیٚوێنەی بەدەستهێناوە. ئەگـەر بڵێـــین لـــەناخی بەرهەمەکـــەی خۆیـــدا ژیـــاوەو بەئەندازەیەك چۆتە ناو بەرهەمەکەیـەوە کـە ترسـی مەرگی هەبووە بۆی زیادە ڕەویمان نەکردووە.

(من لەناو چیرۆکەکەی خۆمدا دیـارم هەرچـەندە دەموچـاوی خۆشـم بـــڕنم) ئەمـــە کینایـــە نییـــەو تاڕادەیەکی زۆر ڕاستیە. لەبەرهـەمی کافکادا هـەموو شـــتێك پـــەیوەندی مـــەنفی بەژیانـــەوە هەیـــە، پاڵەوانـەکانی یـان باشـتر بڵێـــین دژە پاڵەوانـــەکانی

هەموو سەرشۆڕو پێشێلکراون. بێ فیزیی کافکا وەکو بێفیزی قەشە مەسیحییەکان وایە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەوە: چونکە مەبەستی لەبێفیزیی بێدەسەڵاتیو تێکشکان نییە لەبەرامبەر خودادا. بەڵکو بەپێچەوانەوە لەڕێگەی نەفیکردنی مرۆڤی ئێستاوە نکۆڵی لەبوونی خوا دەکات بەهیچو ناچیز. ئەو پاڵەوانانەی کە لەدنیای گیانەوەرانەوە وەریاندەگرێ ناکرێ لەوە زیاتر بچووكو نزمتر بن،و لەو رێگەیەوە دەیەوێ بڵێ کە مرۆڤی ئێستا هیچ نییە. پاڵەوانە مرۆڤەکانی کافکا بۆ نموونە کارل رۆسمان لەڕۆمانی (ئەمریکا)دا پەیکەری لاتیو زەبوونییە لەڕۆمانی (القضیة)دا جوزیف ك..حوکم دەدرێو لەڕۆمانی (کۆشك)دا ك..ىگەڕیدە وەکو ئەوە وایە کلی لەچاوان دزیبێ. هەموو ئەمانە جۆرێك تارماییین. لەبەرئەوەی سیماو ئەندامو کێشیان نازانین.. بەڵام چەند سێبەرێکن کە مەبەستێکیان هەیە، چەند ئیرادەیەکن کە نەشونما دەکەن، جێگیر دیارن، شت هەڵدەسەنگێننو ئەنجام وەرەگرن هەتا هێمای یەکەمی ناویشیان بۆ ئەوان زیادە. چونکە لەم ناوچە بەستەڵەکانەدا، لەدنیایەك کە تەنها یەك پەڕی وشك لەبەردەستدایەو (زۆربەمان دەستمان بەچیلکەیەکەوە گرتووە کە بەسەر ئاوەوەیەو پێمان

وایە کە شتێکمان هەیە دەستی پێوەبگرین لـەکاتێکدا کە نقوم بووینو خەونی رزگـاربوون دەبینـین) چۆن دەبێ هێشتا ناوێك لـەخۆمان بنێـین؟ لـەم شـوێنانەدا هـەموو شـتێك پـاك دەبێتــەوە، هەناســەی لەبــەر دەبــڕێو رەنگــی دەپــەڕێو بــەندە بەرۆشــناییەکی بـزۆزەوە وەکـو (سـێبەری خـودی مـرۆڤ کـە لـەئاودا بکەوێتە ژێرپێ) ئیتر هیچ شتێك لەئارادا نییە پیتی یەکــەمی ك.. نیشــانەی ئەوپــەڕی خاکەســەریو زەبوونییە).

ئیرادەی وێرانکەری کافکا ناتوانرێ نادیدە بگـیرێ، هەرکاتێ ئەو دوو نامەیە لەبەرچاوبگرین کە تیایاندا وەسێتی کردووە هەموو بەرهەمو نووسـینەکانی (بـێ بـواردنو بێئـەوەی بیـان خوێننـەوە) بسـووتێنن وا دیـارە کـە بەتـەواوی ئـارەزووی لـەناوبردنی خـۆی هـەبووە. ئـەو بـاوەڕە تۆکمەیـەی کــە بــەخراپیو پووچـی هـەموو شـتێك هـەیبووە، وای لێکـردووە کــە بەچاوی هیچو پووچ لەبەرهەمەکانی خۆشی بڕوانێ. کافکـا نەیویسـتووە وەکـو سـۆفیەکان بــەحاڵو شـادی زۆرەوە بـاڵ فـش بکاتـەوەو بڵێ: (دوای عـەدەم وەکـو ئەرگنون دەچمە عەدەم)و بەرەو بوون رابکات. بەڵکو حــەزی بەشــەوی جــاویدان دەکــرد بێئــــەوەی بەتێپــەڕبوونی خــۆی بەســەر زەمینــدا نیشــانەیەك

بەجیبهێڵێ. وەك ئـەوەی لەسـەر لم شـتی نووسـیبێ.
حـەزی بەعـەدەمی رووت کـردووە بـەبێ بـەدیکردنی
بچووکـترین کلاّورۆژنـەی ئومێـد لـەدنیای دوای
مەرگدا.

خوێنـەری کافکـا هەسـت دەکـات لەدرۆیـەکدا
بەشـداری کـردووە کـە دەیتوانـی خـۆی لێبـەدوور
بگـرێو هـەوڵ دەدات تەنـها بـۆ خـۆی چـەند
لێکدانەوەیـەکی جۆراوجـۆر بکـات. لـەکاتێکدا کـە
دەزانێت ئەو هەوڵە فریو دەرە. ناچار خوێنـەر هـەم
درۆ لەگەڵ خۆیـدا دەکاتو هـەم نایکات. ئـەم ترسـە
پەیوەسـتە بەهونـەری کافکـاوەو جـاری وایـە لـەو
دڵەڕاوکێیـە قووڵـترە کـە لەپـەروەردەکردنی
بابەتەکانیدا تووشی مرۆڤ دەبێت.

ئەم دنیایەی کە هەمیشە لەدەستمان هەڵدێتو
خـزو لووسـە لـەزەینماندا چۆن بەرجەسـتە بکـەین؟
نـەك لەبەرئـەوەی کە پـەی بەمەفهومەکـەی نابـەین
بـەڵکو بەپێچەوانـەوە لەبەرئـەوەی مەفهومەکـەی
لەچاوەڕوانی ئێمە زیـاترە. راڤەکـەران لـەم بارەیـەوە
بـیروبۆچوونی جۆراوجـۆر دەردەبـڕن، بـەلاّم لەگـەڵ
یـەکتریدا نـاکۆکی بنچینـەییان نییـە سـەبارەت بـە:
پووچی دنیا، وردوخاشبوونی مرۆڤ لەژێر هـێزە بێ
کۆتاییەکاندا، نەبوونی هیچ جۆرە نیازو مەبەسـتێك،

ئارەزووی ئەوەی کە مرۆڤ لەدنیادا جێگایەك بۆ خۆی بکاتەوە، ناتەبایی لەگەڵ دنیا، ئومێد بەخودا، رەتکردنەوەی خودا، نائومێدیو دڵەڕاوکێ، ئایا سەبارەت بەکێ گفتوگۆ دەکەن؟ بەلای هەندێکەوە کافکا بیریارێکی مەزهەبییە کە خوازیاری رەهایە. بەلای هەندێکی ترەوە مرۆڤ دۆستێکە کە لەدنیایەکی پڕ ئاشووبدا دەژی. بەڕای برود کافکا چەند رێگایەکی بەرەو لای خوا دۆزیوەتەوە، یەکێکی دی پێی وایە کە کافکا سەرچاوەی ئیلهامەکانی خۆی لەبێ دینیەوە وەرگرتووەو هتد..

لەو دەربڕینانەی سەرەوە وادیارە کە خوێنەری بەرهەمەکانی کافکا رووبەڕووی پەشێوییەك دەبێتەوەو هەوڵ دەدات مەتەڵێك حەل بکاتو بەدحاڵی بوونێك نەهێڵێ بەدحاڵی بوونێك لەئارادایە. خوێندنەوەی دەقی کافکا ئاسانە، بەڵام راڤەکردنی دژوارە. لەدنیای کافکادا باوەڕو ئومێدێك لەئارادا نییە، بەڵام کافکا رێگا لەگەڕان ناگرێ بەدوایدا، ناکۆکییەك لێرەدا لەئارادا نییە.

ئەوەی کە لەخوێندنەوەی نووسینەکانی کافکادا دڵەڕاوکێ دەوروژێنێ لەبەرئەوە نییە کە دەتوانرێ مەعنای جۆراوجۆر لەبەرهەمەکەیدا دەرك پێبکرێ، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە لەهەر نووسنێکدا ئەگەری

ڕەمـزداری دوولایەنـەی ئیجابیو سـەلبی هەیـە. بـەم پێیـە لـەدنیای کافکـادا دنیایـــەکی پـــڕ لـــەئومێدو دنیایـەکی مـەحکوم، دنیایـەکی سـنووردارو دنیایـەکی بێکۆتـایی بـەدی دەکـرێ. خـودی کافکـا دەربـارەی زانست دەڵێت: (زانست لەیەك کاتدا هەم پلەیەکە بـۆ ژیانی نەمریی رابەریمان دەکاتو هەم لەمپەڕێکە کـە بـەر لـەو ژیانـە دەگــرێ) ئــەم وتەیــە دەربــارەی بەرهەمەکانیشـی راسـت دێتـەوە: هــەموو شـتێك تیایـاندا لەمپـەڕە بـەڵام دەتوانـرێ وەکـو پلەیـەکیش لەقەڵـەم بـدرێ. کـەمتر دەقێـك زۆر تاریکـە، لەگـەڵ ئەمەشـدا ئـەو بابەتانـەی کـە گرێکردنـەوەیان نائومێدانـە دیـارە دەکـرێ بگەڕێتـەوەو ڕێگایـەکی مومکـن یـان سـەرکەوتنی کۆتـایی لەبـەردەمدا بێـت. لەبـەر زۆر هـۆ کـە بەرهەمەکـە سـلبی دەبـێ، ڕێگـەی ئیجـابی بوونـی دەداتـێ، ڕێگایـەکی دەداتـێ کـە هیـچ کاتـێ بەعەمـەلی نـاکرێو لەکێشمەکێشـی مەسـەلەی دژو ناکۆکدا بەردەوام دەردەکەوێ.

کافکـا لەسەرانسـەری بەرهەمـەکانیدا بەشـوێن سـەلماندنێکدا دەگـەڕێ کـە دەیـەوێ لەڕێگـەی نکۆڵیکردنـی سـەلماندنەوە بەدەسـتی بێنـێ. ئـەم دەربڕینـە دوو لایەنەیـە هـەتا بـۆ مەعنـەویاتیش وجـودی هەیـە. لەبەرئـەوەی کـە نکـوڵی لێکـراو دوای

ئەوەیە کە هەیەو لەبەرئەوەی لێرە نییە کەواتە ئامادە دەبێ. لە(گروپی حوکمدراوەکان)دا تۆڵەیەکی ترسناك لەغیابی ئەوەی کە پێویست بوو ئامادە بێ دەکرێتەوە.

لەم دەقەدا هەرچەندە فەرماندەی پێشوو مردووە، بەڵام لەتواناو فەرمانڕەوایی بێسنوری کەم نەکراوەتەوە؛ لەجاران زیاتر زل و تۆکمەو ترسناك خۆی دەنوێنێو لەنەبەردێکدا کە ئەگەری شکستی ئەو لەخەیاڵدا نییە رووبەڕوومان دەبێتەوە. بەم پێیە ئێمە سەروکاریمان لەگەڵ هێزی مەعنەوی مردوویەکدا هەیە. ئەویش یان پاشای مردووە کە فەرمانڕەوایی کرێکارانی (دیواری چین) دەکات یان فەرماندەی مردووی دوور خراوەکانە کە ماشینی ئەشکەنجەی بەردەوامەو رەنگە داواکاری گشتیش لە(القضیة)دا مردبێ، بەڵام هێشتا دەتوانێ حوکمی ئیعدام دەربکات.

بەیەکداچوونی مەنفا پەیوەست دەبێ بە بەیەکداچوونی مەرگەوە. لەچیرۆکی (ڕاوچی)دا کافکا بەسەرهاتی راوچیەك دەگێڕێتەوە کە لەهەڵدێرێکەوە دەکەوێتە خوارەوە، بەڵام نامرێ. مردووشەو زیندووشە. بەشادیەوە ژیانی قبوڵ کرد بوو بەشادیشەوە مەرگ قبوڵ دەکات هەر کە هەڵیش

دەدێرێ، بەشادییەکی زۆرەوە چاوەڕێی مەرگ بووە: درێــژ دەبــێو چاوەڕوانــە. بــەڵام بەدبــەختی رووی تێدەکات، ئـەو بەدبەختیــەش ئەوەیــە کــە نــامرێ، کۆتاییــەك لەئارادانییــە، پێکــەنینێکی بەتــەوسو تــاڵ لەگـەڵ شـەوی ئەبـەدیو عـەدەمو خامۆشـیدا دەبــێ. هــەڵاتن لــەژێر بــاری رۆژگـارو کاریگــەریی شــتەکانو ئومێـد کـاری کـردە نییــە. لەیاداشــتەکانی خۆیــدا دەڵێـت: (ئـەو شـیوەنو زارییـەی کـە لەسـەر مـردوو دەیکەن وا دەگەیەنێ کە هێشـتا پـڕ بەپێستی وشـەی مردن نەمردووە، دەبێ بەم جۆرە مردنـە قایل بـین: ئێمــە گەمــە دەکــەین) هــەروەها ئــەم رســتەیە کــە لەڕستەی پێشـوو روون تـر نییـە (رزگـاربوونی ئێمـە لەمەرگدایــە، بــەڵام نــەك ئــەم مەرگــە) کەواتــە لەڕاسـتیدا ئێمـە نـامرین. بـەڵام وا دەکەوێتــەوە کــە زینـدووش نـین، لـەکاتێکدا کـە زیندوویـن مردوویـن: مـردووی لەگۆڕهـەڵاتوو! لـەم رووەوە مـەرگ کۆتــایی ژیانی ئێمەیە، بـەڵام بـەر لـەئیمکانی مـەرگ ناگیرێ. لـێرەوە ئـەم مــەعنا دوو لایەنــە دروسـت دەبـێ کـە بچووکـترین جوڵــەی کارەکتــەری رۆمانــەکانی کافکــا نــامۆ دیــارن. ئایــا وەکــو گراگۆســی راوچــی چــەند مردوویەکن کە چاوەڕێی مـەرگن بەبزەیـەکی گاڵتـەو خامۆشەوە کە تایبەتـە بـەخۆیان، ملکەچو بەئـەدەب

لەنێوان ناهەمواریی شتە ئاساییەکاندا لەحاڵەتی مەرگێکی بەهەڵەدا گیریان خواردووە، یان چەند زیندوویەکن کە بەنەزانییەوە لەگەڵ چەند دوژمنێکی بەتوانای مردوودا، لەگەڵ شتێکدا کە کلکی هەڵکەنراوە یان هەڵنەکراوە لەکێشمەکێشدان؟ هەمان ئەم خاڵەیە کە ترس بەرهەم دێنێ. ئەم ترسە لەعەدەمەوە پەیدا نابێ کە دەڵێن حەقیقەتە ئینسانییەکان لەدەرەوەی ئەوەوە دەردەکەوێ بۆ ئەوەی دوبارە تیایدا بشاردرێتەوە، بەڵکو لەو شوێنەوە دێت کە ئەم پەناگایەش لەئێمە دەگرێ، بەڵام ئەم عەدەمە کاریگەریی خۆی بەجێ دەهێڵێ‌و ئەو هەوڵە کە بۆ دەرك کردنی بەردەوام درێژەی دەبێ.

لەکاتێکدا کە ئێمە نەتوانین لەچۆنێتی بوون بچینە دەرەوە ئەم بوونە کامڵ نییەو شتێکی کەمە، ناتوانرێ پڕ بەپێستی وشەکە لەژیان بڕوانرێ. لەم رووەوە شەڕی ژیانی ئێمە شەڕێکی کوێرانەیە کە ئاشکرا نییە خەباتە بۆ مردن، یان بەعەشقی ئومێدێکی خەیاڵی لەگەڵ دوژمنێکدا دەچینە شەڕێکی دەستەویەخەوە کە خاوەنی دەسەڵاتی مەرگە. رزگاربوون لەمردندایە بەڵام ئومێدیشمان بەژیان هەیە. وا دیارە کە رێگەی رزگاربوون نییە

بەڵام نائومێدیش نین، بۆیە تارادەیەك ئەم ئومێدە دەبێتە هۆی نابووتی ئێمەو نیشانەی تیامانی ئێمەی لەبەردەوامدایە.

هەر کاتێ دەربڕینو وێنەیەك لەچیرۆکەکانی کافکادا ئەگەر مەعنای دژی خۆی بەدەستەوە بدات، دەبێ لەو باڵادەستیەدا بۆ هۆکەی بگەڕێین کە بۆ بابەتی مەرگ پێی قایل بووە؛ بەجۆرێك کە ئەوە بەناواقیعیو نامومکین دەزانێ بەڵام دلگیر نیشانی دەدات. بەم پێیە مەفهومی راستەقینەی دەربڕینەکە نامێنێ، بەڵام سەرابێکی لێدەمێنێتەوە. مەرگەکە بەسەر ئێمەدا زاڵە، بەڵام بەبێ توانایی خۆی توانیویەتی بەسەر ئێمەدا زاڵ بێتو وا دیارە کە هێشتا ئێمە لەدایك نەبووین: (ژیانی من دوودڵیە لەبەرامبەر لەدایك بووندا) دەڵێی لەمەرگی خۆمان بێئاگاین: (هەمیشە دەربارەی مەرگ گفتوگۆ دەکەی بەڵام نامری) ئەگەر گومان لەماهیەتی شەو بکەی، لەم حاڵەتەدا نە شەو بوونی هەیەو نە رۆژ، تەنها رۆشناییەکی نادیار بوونی دەبێ کە لەکاتی یادگاریی رۆژو کاتی حەسرەتی شەو بەیاد دەهێنێتەوە. بوون بێ کۆتاییە بەڵام نادیارەو ئێمە ناتوانین لەبوون بچینە دەرەوە، یان بۆ هەمیشە لەناویدا زیندانی بین. سەرەڕای ئەمە ئەم بوونە جۆرێکە

لەدەربەدەریی: تیادا نین، لەجێگایەکی دیکەداین و لەدەرەوەی بوونیش نین.

بابەتی نۆڤلێتی (مەسخ) نموونەیەکی ئاشکرای ئەم سەرگەردانیەیەو لای خوێنەر هەستێك دەجولێنێ کە ئومێدو تیامان بەدەوری یەکتریدا دەخولێنەوە. گریگۆری کەوتۆتە حاڵەتێکەوە کە ناتوانێ چاوپۆشی لەبوونی خۆی بکات. بووە بەقالۆنچەیەکی ترسناك، بەوەزعێکی چروکەوە درێژە بەژیان دەداتو دەچێتە ناو گۆشەگیریی مێروویەکەوەو بەرەو پووچی و بێ توانایی ژیان دەخزێ. ئایا چی روودەدات؟ گریگۆری درێژە بەژیان دەداتو هەتا هەوڵ نادات کە بەدبەختی لەخۆی دوور بخاتەوە. بەڵام لەناو ئەم تیامانەدا رێگایەکی ئومێدی بۆ ماوەتەوە، هێشتا بۆ جێگاکەی لەژێر کورسییە درێژەکەداو بۆ گەشتوگەڕان بەسەر دیوارەکانداو بۆ چەپەڵی و خاك و خۆڵی ژیانی لەجموجۆڵدایە. لەم رووەوە دەبێ ئومێدمان پێی هەبێ چونکە خۆی ئومێدەوارە، بەڵام ئەو ئومێدە ترسناکەی بێ مەبەست لەناو بۆشاییدا شوێنی دەکەوێ زیاتر نائومێدکەرە. پاشانیش دەمرێ! مەرگێکی دژوار کە لەدابڕان و گۆشەگیریدا روودەدات لەبەر ئەو رزگاربوونەی کە لەبەردەمیدایە مەرگێکی

شایستە نیشان دەداتو وا دیارە کە ئومێدێکی هەمیشەیی بەدی هات. بەڵام ئەم ئومێدە بێ مشتو مڕەش بۆ خۆی بەدناو دەبێ؛ چونکە راست نەبوو ئەنجامی نەبوو، بەپێچەوانەوە ژیان بەردەوام بوو، دوا جموجۆڵی خوشکە گەنجەکەی، ئەو جموجوڵەی کە لەبەرامبەر ژیاندا بێدار دەبێتەوە ئەو خواستە تاریکە پڕ شەهوەتەی کۆتایی چیرۆکەکە وەزعێکە کە لەوە ترسناکتر نابێ. لەسەراپای ئەم چیرۆکەدا ئومێدو گۆرانیشی تێدا دەچنرێ، چونکە کچە لاوەکە دەیەوێ بژی هەڵاتن لەژیان دوبارە کاری کردە نییە.

چیرۆکەکانی کافکا لەئەدەبیاتدا بەتاریکترین چیرۆك لەقەڵەم دەدرێنو بەرەو شکستی بێچەندوچوون دەڕۆنو بەشێوەیەکی ترسناك ئەشکەنجەی ئومێد دەدەن، نەك لەبەرئەوەی کە تیایاندا ئومێد مەحکوم دەبێ بەڵکو بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی کە ناتوانێ ئومێد مەحکوم بکات. هەرچەندە کارەساتەکە بەتەواوی روو دەدات بەڵام کلاورۆژنەیەکی بچووك دەمێنێتەوە کە ئاشکرا نییە ئومێدێکی تێدا ماوە یان بەپێچەوانەوە بۆ هەمیشە لێی دەچێتە دەرەوە. ئەوەندە بەس نییە کە لە(گروپی مەحکومەکان)دا ئەفسەرەکە خۆی مەحکوم بکاتو بکەوێتە ژێر سوزنەکانی ئامێری

ئەشکەنجەوە کە کاتێ لێك هەڵدەوەشێ بەشێوەیەکی پیس ئەندامەکانی لەشی ئەفسەرەکەو پارچە ئاسن تێکەڵ دەکات بەڵکو دەبێ چاوەڕێی دادگای نامەفهومو چالاك بین کە دیار نییە. بەردەوام میهرەبانی دەنوێنێ، یان خوێنەر تووشی ترسو پەشێوی دەکات. هێندە بەس نییە کە لەچیرۆکی (فەتوا)دا کوڕەکە فەرمانی ناڕەواو نکۆڵی لێنەکراوی باوکی جێبەجێ بکاتو بەخەیاڵی ئاسوودەو پڕ لەعەشقی باوکیەوە خۆی بخاتە رووبارەوە، دەبێ ئەو مەرگە پەیوەست بێ بەدرێژەپێدانی ژیانەوەو بەم رستە زیندووە کۆتایی بێت: (لەم کاتەدا هاتو چۆیەکی سەرسوڕهێنەر لەسەر پردەکە بوو) کافکا بەم رستەیە بەهای کینایە ئامێزو ترسێکی بەدەنی ورد تەئید دەکات. لەهەموو ئەمانەش پڕ ئازارتر چارەنووسی جۆزیف (ك)ە لەڕۆمانی (القضیة)دا. لەدوای کۆمەڵێ گیرۆدەیی لەنێو دانەکانی چەرخی دادگای گاڵتەجاڕدا، دەیبەنە قەراغی شارو بەدەستی دوو کەس دەکوژرێ بێ ئەوەی یەك وشەیان لەدەم بێتە دەرێو بەو هەستەوە دەمرێ کە چارەنووسێکی گێلانەی هەبووە. بەڵام هێندە بەس نییە کە (وەکو سەگێك) گیان بدات، مافی مانەوەی لێنەسەنراوە، واتە مافی نەنگی بێپایانی دەدەنێ لەبەرامبەر

تاوانێکدا کە نەیکردووە-ئەو مافە (ك)ی بەژیان‌و مەرگ مەحکوم کردبوو!

خەڵکی ئەو سەرزەمینەی کە لەئێمە نییە، لەنێوان چاکەو خراپەدا جیاوازیان دروست کردووە، پێیان وابووە کە هەندێ کار شایانی ستایشەو هەندێکی‌تر شایانی سەرزەنشتە. بەڵام ترسیان لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێیان وایە گوناهێکیان کردووەو بەردەوام هەوڵ دەدەن خۆیان تەبرێ بکەن. لەبەرئەوەی بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەبووە، بەیاساوە لکاون. ئایا یاسا کەسی ناسیووە؟ ئەو کەسە کێیە کە بتوانێ بڵێ فلان کار باش‌و ئەوی دیکە خراپە؟ وێنەی قسەکردن بەسپێتی ماوەتەوەو ئیمزاکەی ژێرەوەی ناخوێندرێتەوە. ئەمە تەنها پسووڵەیەکە کە سەبارەت بەیاسا بەدەستەوەیە.

مەبەستەکە لێرەدا کە هەرچەندە پاڵەوانەکانی کافکا گوێڕایەڵ‌و ملکەچ‌و وردوخاش کراون، بەڵام لای خوێنەر هەستی ڕاپەڕین‌و شۆڕ لەدژی دنیای شکست خواردوو وردوخاش کراوەکان دەبزوێنن. لەدوای ترسی نائاساییەوە تۆڵەی نائومێدانەو سەرپێچی لەدژی خوڵقێنەرو لەدژی ئەوەی کە مرۆڤ ئامرازی گەمەی دەستی چارەنووسە بەدی

دەکرێ- ئەو مرۆڤەی کە دەبێ لەژێر زامی خەنجەردا وەکو سەگێك گیان بدات.

ئایا دەتوانرێ کافکا بەیاخی لەقەڵەم بدرێ؟ مەسەلەی یاخیبوونیش پەیوەندی بەمەسەلەی ئیجابیەتو سلبیەتەوە هەیە کە لەهەموو لایەنێکەوە بنچینەی خودی کافکا بووە. لەچیرۆکەکانی کافکادا بێ دەنگیەکی سەیر سەبارەت بەناوی خودا بەدی دەکرێو نیگەرانیە مەزهەبیەکان بەشێوەی هێماو ئاماژە خۆیان دەنوێنن، بەڵام راپەڕینی کافکا لەدژی یاسایە. یاسا هەمیشە بۆ ئەو ژیانانەی کە لەخامۆشیدا بەسەردەبرێن لەبۆسەدایە، لەناکاو هێرش دێنێو نیشانەیەك لەگەڵ خۆیدا دێنێ کە ئاشکرا نییە ئاگادارییە یان مەترسی. بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا حوکم دەدات، چونکە هەرگیز کەسێ ناتوانێ لەئاگاداریەکە تێبگات. دەزانین کە شێوازی کافکا سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵ، خێزان، سەبارەت بەئایینی جولەکەو ئادابو نەریتی کۆمەڵ بزوێنەری راپەڕینەو هیچ کام لەبڕیارە دەسکردەکانی کۆمەڵ بەڕەسمی ناناسێو لەیاداشتەکانی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەبەرئەوەی یاسا وجودی نییە بەشوێنیدا دەگەڕێ. سێبەرو ئامادەبوونی ترسناكو نەبینراوی یاسا

بەردەوام بارێکی قورسە بەکۆڵی پاڵەوانەکانی کافکاوە بۆخۆی کارەکتەر دروست دەکات. رەنگە لەپشت ئەم یاسا زۆردارو دڵڕەقو بێبەزەییەوە سیمای تووڕەی خودای موسا بناسرێ. بەڵام وا دیارە کە یاسادانەر لەمێژە کە بۆ هەمیشە ئابڕووی لەدەسداوە، چونکە نەیتوانیوە وشکیو توندوتیژی پەیڕەوانی کەم بکاتەوە. ئەوەی کە روودەدات ئەوە نیشان دەدات کە فەرامۆشکردنی خەڵك لەئەنجامی شکۆو گەورەیی یاساوەیە. چونکە گرگنو کۆیلەکان جێگای جوامێرو ئازادەکانیان گرتۆتەوەو کەسانی نەزانو گرگن کە نازانن ماهیەتی یاسا چییە بوون بەپارێزەری یاسا. پادشای چینو داواکاری گشتیو خواوەندی (کۆشك) بەدی ناکرێن. رەنگە هەر لەبنەڕەتدا وجودیان نەبێ. مرۆڤ لەگەڕانی نائومێدانی بەشوێن یاسادا کە جگە لەناونیشان هیچ شتێکی دیار نییە، رووبەڕووی پاسەوانێکی خوێنڕێژ دەبێتەوە کە (دەرکەوانی یاسا)یەو لەبەرئەوەی پاسەوانەکە رێگەی نادات لەدەرگای یاسا بچێتە ژوورەوە، لەچاوەڕوانیدا تەمەنی بەسەر دەبات. تەنها لەکۆتاییداو لەسەرەمەرگدا وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بەدەنگێکی لەرزۆك کردوویەتی دەبیستێ: (لەم شوێنەوە جگە لەتۆ هیچ کەسێ نەیدەتوانێ تێپەڕێ، چونکە ئەم

دەرگای چوونە ژوورەوەیە یـان تەنـها بـۆ تـۆ دروسـت کرد بوو. ئێستا من دەچم دەرگاکە دادەخەم).

پاڵەوانی (القضیة) حوکـم دەدرێـت بێئـەوەی کـە هۆکـەی بزانـێ. نـاڕەزایی دەرنـابڕێ. ئەگـەر تاوانبــار نەبووایە بۆچی بێچەندو چـوون حوکمەکـەی قبـوڵ دەکرد، چۆن بەئارەزووی خۆی دەچووە دادگـا؟ بـەڵام دەکەوێتە بەر دانەکانی چەرخی دادگاوە. هەموو ئەو هەوڵانـەی کـە بـۆ زانینـی تاوانەکـەی دەیـدات بـێ هوودەیـەو دواجـار دەتوانێت حـاکم ببینـێ. نـاتوانی هیـچ جـۆرە پەیوەندییـەك لەگـەڵ کاربەدەسـتە بـاڵا ڕەسمییـەکاندا دروسـت بکــاتو لەگشـت لایەکــەوە مامەڵە لەگەڵ دەستەیەك نۆکەری کاری یەدەكو کەم دوودا دەکـات کـە باوەڕیـان بەپلـەو پایـەو ریزبـەندی هەیـە. ئەمانـەش مرۆڤـی بەدبـەختو بیدەسـەڵاتنو هــەندێ جــار شــایانی بــەزەیی پێــدا هاتنــەوەن. ئەمانـەش بـۆ تـەبرێکردنی خۆیـان هــەوڵ دەدەنو بەرگری لەژیانی خۆیـان دەکـەن. ئـەم زەبوونانـە کـە هەمیشـە لـەڕووی یاســاییەوە بێتــاوانن، بــێ هــۆ لەبـەردەمی یاسـادا خولدەخـۆنو قـەرەباڵغی دەکــەن. لەبـەر هۆیــەکی لـەناکاو، ك.. کـە بەتــەواوی ئاگـای لەپایەی خۆیەتی دەکەوێتە داوی زۆردارانەی یاساوە. ئـەو هـەنگاوە بەرگریانـەی هـەڵیان دەگـرێ لەبـەردەم

حوکمی لەسێدارەداندا کە لەبۆسەدایە بـۆی منالآنـەو گالتەجارانەن. لێرەدا مرۆڤ مەحکومە بەلەناوچوون لەکاتێکدا کە ئەو کاربەدەستانەی کـە گەمـە بـەژیانی دەکەن نادیارنو رەنگە لەبنچینەدا هـەر وجودیشیان نـەبێت. هــەر کاتــێ ئــەو رســتەیە بــەبیری خۆمــان بهێنینـەوە کــە قەشــەکە لەکەنیســەدا بــەجۆزیف ك دەڵێت: (تۆ بەرەو رووی یاسا هاتی، یاسا بەرەو رووی تـۆ نایـــەت) دەتوانــین بگەینــە ئــەو ئەنجامــەی کــە بەهــەمان ئـەو رادەیـەی کــە هەســتی هوشــیاری ك.. بێــدار دەبێتــەوە، بەهــەمان رادەش دەکەوێتــە بــەر لێپرسینەوەی یاساوە.

لــەچیرۆکی (گراگۆســی راوچــی)دا کــە بەلـــەمی مردووکێشی کارون بـەیاد دەهێنێتـەوە، بەسـەرهاتی راوچییەکـە ئەوەیـە کـە هــەردەم مەحکومــە بــەوەی لەبەلەمەکــەی خۆیــدا بەســـەرگەردانی بمێنێتـــەوە. لێرەدا مەسەلەی مەرگو تاوانکـاری پێکـەوە دەلکێـن. گراگۆس بـەهۆی خزانێکـەوە تووشـی لەبیرچوونــەوە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسـیاریی دەکەوێتـە سەرشـان. هەرچـەندە خزانـە بنچینەییەکـە دەخاتـە ئەسـتۆی بەلەمەوانەکە، بــەڵام مــافی ئــەوەی نییــە هـــەتا یــەك رۆژیـــش لـــەدەریاوانی نائومێدانـــەی بەردەوام بێ.

(گروپی حوکمدراوەکان)[1] یەکێکە لەچیرۆکە پڕ ئازارەکانی کافکا کە لەبەرهەمەکانی ئەدگار ئالان پۆ (F.A.Poe) دەچێت، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆك و ئەو کینایەیەی تێیدا بەکارهێنراوە لەگەڵ شێوەی پۆ جیاوازە. لەم چیرۆکەدا داوەریی وەکو ئامێرێکی خۆبزوێنی ئەهریمەنی لێهاتووە کە لەڕێگەی کوتانی وشەی کورتی فەرماندە مردووەکەوە بەشێوەی خاڵ لەسەر لەشی مەحکومەکە ئەشکەنجەی دەدات. لەبەرامبەر ئەو ئەشکەنجە زۆڵانەو بێئەنجامەی کە ڕووبەڕووی مەحکومەکان دەبێتەوە، ئەوان نە وەسیلەی بەرگریان هەیەو نە ئاگایان لەتاوانەکەی خۆیانەو هەتا روون کردنەوەش بەزمانی بێگانە دەدرێت بەگەڕیدەی تەماشاکەر، ئەم ئامێرە داهێنانی فەرماندەی پێشووە کە مردووە. فەرماندەی تازە دژی بۆچوونەکانی فەرماندەی کۆنەو بەقسەی پەیڕەوانی دەکات. لێرەدا هەرچەندە مەحکومیەتەکە تەواوەو یاساو دادگا بەشێوەیەکی میکانیکی کاریان پێکراوە، بەڵام ئومێدێکی نادیار هەیە بۆ گۆڕینی رژێم.

لەکاتێکدا کە ئەم چیرۆکە لەساڵی (١٩١٩)دا بڵاوبۆوە، دەکرا وەکو جۆرێك خەیاڵ پڵاویی دلێرانە وێنای بکەن کە لەمێشکی نەخۆشێکەوە چۆڕاوەتەوە. لەوە بەدواوە، ئەم خەیاڵ پڵاویە شوێنی گرنگی

ئـەزموونێکی دەسـتەجەمعی بەخۆیـەوە بینـیو بـوو بەدەستپێشـــخەری ســـــەردەمی بێســــەروبەریی خوێنمژانـی دنیـای ئێمـە، چونکـە سیسـتمێکە کـە بەئاراســتەی رووکــەشو پشــتیوانی یاسـا، بــووە بەدیمەنی رۆژانەی زۆر لەو (گروپی حومکمدراوانـە) ئــەوەی کـە وەکـو بابــەتێکی جیـاو تایبــەتی خــۆی دەنــوان، بەوێنــەی حەقیقــەتی ترسـناکی رۆژانـــەی لێهات، لەچیرۆکەکەی کافکادا ئەفسەرێك لەبەرئەوەی ئــەرکی جـەللادی لەئەسـتۆ گرتـووە وەکـو ئـامێر لەکاردەکـەوێ، بەدەمارگرژیـەکی سەرسـورهێنەرەوە نائومێدانـە بــەدەنی خــۆی بەمـــەرگ دەســپێرێو دەکوژرێ. بـەڵام بەڵگەی ئـەوە نییـە کـە رژێمێکـی باشـتر دەسـت بـەکاردەبێ، چونکـە تـرس شـوێن پێـی خـۆی قـایم دەکـاتو پێشـگوتنێکی هەڕەشـەئامێز مژدەی هەستانەوەی فەرماندەی پێشوو دەدات.

هەربــەرت توبێـت H.Taubet پێـی وایـە کــە داهێنـەری ئامێرەکـە واتـە فـەرماندەی پێشـوو کـە لەیـەك کـاتدا عەسـکەریو ئـەندازیارو کیمیاگـەر و پـلان دانـەر بـووە کینایەیـە بـۆ دەسـەڵاتداری رەهـاو بـــــەتوانا. ژرار بۆدێـــــن G.Boden مەســـــەلەی پێداچوونەوە لەمیتۆدی زۆردارانەی فەرماندەی کـۆن (کەناوی ناهێنێ)و لەڕووخساری ئەفسـەردا نیشـانەی

(رزگـاریی پـەیمان پێـدراو) بـەدی نـاکرێ، ئەمـە بەکینایـەی پرانسیپی یاسـا سـەختەکانی سـەردەمی کۆنـی (تـەورات) دەزانـێ‌و رژێمـە تازەکـەش بەسەردەمی (ئینجیل) تەشبیە دەکات.

ئەم جۆرە قسەکردنانە سەبارەت بەدەقی ئـەدەبی ئاسـاییە، بـەڵام بـەهیچ جـۆرێ بـەحوکمی بێ‌چـەندوچوون لەقەڵـەم نـادرێ. بەهـەرحاڵ شـتێك کە مایەی پێکەنینە، خودای توند رەفتاری موسا، یان کرۆکی یاسای توندی عەهدی کۆنە کە وەك فەرماندە مردووەکـەی لێ‌هـاتووە پـەیڕەوانی هەیـە کـە بـەپێی دەقی (نص) ئاشکرای پێشگوتن باوەڕیان هەیـە وەکو مەسـیح. گریمـان بەسـیمای گاڵتـەجاڕو تـووڕەی ئەفسەریشـەوە لـەنێو مردووەکـان راسـت دەبێتـەوەو دوبـارە بێگـار بەپـەیڕەوانی خـۆی دەکـات‌و بـەرەو تاراوگە رابەریان دەکاتەوە!

هەروەها لەڕۆمانی (کۆشك)دا جۆزیـف ك.. وەکو مەسـاح بـەکاردەهێنرێت‌و شـەوێکی سـاردی زسـتانی دەچێـت بـۆ گوندێکـی دوور کـە کەوتۆتـە خـوار کۆشکەکەوە بەئومێدی ئـەوەی ئـەنجامی دەستکەوێ. کەسێك لەگەڵیدا هاوسۆزی ناکات‌و نـەیاندەزانی ئـەو کێیـەو لـەکوێوە هـاتووە.. بـۆ ئاشـنایی‌و هاوسـۆزی لەگـەڵ خـەڵکی ئـەو شـوێنەدا چـەند هـەوڵێکی

نائومێدانـە دەداتو هــەوڵی نائومێدانــەتریش دەدات بـــۆ چاوپێکـــەوتنی کاربەدەســـتانی رەسمـــی کـــە لەکۆشـــکەکەدان. دەیـــەوێت بـــەهۆی تەلەفۆنـــەوە پەیوەندی بەکۆشکەوە بکات. لەتەلەفۆنەکـەدا دەنگی بەیەکدا چوو قەرەباڵغی دێتە بەرگوێ. هـەر کـە ك.. دەپرسـێ کــەی دەتوانێـت بچێتــە نــاو کۆشــکەکەوە، لــەوەڵامدا دەڵێــن (هیــچ کاتــێ) لــەهیچ دەفتــەرێکا پێشـینەی داواکردنـی ئـەو نادۆزرێتـەوە وا دیـارە کــە بەبێ بانگهێشت هاتۆتـە ئـەم گونـدە، بـەڵام ئـازادیش نەبووە کە نەیەت. بەم پێیە یاسا لەبەرامبەر مرۆڤدا جۆرێــك بێلایــەنی رووکــەش نیشــان دەدات. بــەڵام دەســت لــەبچووکترین کــردار وەردەداتو لایــەنگری ئـازادی نییـە. لەبــەردەم یاسـایەکدا کــە ناینـاسـێتو هــەرگیزیش نایناســێ، مــرۆڤ ناچــارەو نــاتوانێت لەمەحکومیـەت رابکـات. کەواتـە لـەم حاڵەتــەدا ئایــا دەکرێ کە بەهۆی یاخیبوونەوە خـۆی تـەبرێ بکـات، لەکاتێکدا کە نازانێ زوڵمی لێکراوە یان نا، و هــەرگیز نازانێ داواکارییەکانی یاسـا چییـە؟ سـەرەڕای ئەمانـە کاتێ کە هەستی تاوانباری بهێنێتە ئـاراوە، راپـەڕینو تەسلیم بوون هەردووکیان بێهودەن. بەم پێیە جۆرە فریودانێکـی گشـتی هەیـە کــە کــەمتر پــەیوەندی بەبێداری یاساوە هەیە. چونکـە وەزعێکـی تەحـەمول

نـەكراو مـرۆڤ ناچـار دەكـات كـە لەیـەك كـاتدا فریـو بـدریّو ئاگاشـی لـەفریودانی خـۆی بـێ، لەبـەردەمیدا یان سەری تەسلیم بـوون دانـەوێنێ یـان یـاخی بێـت. بابـەتی بنچینـەیی سـازانە لەگـەڵ ئـەم وەزعـەدا كـە تەحەمول ناكرێ.

هەرچەندە پەیامی كافكا نائومێدانـەو بنبەسـتەو تیایدا هەموو جۆرە خۆڕاپسكاندنو هـەوڵێك سـەری لەبـەرد دەدریّو عـەدەم لەهـەموو لایەكـەوە هەڕەشـە دەكـاتو پەناگایـەك نییـەو ڕووبەڕووبوونـەوە تەنــها لەگەڵ پووچدا دەبێتو ناوچەیـەك دەسـتناكەوێ كـە بتوانـرێ لەدەسـت تەنگـە نەفەسـی رابكـرێ، بـەڵام كافكا ئـەم دنیایـەی قبـوڵ نییـە. لەدنیایـەكدا كـە هـەموو شـتێ یەكسان بـێ دنیایـەكی ئەهریمەنییـەو هـەر كاتێ چواردەوری خـۆی بـەم شـێوەیە دەبینـێ بەڵگەی ئەوە نییە كە دەبێ خۆمـان بەقـەزاو قـەدەر بسـپێرینو بـەژان خۆمـان دروسـت بكـەین. بەپێچەوانـەوە كافكا لەبەرامبـەر ئـەو كاربەدەسـتە زۆردارانـەدا كـە بەلۆكـە خـەڵك سـەردەبڕن رقێكـی تونـد بـەرپادەكات، بەهـەوڵو كۆششـێكی سەرسـوڕهێنەرەوە گاڵتـە بـەئیعدیعاكانی ئـەوان دەكـاتو ئـەو یاسـاو داوەریو دەزگـای ئەشـكەنجە دۆزەخیـە مـەحكوم دەكـات كـە لەسـەر زەوی

دایانمەزراندووەو دەسەڵاتیان لەناو دەبات‌و حسابی مردوو بۆ خۆشیان دەکات.

ئەم دنیایە جێگای ژیان نییەو تاسێنەرە، هەر بۆیە بەشوێن (زەوی‌و هەواو یاسا)یەکدا دەگەڕێ بۆئەوەی گوزەرانێکی ئابڕوومەندانەی لەگەڵدا بکرێ. کافکا باوەڕی وایە کە دەبێ ئەم دنیای درۆو تەزویرو تەشقەڵەیە بروخێنرێ‌و لەسەر کەلاوەکەی دنیایەکی باشتر دروست بکرێ. ئەگەر دنیای کافکا گیرۆدەی پووچییە بەڵگەی ئەوە نییە کە دەبێ ئامێزی بۆ بگیرێتەوەو قبوڵ بکرێ، بەڵکو بەڵگەی ئەوەیە کە دنیایەکی شوومە. وا هەست دەکرێ کە کافکا وەڵامێکی نییە. بەڵام ئەم وەڵامەی نەدراوەتەوە، لەبەرهەمە تەواو نەکراوەکانیدا گیانی قسەی نەگوتراون.

## سەرچاوە

**مجموعة ای از آثار صادق هیدایت، ص ٥٦٥-٦١٢**

# فرانس کافکا: ئێمە لەبەهەشت دەرکراین!

یوسف حاجی میرزایی

فرانس کافکا، نووسەری چیکی ئەڵمانی زمان لەساڵی ١٨٨٣دا لەپراگ لەدایك بووە، باوکی بازرگانێکی جولەکەو دایکی ژنێکی دەمارگیربوو. رەفتاری زۆردارانەو هەلپەرستانەی باوکی کەش‌و هەوایەکی وەها ترسناکی لەناو خێزانەکەیدا دروست کردبوو، لەمنداڵیەوە سێبەری ترس‌و بیمێکی وای لەرۆحی کافکادا دروست کرد کە لەسەرانسەری ژیانیدا لێی دوورنەکەوتەوە. رەنگە ئەم نەفرەتە لەژیان لەگەڵ باوکێکی دڵرەقدا بووبێتە هۆی ئەوەی کە کافکا سەرەتا پەنا بۆ مەزهەب بەرێ.

کافکا خوێندنی ئامادەیی‌و زانکۆی لەئەڵمانیا تەواوکردو لەساڵی (١٩٠١) پلەی دکتۆرای لەحقوق دا بەدەست هێناو بەتوندی کەوتە ژێر کاریگەریی کەش‌و هەوای خوێندنەکەیەوە. ئەگەرچی وەکو

کارکردن کـەڵکی لەبڕوانامەکـەی وەرنــەگرت بــەڵام بەشــێوەیەکی بــەرفراوان لەنووســینەکانیدا کـــەڵکی لەزانیارییـــە حقوقییـــەکانی وەرگـــرت. لـــەدوای تــەواوکردنی خوێنــدن لــەکۆمپانیای بیمــە دەســتی بــەکارکردو ئــارەزووی نووســین بــۆ خوێندنــەوەی بەرهـەمی ئەدیبـە گـەورەکان رایکێشا. ئـەویش وەك ریلکـە(١)و شـاعیران‌و نووسـەرانی دیکـەی سـەردەمی خـۆی کەوتــە ژێــر کاریگــەری قوتابخانــەی ئــەدەبی (پـراگ)(٢)ەوە کـە لەتایبەتمەندییــەکانی رووکردنــە دنیـای میتـافیزیك‌و لەهـەمان کاتدا بایــەخدان بــوو بــەکاروبارە واقیعیـەکانی دنیــای بەشــەری‌و جیــهانی مۆسیقا کە سەرەڕای هەمووی شەیداییەکی تێکەڵاوی لەخــەون‌و تــەنزو رووناکبــیری لۆجیکـی دەهێنایــە ئــاراوە ئــەم دنیــای خەونــە لەڕێگــەی کافکــاوە کــە بەرجەستەترین نوێنەرو کەسێتی. ئـەم قوتابخانەیـە بوو بەواقیع بینی‌و وردبینییەوە لەیەکەم چیرۆکیدا بــەناوی (وەســفی خــەباتێك) نیشــان دراوە. ئــەو چیرۆکـەی کـە بەدەرسـی سـەما دەسـت پێدەکـات‌و پاڵەوانەکــەی پاشــان دووردەخرێتــەوە بــۆ ژاپــۆن، تووشـی ترسـناکترین کارەسـاتی رۆحـی دەبێــت. ئـەم چیرۆکـە بەچــەند بەشـێك لــەگۆڤاری (هــی پریــون Hyperion)دا بڵاوبۆتەوە.

كافكـــا لەســـاڵی ١٩١٤دا لـــەدوای جیابوونـــەوەی لەدەزگیرانەکەی بـەهۆی نەخۆشـی سـیلەوە دەسـتی کرد بەنووسینی رۆمـانی (دادگا) کـە لـەدوای مردنـی لەســاڵی ١٩٢٦دا بڵاوبـوۆوە. لەسـاڵی ١٩١٧دا لـــەپراگ نیشـــتەجێ بـــوو، لـــەناوەندە ئەدەبیـــەکان دابـــڕاو لەتـــــەنیاییدا رۆشـــــنبیری خـــــۆی فراوانکـــــردو بەرهەمـەکانی گۆتـــە(٣)و فلۆبـیرو(٤)و کیرکگـارد(٥) کاریان تێکردو حەزی بەو بەرهەمانە کرد. بەکورتی کیرکگـارد کاریگەرییـــەکی فراوانـــی لەســـەر کەسـێتی ئەدەبی کافکا بەجێهێشت. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بـــوو لەنووســـینی بەرهەمـــەکانی تـــا لەســـاڵی ١٩٢٣ لــەرۆخی دەریـای بـالتیك ئاشـنایی لەگــەڵ کچێکـی بیست ساڵەی پۆڵەندییدا پـەیدا کـرد کـە نـاوی (دورا دیمـانت) (٦) بـــوو. دورا تـــا دواســاتی ژیـــانی لەگـــەڵ کافکـــادا مایـــەوەو بەدڵســـۆزیو خۆشەویســـتییەوە پەرســـتاریی کـــرد. ســـەرئەنجام کافکـــا لـــەحوزەیرانی ١٩٢٤داو لەتەمەنی (٤١) ساڵیدا لەئاسایشگایەکی نزیـك شـاری ڤیـەننا کۆچـی دوایـی کـرد. سـاڵی ١٩٢٠ وازی لەکارەکـەی خـۆی هێنـا لـــەکۆمپانیای بیمـــەو بـــۆ پشـوودانو بـــەئومێدی چاکبوونـــەوە چـــوو بـــۆ ســـەر موڵکــەکانی خوشــکەکەی کــە ئەمـــەی لـــەرۆمانی (کۆشــك)دا وەســـف کـــردووە. لـــەرۆمانی (کۆشـــك)دا

خـەڵکی گوندەکـە بوونێکـی رەمـــزیو بێدەســەڵاتیان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی لەکۆمەڵدا مرۆڤ رەمزێکە مرۆڤـەکان دەزانـنو نـازانن، دەبینـن کــەچی تاریکـە بـەڵام بەسـەر خۆیـانی نــاهێننو بەرهــەحاڵ پیــایدا تێپــەڕدەبن. (ك) کارەکتــەری یەکـــەمی رۆمانەکــە-کەســێکە لــەدوای ئــەو خەڵکــەوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا لەســەرەتادا هــەوڵ دەدات ڕێنماییـــان بکـــات بـــەڵام لەکۆتاییدا بڕیار دەدات کە بەتـەنیا لەگەڵ تـاریکیدا بجەنگێو ململانێی لەگـەڵ بکـات. (ك) لـەم رۆمانـەدا رەمزی مرۆڤێکە کە لەکۆمەڵدا (گوند). داوای خەبات دەکات لەدژی حکومەت (کۆشك)و بەهەموو ڕێگایەك هەوڵی چوونە ناوەوەی کۆشك دەدات-کـە کـاری کـردە نییــە- لـــەناو (کۆشـــك)دا بونـــەوەرەکان بوونێکـــی خواسـتراویان هەیـە (واتـە خۆیـان نــین) لەلایەکـەوە دژی تـــاریکینو لەلایــــەکی تـــــرەوە قبوڵیانـــــەو هەریەکـەیان هــەوڵ دەدەن خۆیــان لەکاربەدەســتانی کۆشك نزیك بخەنەوە ئیتر بەهەر ڕێگایەك بێ، هــەتا دڵدارەکەی (ك) تەنها لەبەر خاتری ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەمیوانخانــەی کاربەدەســتان لــەناو گوندەکــەدا-بێتو خـۆی لـەوان نزیـك بخاتــەوە، کــە بەڕوکـەش حەزی لە(ك) کردبوو بەئاسانی رووی لێوەردەگێڕێو بەتــەنیا بــەجێی دەهێڵــێ. (ك) وەکـو پێغەمبــەری

خاوەن پلەو پایــەی بــەرز خـۆی دەناسـێنێ لـەکاتێکدا کــە یــەك جــاریش قســەی لەگــەڵ (ك) نـــەکردووە. رەمــزی زۆر گــەورەی دۆســیکان لەهــەردوو رۆمــانی (کۆشك)و (دادگا)دا نوێنــەرەوەی سیستمی زۆر قوڵی گەمــەی ئیداریــی بێهودیــە. (کۆشــك) نموونەیـــەکی ئاشـــکرای حکومەتێکـــە لـــە کۆمەڵگایـــەکدا کـــە خەڵکەکەی بەتەواوی خـەیاڵی سەرسـپاردنیان هەیـە، رەنگە پێشبینیکردنی دوا رۆمـانی کافکا بەگەڕانـەوە بۆ نووسینەکانی دیکەی کارێکی دژوار نـەبێت، بـەڵام وەکو بەرهەمێك بێ ئەنجامە، رۆمانەکە بەشێوەیەکە کە خوێنەر دەترسێ یارمەتی (ك) بـدات. بـەڵام (ك) بەبێ هیچ سـەرپێچیەك ملکـەچی خـالقی خۆیـەتیو لەبەرئــەوەی چارەنووســێ کــە پێشـــان دیاریکرابـــێ نـــاتوانرێ دەســکاری بکــرێ. ئـــاخریش بەناتـــەواوی مانـــەوەی رۆمانەکـــە ئارەزووەکـــانی خوێنـــەر بـــۆ رزگاربوونی (ك) بەبێئەوەی بەئەنجامێك بگـات کـاڵ دەبێتەوە.

ئەو دنیایەی کافکا لە(دادگا)دا باسی دەکات لەگەڵ دنیای رۆمــانی کۆشـکدا جیاوازییــەکی ئــەوتۆی نییــە. ئــەوەی کــە مەبەســتێتی بیڵــێ لــەڕووی ئەنجامــەوە لــە(کۆشــك) کـاملٚ تـرو ئامـانجدار تــرەو بــۆ رۆمــانی (دادگا) زیـاتر خـۆی ئامـادەکردووە. کاتـێ بەیانیــەك

زوو چەند پاسەوانێك بە(ك) دەڵێن کە فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە بێدەسەلاتانە لەدەوروبەرەکەی قبوڵ دەکات لەمیوانخانەکەدا، خەیاڵی وایە هەرکەسێ کە تاوانبار بوو ئیتر لەو میوانخانەیە دەردەکرێ. لەرۆمانی (دادگا)دا دەزگای دادوەری لەڕاستیدا هەیەو نییە، لەبنچینەدا وجودی نییە، وەکو (کۆشك)و کاربەدەستانی خەیاڵێکی رووتە کە بەشێوەیەکی خراپ ئازاری (ك) دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا (ك) لەکۆتاییدا ئەوەی پەسەند کردووە کە تاوانبارە بەلام دیسان هەوڵ دەدات خۆی تەبرێ بکات. بەلام کاتێك دوو کەس لەکۆتایی رۆمانەکەدا بۆ کوشتنی دێن لەسەرەتادا زانیوویەتی کە دەبێ بکوژرێ. چونکە بەبێ پێشەکی دەپرسێت. (چۆن ئێوەیان ناردووە کە دوو کەسن).

کافکا رۆحێکی ئازار چەشتوو و تەریوی لەکۆمەڵ هەیە. ئەو دنیایەی کە (ك)ی تێدا گرفتار دەبێ بەئاسانی لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵگاکاندا دێتەوە هەرچەندە بەکەمێك زیادەڕەوییەوە باسکراوە. (ك) تاوانبارەو دەبێ دادگایی بکرێ، بەلام لەڕاستیدا دادگایەك لەئارادا نییە تەنها ماوەیەك هاتوچۆی دوورودرێژو پەنا بۆ ئەم و ئەو بردن لەئارادایە گوایە یەکێکە لەزەمینە پێشینە گرنگەکانی دادگا کە

بێگومـان دەبـێ جێبـەجێبکرێو ئـاخری بـەبێ هیــچ دادگاییەك بەدەستی جەللاد دەسپێردرێ. سەرئەنجام (ك) دەكـوژرێ. چونكـە لەسـەرەتاوە مـردن چـاوەڕێی دەكات (ك) بەتاوانی گوناهباری دەكوژرێ بـەڵام بـەچ گوناهـێ؟ دیارنییــە. گوایـە هــەر گوناهــێ ئەگــەر بچووكیـش بێـت مردنـی لەدوایــە. ئــەوەی لــەدادگادا دەیخوێنینــەوە لەڕاســتیدا ئــەوەی كــەتێیدا نییــە دادگایــە. لەبەرئــەوەی هــەتا یــەكجاریش دادگایــەك لـە(ك) نـاڕوانێو (ك) زیـاتر بەملاوئـەولادا رادەكـات بۆئـەوەی تەنـها داكۆكیـەك لـەخۆی بكـاتو عــەرزو حـاڵێك بنووسـێ. وەك ئـەوەی خـودی (ك)ش ئـەوەی قبـوڵ بـێ كـە دادگـا دەبــێ بـەو جۆرەبــێ. بێگومـان یــەكێك لەتایبەتمەندییــەكانی چیرۆكــەكانی كافكــا دیـالۆگی دورودرێــژە لــەنێوان كارەكتــەرەكانو هــەتا دیـالۆگی پاڵەوانـە لەگـەڵ خۆیـدا. سـێ تایبەتمــەندی رۆمــانی (دادگــا) بریتییــە لــەدیداری (ك) لەگــەڵ وێنــەكێشو بازرگــانی دانەوێڵــەو قەشــە، كــە ســێ بنــــەمای ســــەرەكی رۆمانەكــــەن. وێنەكێشــــەكە، هونەرمەند ێكی دەرباره، ئەو كە زۆربەی كڕیارەكانی دادوەرانــی دادگایــەو پۆرترێتــی ئــەوان دەكێشــێو لەڕاستیدا پەیوەندییـەكی نزیكی لەگـەڵیاندا هەیــە. دیـداری (ك) لەگـەڵ وێنەكێشـەكە لــەوێوە مایــەی

سـەرنجە کـە بەشـێوەیەکی تاڕادەیـەك روونو ئاشـکرا دەزگـای داوەری دەناسـێنێ. وێنەکێشـەکە بـە (ك) دەڵێـت: (دەبـێ دوو شـت لەیـەك جیابکەینـەوە. یـەکێکیان یاسـایەو ئـەوی دیکەشـیان ئـەو شـتەیە کـە مـن بەئـەزموونی تایبـەتی خـۆم کەشـفم کـردوە) وێنەکێشـەکە باسـی ئـەوە دەکـات کـە ئەگـەرچی لەیاسادا تەبرێکردن هاتووە بـەڵام هـەتا ئێستا هیـچ کەسێكو لەهیچ کاتێکدا ئەوە بـەیاد ناهێنێتـەوە کـە تاوانبارێ تەبرێ بووبێ.

وێنەکێشەکە پێشبینی سێ ئەگـەری تـەبرێبوون دەکـات تـەبرێی تـەواو، تـەبرێی رووکـەشو کۆسـپ دروسـتکردن بـۆ هـەر دۆسـێیەك کەیەکـەمیان بـەڕای ئەو کاری کردە نییەو دوانەکەی دیکە لەگـەڵ لەگـەڵ تـەمومژی زۆردا هـەن. چونکـە دەشـێ لەهـەرکاتێکدا تاوانبـار دوبـارە دەسـتگیربکرێو بەهـەرحاڵ هـەتا ئاخری عومری دیلێك دەبێت.

بەڵام بازرگانەکە کە (٥) ساڵە دوسێکەی لـەهاتو چۆدایە ئێستاش کە ئێستایە بەئـەنجام نەگەیشتووە هەموو خەمێکی بازرگانەکە ئەوەیە کە بەهەر جۆرێ بـێ دۆسـێکەی بەهێواشـی بباتـە پێشـەوە نـەك بیگەیەنێتـە ئـەنجام. چونکـە بـاوەڕی وایـە کـە دۆسـێکەی هـەرگیز ناگاتـە ئـەنجامێكو هـەوڵی ئـەو

لـەپێناوی ئەوەدایـە کـە لەگـەڵ بەرەوپێشـەوەچوونی دۆسێکەیدا بژی.

قەشـــە رەمزێکـــە بـــۆ کەنیســـەی گـــیرۆدە، لەدیدارەکـەیدا لەگــەڵ (ك)دا لەکەنیسـە ئامـاژە بـۆ چیرۆکێك دەکـات کـە لەدۆسـێکانی داوەریدا هـاتووە (ئـەویش ئەوەیـە کـە دەرگـەوانێك لەبـەردەم دەرگـای یاسادا وەسـتاوەو مۆڵـەتی چوونــەژوورەوەی خــەڵکی دێهاتی نادات، دەرگـەوان دەڵێت کەرەنگە هیـچ کاتێ مۆڵـەتی چوونــە ژوورەوە بەدەسـت نـەهێنن، بـەڵام کـاتێك کابرایـەکی لادێیـی لـەدوای سـاڵەهای سـاڵ کـە لەسەر دەمەرگدایە دەپرسێ کە بۆچی هەتا ئێستا جگە لـەمن کەسـێك مراجەعـەی نـەکردووە، وەڵامەکـەی دەبیستێ کە ئەم دەرگایە بۆتۆ بـوو، ئێسـتاش کـە تـۆ لەسەرەمەرگدای دەچمو ئەو دەرگایە دادەخـەم. ئـەم چیرۆکەی کە قەشە باسی دەکات رمزێکـی رۆشـنە بـۆ یاسایەکی کارتۆنی کە تەنها لایـەنی رووکەشـی هەیـە نــەك پراکتیکـی. دەرگــەوان لــەدوای قبـوڵ کردنــی بــــەرتیلو مۆڵــــەت نــــەدان بــــەکابرای لادێیــــی بۆچوونـەژوورەوە دەڵێت (ئـەم‌بەریتلـە‌تەنـها لـەو رووەوە وەردەگــرم کــە هەسـت نەکــەی کارەکــەت فەرامۆش کردووە) ئەمە نیشانەی بێویژدانی تـەواوە هەتا لەوەرگرتنی بەرتیلیشدا.

بەڵام لەڕەمزەکەی دیکەوە قەشە پەردەیەکی نوێ لادەدات و دەڵێت ئـەوە لەڕاسـتیدا فریـودەدرێ خـودی دەرگەوانەکەیـە نـەك کـابرای لادێیـی. چونکـە بـەبێ بەجێهێشـتنی شـوێنی کارەکـەی چـەندان سـاڵ وەکـو دیلێك لەبەردەم دەرگای یاسادا ئێشك دەگـرێ و کـات بەسەر دەبات لەکاتێکدا کە کابرای لادێیی ئازادەو بـۆ هەر جێگایەك کەبیەوێ بڕوات دەڕوات.

کارەکتـەری (ك) لـەڕۆمانی (کۆشـك)و لـەڕۆمانی (دادگا)شـدا کارەکتەرێکـە کـە گوزارشـت لەخـەڵکی ئاسـایی دەکـات چونکـە هـەتا لـە (کۆشـك)یشـدا لەدنیایـەکی دیکـەوە دێتـەوە بـۆ گوندەکـە. هـەتا خەڵکیش گوایە لەدادگادا هەستیان بەوە کـردووە کە دەبێ (ك) بکوژرێ ڕەنگە لەبەرئـەوە بـێ کـە وەکـو کەسێکی جیا لەوان خـۆی دەنوانـد، چارەنووسـی ئـەو کەسـەی کـە لەبەرئـەوەی کارەکتـەری یەکـەمی ڕۆمانەکەیـە بەپاڵـەوان نـاوی دەبـەین لەڕاسـتیدا چارەنووسـی کەسێکە کـە نەلـەڕۆمانی (کۆشك)و نـە لەڕۆمانی (دادگـا)ش هیچـی لەدەست نایـەت، چونکـە هـەمان کۆشك و دەزگـای داوەریـی خـودی پاڵـەوانی بێچەنـدوچۆنی ڕۆمانەکـەن کـە بـەجۆرێك خـەڵکیان خسـتۆتە ژێـر تـەوقی خۆیانـەوە بەشـێوەیەکی دیکتاتۆرانە حوکم دەکەن.

(ك) مەحكومێكــە كاتــێ (راوی) لــە(كۆشــك)و لە(دادگا)شدا بۆ هەڵاتن هانی دەدات، نەخۆی دەیەوێ هەڵبێتو نە توانای ئەو كارەشی هەیە.

دنیــای تــەعبیری كافكــا شــەپۆلێكە لــەترس و تۆقــاندنو تــاریكی. ئــەوەی كــە باســی دەكــات ڕەنگدانــەوەی كۆمەڵگایــەكی تۆقێنــەری وەكــو كۆمۆنیســتی ســتالینییە. ڕەنگــە پێشــبینییەكە بەتــەواوی مــەعناوە ئــەوەبێ كــە كاریگــەریی هەلومــەرجی ڕۆحــیو دەروونــی كافكــا بــەدرێژایی ژیـانیو بەتایبـەتی لـەمناڵیدا لەسـەر بەرهەمـەكانی قابیلی نكۆڵی لێكردن نەبێت. هێرشە توندوتیژەكانی بــاوكی ئامۆژگارییــە ڕەگەزپەرســتانەكانی دایكــی بەشێوەیەك رایـان هێنـابوو كـە ئـەمڕۆ لـە(كۆشـك)و (دادگا)دا دەیخوێنینەوە. ئەوەی كە ئـەو بـەناوی (ك) وە وەكـو پاڵـەوانێك نـاوی دەنێـت، قارەمـانێك نییـە بــەڵكو كەســێكی تێكشــكاوە بەتــەواوی مــەعناوەو ڕەنگدانــەوەی كارەكتــەری خــودی كافكایــە، تــرس و تــاریكی لەبەرهەمــەكانی كافكــادا شــەپۆل دەدەن. (گروپی حوكم دراوەكان)یش لەم بەندە بەدەر نییـە. لـە(گروپـی حوكمدراوەكـان)دا لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە (ئەفسـەر) لـەدوای بێدەسـەڵاتی لەسـەرنج ڕاكێشـانی گەشــتیارەكاندا خــۆی بەكەمتەرخــەم دەزانێــتو

بەدەستی خـۆی، خـۆی بـەدەزگای ئیعـدام دەسـپێریو ڕەنگە ئەمە مژدەی خۆش بەختی بێ، بـەڵام رستەی کۆتـایی ئـەو کـە دەڵێت (فـەرماندەی مـردوو دوبـارە دەگەڕێتـەوە) جـارێکی دیکـە سـێبەری شـوومی خـۆی بەسەر کۆمەڵدا بڵاودەکاتەوە.

ڕەنگە بتوانرێ بگوترێ (گروپـی حوکمدراوەکـان) دەربڕینێکی گشتی تـرو کـامڵ تـرە لـە (کۆشـك)و (دادگـا) چونکـە ئـەو دەزگایـەی کـە تـەواوی مـەرج و تواناکان بۆ باشتر بەئـەنجام گـەیاندنی کـاری ئیعـدام تیـایدا فەراهـەم بـووە خـودی هـەمان دەزگـای دەوڵەتییـە لـە (کۆشـك)دا ئـەو داوەرییەیـە کـە لـە (دادگـادا) هەیـە. کـە بەهێواشـیو بـەردەوام زیـاتر مـرۆڤ دەخاتـە نـاو گێژاوینـابوتیو مردنـەوە. لەهـەردوو رۆمـانی (دادگـا)و (کۆشـك)دا قارەمـان، کەسـێکی جیـاو دابـڕاوە لەدەوروبـەرو رۆمانـەکان لـەزمانی (ئـەو) کەسـی سـێیەم دەگێڕدرێتـەوەو بەوشێوەیەی کە ئەو دنیا دەبینیو وێنەی دەکێشرێ. ئـەو سـێبەرە شـوومەی کـە لـە (کۆشـك)و لـە (دادگـا)شـدا تـاریکی بەئـەزەلیو ئەبـەدی دەنوێنـێ کاربەدەسـتەکە وەکـو تاریکیـەکی دەگمـەن بـۆ هەمیشە ئاسمانی خستۆتە ناو خەرمانەیـەکی تـرس و بیمەوە.

كافكا هەتا لەژیاندا بوو تەنها چەند کورتە چیرۆکێکی بڵاوکردەوە کە لەناوەندی ئەدەبیدا سەرنجی راکێشا. لەوانەش دەتوانین ئاماژە بۆ نۆڤلێتی (مەسخ) بکەین کە لەساڵی ١٩١٦دا بڵاوبۆتەوە. روداوەکانی ئەم چیرۆکەش وەکو باقی بەرهەمەکانی دیکەی کافکا لەدەوروبەری کاسبو فرۆشیارە کەم سەرمایەکان دەخولێتەوە کە تەنها بیرکردنەوەیان باری دەرامەتو کاروکاسپی رۆژانەیە، ئەگەرچی رووداوەکانی نۆڤلێتی (مەسخ) بەشێوەیەکی واقیع بینانە گێردراوەتەوە بەڵام لەگەڵ یاساکانی کاتو شوێندا ناکۆکە.

گریگۆری سامسا فرۆشیاری دەسگێڕی ژووری بازرگانیەو تەنیا کەسێکە کە لەدوای مایەپووچی باوکی بەخێوکردنی خێزانەکەی لەئەستۆ دەگرێ بەتایبەتی لەوەی کە دەتوانێت پێویستییەکانی ڤیولون لێدان بۆ خوشکەکەی کە عاشقی مۆسیقایە فەراهەم بکات، زۆر دڵخۆش دێتە بەرچاو. گریگۆری لەکۆتایی شەوێکی ترسناکو ئاوێتە بەخەونێکی سەیردا لەپڕ دەبێت بەمێروویەکی سەیرو قێزەون. بەڵام رۆحو هەستی پڕ سۆزی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، هەست بەو حاڵەتە قێزەونە دەکات کە لەدەوری خۆی دروستی کردووە.

لەم رووەوە بەرە بەرە بۆ هەلاّتن لەبەرچاوی خێزانەکەی خۆی دەکات بەژێر قەرەوێڵەکەیدا. لەڕووناکی هەڵدێتو شتی پیس دەخوات. تا شەوێك کە لەئەنجامی بیستنی دەنگی ڤیولوندا لەپەناگاکەی خۆی دێتە دەرەوەو لەو رووناکییەوە کە لەقەراغی دەرگاکەوە لەژوورەکە دەدات هەموو خێزانەکەی دەبینێ کە بەبینینی تووشی قێزوبێز دەبنو باوکی لەتووڕەییدا سێوێکی بۆ فڕێ دەدا کە قەباغی پشتی دەشکێنی.

گریگۆری بەئازارێکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی بەرەبەرە لەئەنجامی پیسبوونی برینەکەیو شکانی قەباغی پشتی بەرەو مەرگ دەچێت. هەتا رۆژێك کە خزمەتکارە پیرەکە لەگەڵ زباڵەکاندا لاشەکەی فڕێ دەداتە دەرەوە. کافکا بەم شێوە نیشانی دەدات کە پایەی پەیوەندی خێزانی تا چ رادەیەك لەسەر درۆو خۆپەرستی بنیات نراوە. ئەم چیرۆکە هەژێنەرو ترسناکە لەتەنیاییو نائومێدییەوە سەرچاوەی گرتووە، شارەزایی کەم وێنەی کافکا لەشێوەی دەربڕیندا توانیوویەتی بەئاوێتەکردنی مەسەلەیەکی خەیاڵیو سەیر لەگەڵ مەسەلەیەکی ئاسایی رۆژانەدا لەلایەکەوە خوێنەر ببات بۆ کابوسێکی قووڵو لەلایەکی ترەوە هەستێکی

وای لا دروست بکات کەوا هەست بکات بەڕاستی هەموو ڕووداوەکان لەدنیای دەرەوەدا ڕوویان داوە. هەوڵی کافکا بۆئەوەی شێوەیەکی بابەتی بەحاڵەتە ڕووتەکان ببەخشێ و نیشاندانی قوڵایی تەنیایی مرۆڤ و هەڵاتن لەڕاستیەکان، ئەو فشارەی کەسیستمی کۆمەڵایەتی دەیخاتە سەر دڵ و ڕۆحی مرۆڤ و پەنابردن بۆ خەونە ترسناکەکان، بەڵگەنامەیەکی بەنرخە بۆ زەوق و سەلیقەیەکی تایبەتی کە بەسەر ئەدەبیاتی زەمانی کافکادا زاڵ بووەو لەهەمان کاتدا لەدنیای ئەدەبدا بەسەرکەوتنێکی تەواو لەقەڵەم دەدرێت.

ڕۆمانی ئەمریکا کە (١٩٢٧ چاپ کراوە) شاکارێکی دیکەیە کە کافکا تا سەرەمەرگ ئیشی تێدا کردووەو بۆ نووسینی کۆمەڵێ کتێبی بەڵگەنامەیی خوێندۆتەوە دەربارەی بەسەرهاتی گەورەپیاوانی ئەمریکاو بیرەوەری و گەشتنامەکانی خوێندۆتەوە. ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی (کارل روسمان)ی گەنجە کە لەدوای دابڕانی لەخێزانەکەی سەفەری کردووە بۆ ئەفریقاو وەکو بەرهەمەکانی دیکەی کافکا پاڵەوان لەم ڕۆمانەشدا ڕووبەڕووی سەرگەردانی دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی ئەم ڕۆمانە لەبەرهەمەکانی دیکەی کافکا جیا دەکاتەوە کۆتاییە خۆشەکەیەتی کە کارل

روسمان لەدوای هەزاران کۆسپ دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی واتە ئەڵمانیاو لەگەڵ خێزانەکەیدا ئاشت دەبێتەوە.

بیرەوەری رۆژانە-(١٩٥١-بڵاوبۆتەوە) رەنگدانەوەی ژیانی بەدەنیو رۆحی کافکایە کە جگە لەیاداشتەکانی ژیان دەربڕی ئەو خاڵەیە کە کافکا تەنها هەوڵی چەسپاندنی بوونی مەعنەویو فیکری خۆی داوەو جگە لەوە هەموو شتێك لەبەرچاوی بێبایەخ بووە.

کافکا دەڵێت: (ئەوەی کە پەیوەندی بەئەدەبیاتەوە نییە ئازارم دەداتو بێزارم دەکات، بەقسە ماندوو دەبم، سەردان هەتا رادەی مردن ماتو مەلوولم دەکات، لەفکری خۆمو لەقوڵایی حەقیقەت گرنگییەکەی دوورم دەخاتەوە (دەربارەی بەهەشت دەڵێت).

(ئێمە لەبەهەشت دەرکراین، بەڵام بەهەشت وێران نەبوو ئەمەش بۆ خۆی بەختێکی باش بوو، چونکە ئەگەر ئێمە دەرنەکراینایە رەنگ بوو بەهەشت وێران بێ: بەکورتی (بیرەوەری رۆژانە) خەم، کێشمەکێشی دەروونی، حەسرەت، تەندروستی، ژیانی بەڕووتی بەپێچەوانەی ئارەزووی تایبەتیو نیگەرانی مەزهەبی کافکاوە نیشان دەدات.

کافکـا لـەئاینی جولەکـە هــەڵاتو خودایــەکی جـودای لـەئاینی جولەکـە دۆزیــەوە کـە بــەڕای ئــەو لەئاینی جولەکەدا نەبوو.

(مـاکس بـرود)[٧] هـاوڕێی خۆشەویسـتو نزیکـی کافکا باس لەوە دەکات کە کافکا لـەکۆتایی تەمـەنیدا چـەندان نووسـینی گرانبـەهاو بـەنرخی خـۆی لـەناو بـردووە. مـاکس بـرود دەڵێـت: (لەماڵەکــەیدا (دە) دەفتەری ئەستوورم دۆزیـەوە کـە تەنـها بەرگـەکانیان مـابۆوەو ناواخنەکــەیان بەتــەواوی لــەناوچوو بـوو. جگـە لەمــەش کافکــا کۆمــەڵێ کاغــەزی یاداشــتی سووتاندبوو)[٨].

بەڕاســتی فرانــس کافکـا نووسـەرێکی بــەتواناو گـەورە بـوو، لەنامەیـەکدا بـۆ مـاکس بـرود لــەدوا ڕۆژەکـانی تەمــەنیدا بەپاڕانــەوەوە داوا دەکـات کــە هـەموو نووسـینەکانی بسـووتێنێ لەڕۆمانـەوە بیگـرە هەتا یاداشت. ڕەنگە کافکا لـەکۆتایی تەمـەنی خۆیـدا بـەچاوێکی دیکـە تەماشـای ژیـانی کردبـێو لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە ئەگـەری خـراپ سـوود لێوەرگرتنـی بەرهەمـەکانی لەبـەرچاوگرتووە، هـەروەکو پاشـانیش بەتایبەتی لەساڵی ١٩٤٥دا زۆر لەڕۆشنبیرانی سەرسـام کـرد چونکـە لەچیرۆکـەکانیدا چـەند خـاڵێك باسـکرا

بوو کە تارادەیەکی زۆر لەکارە واقیعیو ترسناکەکانی پیاوەکانی گەشتا پۆ دەچوو لەئەڵمانیادا.

بەڵام هەموو ئەمانە لەگەورەیی کافکا کەم ناکاتەوە کە مرۆڤێکی باڵاو خاوەنی هەستێکی بەرزبوو سەبارەت بەژیانو بوون. ئەو پیاوەی کە لەگەڵ سەختیو دژواری زۆردا لەناو کۆمەڵدا ژیاو ئەدەبیاتی قەرزاری خۆی کرد. لەو بەرهەمانەی کە وەرگێڕدراون بۆ فارسی دەتوانین ئاماژە بۆ ئەمانە بکەین.

لەکەنیسەکەی ئێمە، دیواری چین، شمشێر، کۆشك، گریگۆسی راوچی، گروپی حوکمدراوەکان، مەسخ، میوانی مردوان، نامە بۆ باوکم، دادگا، پزیشکی گوند، قارەمانی برسێتی.

# پەراوێزەکان

١-ریلکە ڕاینەر ماریا Rilke Rainer Maria نووسەری نەمسایی (١٨٧٥-١٩٢٦).

٢-قوتابخانەی ئەدەبی پراگ Pragu Literature scool.

٣-گۆتە، یوهانو لفگانگ (١٧٤٩-١٨٣٢) نووسەرو زانای ئەڵمانی Goethe Johann Wolfgung.

٤-گوستاف فلوبیر (١٨٢١-١٨٨٠) ڕۆماننووسی فەرەنسی.

٥-کیرکیگارد، فەیلەسوفی ئەڵمانی Kierkegaard.

٦-دیمانت دورا Dora Dymant.

٧-برود ماکس ژیاننامەنووسی کافکا Maxو Brod.

٨-یاداشت دەربارەی کافکا لەلایەن (ماکس برود)ەوە (دادگا).

## سەرچاوە

١-فرهنگ ادبیات جهان خانلری، زهرا چاپ اول، تهران-خوارزمی.
٢-پیام کافکا هیدایت صادق تهران.
٣-یادداشت دەربارەی کافکا برود ماکس (محاکمە) تهران نیلوفر.
٤-دایره المعارف ادبی سعیدیان عبدالمحسین تهران علم و زندگی.
سەرچاوە: هفتەنامە (سیروان) ژمارە (٤٢) شوباتی ٢٠٠٠.